

# ژنان ٥٨

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

خەرمانانی١٤٠١


## ئازادی بۆ ژن بەختیاری بۆ کۆمەڵ



«قورسایی هەرە زۆری شۆڕشە مەزنەکەمان لەسەر شانی ژنانە»



هۆکاری زۆری تێکچوونی شیرازەی خێزان لە ئێستادا



ژنی پێشمەرگە و پێشمەرگەی ژن



کورتەیەک لەسەر دۆخی ژن لە کاروباری سیاسەت بەگشتی و لەم دەڤەرەدا بەتایبەتی





خرۆشان لە مەریوانەوە تا تاران

- فیمینزمیی ناسیۆنالیستی
- کتێبی «ڕەگەزی لاواز» لە وەرگێڕانی ژنێک کە دەیهەوێ بەهێز بێ
- کچێک بەمانای خۆرەتاو لەڕەگەزی باران
- کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبیی سوهەیلا مەیهەمی، شاعیر و نووسەر
- باسێک لە خۆراگرییەکانی سۆعدا خەدیرزادە
- ئازاری سێکسی بۆسەر منداڵ و پێشگیریکردنی


٥٨
ژنان
ئازادی بۆ ژن بەختیاری بۆ کۆمەڵ
Women
Democratic Women Union Of Kurdistan

# پێرستی بابەتەکان

| | |
|---|---|
| ل ٤ – | خەبات لە پێناو فێمینیسم ناسیۆنالیست دا |
| ل ٦– | ژنی پێشمەرگە و پێشمەرگەی ژن |
| ل ٨– | «قورسایی هەرە زۆری شۆڕشە مەزنەکەمان لەسەر شانی ژنانە» |
| ل ١٢– | کورتەیەک لەسەر دۆخی ژن لە کاروباری سیاسەت بەگشتی و لەم دەڤەرەدا بەتایبەتی |
| ل. ١٥– | کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمەکانی سارا تەلایی و تازەترین بەرهەمی ئەو نووسەر و هونەرمەندە |
| ل. ١٦– | کتێبی «ڕەگەزی لاواز» لە وەرگێڕانی ژنێک کە دەیهەوێ بەهێز بێ |
| ل.١٨– | هۆکاری زۆری تێکچوونی شیرازەی خێزان لە ئێستادا |
| ل. ٢١– | باسێک لە خۆڕاگرییەکانی سۆعدا خەدیرزادە |
| ل.٢٢– | خرۆشان لە مەریوانەوە تا تاران |
| ل. ٢٦– | بەشێک لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان |
| ل. ٢٨– | ئازاری سێکسی بۆسەر منداڵ و پێشگیریکردنی |
| ل. ٣٠– | ژنێک لەڕەگەزی میهرەبانی |
| ل. ٣٢– | کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبیی سوهەیلا مەیهەمی، شاعیر و نووسەر |
| ل. ٣٣– | ئازادی (شێعر) |
| ل. ٣٤– | من کچی ڕۆژهەڵاتم (شێعر) |
| ل. ٣٥– | کچێک بەمانای خۆرەتاو لەڕەگەزی باران |
| ل. ٣٦– | خوێندنەوەی ناوەندی ژنانی کوردستانی ئێران لەمەڕ خۆکوژی/ژنکوژی شلێر ڕەسووڵی |

## دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٥٨ی گۆڤاری ژنان
ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان

بۆ پێوەندی کردن
بە یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان:
y.jnan.dk.@gmail.com
009647518770093

دیزاینی گۆڤار:
نەسرین یوسفزادە
بەرگ:
پوویا پەریزاد



مۆژگان عەلیپوور

# خەبات لە پێناو فێمینیسم ناسیۆنالیست دا

مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژنان لە هەر وڵاتێک گرێدراوی هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووەی ئەو کۆمەڵگەیە کە تێیدا دەژی. لە ئێران دا کە پتر لە ١٠٠ ساڵە لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان دا، بووە و وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، مێژووی بزووتنەوی ژنان هەڵکشان و داکشانی زۆری هەبووە کە بەشی هەرە زۆری زۆر روون و شەفاف نییە.

نەتەوەی کوردیش کە خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژە لە داواکاری ماف و ویستەکانی و خەباتێکی نەپساوەی هەیە، لەگەڵ دەسەڵاتە سەرەڕۆییەکان ململانێی کردەوە بۆ ماف و ئازادییەکانی. بۆیە گیرۆدەی خەباتێکی زۆر سەخت و دژوار و بە

ژنان و کچان تەنیا ماوەیەکی کورتی لەو مێژوویە، لەسەردەمی دەسەڵاتی پەهلەووی دووهەم (محەممەد ڕەزا شا) دا، توانی مێژووی نوێ خۆی بەشێوەی ڕێکخراو تۆمار بکا و بۆ گەشە کردن لە کەش و هەوایەکی ئازاد دا، هەوڵ بدا. ئەو مێژوویە کەمتر لە دوو مانگ دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان لە پێتەختەکەی مەهاباد، لە ٢٤ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٥ی مارسی ١٩٤٦ی زایینی خوڵقا.

دروست بوونی حیزبی دێمۆکراتی ژنانی کوردستان، هاوتەریب لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٦ ی ئاگوستی ١٩٤٥ بە پاشخانێکی ٣ ساڵەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژێکاف) دامەزرابوو، پتر لە ١١ مانگ سەردەمێکی زێڕینی لە خەبات و تێکۆشان بۆ یەکسانی و ئازادی ڕەخسا. ژنان و کچان کە لەگەڵ کەند و کۆسپ و بەربەرستی زۆری، نەتەوایەتی، کۆمەڵاتەتیی، ڕەگەزی و ئایینی و... بەرەوڕوو بوون؛ لە بنەماڵەی بەرپرسانی هەرەسەرەووی کۆمار بەتایبەتی سەرکۆمار پێشەوا قازی محەممەد و پشتیوانی کران و دواتر پەرەی گرت.

دامەزراندنی قوتابخانە بۆ کچان ڕۆژانە و فێربوونی خوێندنی زمانی دایکی ئێواران و شەوانە و کۆبوونەوە لە چوارچێوەی حیزبی خۆیان دا، و پەرەپێدانی ئەو چالاکییانە بۆ شارەکانی بۆکان و شنۆ، بەشێکی گرینگن کە بە قەولی خانمی شەهەرزادی مجاب، لە پێشەکی کتێبی»ژنان و ناسیونالیزمی لە کۆماریی کوردستان» و تەرجەمە ئەحمەدی ئەسکەندەری، هەم سیمای کۆماریان مودرێرن کرد و هەم مەیدانی ناسیونالیزمی کوردیان بەرفراوانتر و خاوەندارتر کرد.

دوای ڕووخاندنی کۆماری کوردستان، حیزبی دێمۆکراتی ژنانی کوردستان یش، چالاکییەکانی بە ناوە چووە ئارشێڤی مێژووە. بەڵام تێکۆشانی ژنان و کچان لە فۆرمی جیاواز دا، بە شێوەی سیاسی و مەدەنیی بەپێی وەزعییەت و ڕووداوەکان درێژەی هەبوو، بەڵام هەتا ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆی محەممەد ڕەزا شای پەهلەوی، بەرەو بەرزایی دەچوو، ژنان و کچانی تێکۆشەر، و ئەمجار لە چوارچێوەی ڕێکخراوی ژنان دا، بە دەرکردنی گۆڤاری «هاواری ژنی کورد»، چالاکییەکانی خۆیان درێژە دا.

پتر لە دوو حەتوو دوای ٢٢ ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٧٩ ی زایینی، لە ڕۆژی ١١ ی ڕەشەممە دا، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کوردستان (ئێران)، تێکۆشانی ئاشکرای خۆی بە بەشداریی پتر لە ١٠٠ هەزار کەس لە ستادیۆمی وەرزیشی شاری مەهابادی پێتەختی کۆمار، ڕاگەیاند، کە کچان و ژنان هەم لە بەشداری بەرچاویان و هەم لە تداروکاتی میوانەکان، نەقشێکی زۆر گرینگیان گێڕا.

دوای ئەو کات لە بارودۆخێکی نوێ و زۆر جیاواز لە پێشوو دا، ژنان و کچان ئەمجار لەگەڵ ڕێژیمێکی نوێ بە ئیدئۆلۆژی ئیسلامی سیاسی شیعەی ویلایەتیی فەقیهی ڕووبەڕوو بوون، کە بەرەبەر دەستکەوتە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان و یاسا پەسند کراوە ئەرێنییەکانی کە لە ڕێژیمی شا دا، هاتبوونە ئاراوە، لە دەست دەچوون.

لەو هەلومەرجە نوێیە دا، کە جگە لە حیزبی دێمۆکرات، ڕێکخراوێکی دیکەی کوردی و ناکوردی چەپ و بەرانبەریی خوازی ژنان و پیاوان، کچان و کوڕانیان لە بەرنامە و هەڵسوکەوتەکانیان دا هەبوو، تێدەکۆشان. لە جیهانیش دا، بە تایبەتی پتر لە ١٠ ساڵ دوای تەواوبوونی شەڕی دوویەمی جیهانی و لە ١٩٦٠ وە، هاتنە ئارای چەند جۆر فێمینیزم کە خوێندەوەی یەکسانی خوازیی بۆ ژنان و پیاوان لە بەرنامە و چالاکییەکانی یان داهەبوو، ئەو دیاردەیەش کەم و زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەرنامەی حیزب و ڕێکخراوە تێکۆشەرەکانی دا ڕەنگی دایەوە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە یەکەم بەهاری ئازادی دا، کەوتە بەر هێرش و پەلاماریی نیزامی و تەبلیغاتی دەسەڵاتی نوێ، ڕێکخراوە سیاسیی و ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە ئاینیی و مەدەنیییەکان، لە یەکەمین ڕێفراندۆمی دروست کردنی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی دا، یانی دەنگ دان بە کۆماری ئیسلامی ئێران، بەشداریان نەکرد. جیاوازیی بیروڕا و هەڵسوکەوت لە کوردستان، لەگەڵ دەسەڵاتبەدەستانی قوم و تاران، و خوڵقانی وەزعییەتی بەرگری و بەرخۆدان دژی زێدەخوازی و هەنگاوەکانی ڕێژیم بۆ داگیرکردنی کوردستان، لە ماوەی پتر لە ٦ مانگ دوو شەڕی داسەپێندراوی بەداوە بوو، کە هێرشی سەرانسەری بۆ کوردستان بە فتوایەکی ڕووحوڵڵا خومەینی، یەکەم وەلی

فەقیە، بۆ ماوەی ٣ مانگ، کوردستان کەوتە قوناغی بەرگریی ڕەوای سەخت و پێشمەرگە بوو بە باسکی بەهێزی گەل.

ژنان و کچان لەو بارووذۆخە دا، پتر تەنیا وەک بەرگریکاریی مافی نەتەوەیی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دێمۆکڕات و چەپ، چ وەک پێشمەرگە و چ وەک خەباتکاری بوارەکانی دیکە هەڵسوکەوتیان دەکرد. مەسەلەی یەکسانی لەوکات دا، لە پەڕاوێز دابوو.

حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران کە دوای کونگرەی چوارەم بە هۆی بارودۆخی سیاسیی و خەباتی بەرگرییکارانە لە شارەکان بەناچار بەرەو گوندەکان و دواتر شاخ و پاشان پەڕیوەی باشووری کوردستان و تاراوگە بوو؛ ئەو حیزبە پشتیوانی بەردەوامی ڕێکخراوی ژنان بووە، لە شاخ ژنان و کچانی هان دەدا کە ڕێکخراوەی خۆیان بە بەرنامەیەکی تایبەت بۆ خەباتی مەدەنیی ژنان و هاوتەریب بە پێی توانا لە حیزبی دێمۆکڕاتیش دا، هەبێ.

لەم خولەی خەبات دا، کە پتر لە ٤٠ ساڵە درێژەی هەیە و یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕات وەک ڕێکخراوێکی تا رادەیەک سەربەخۆ، لەگەڵ دوو دیاردەکەی خەباتی نەوتەوەیی و خەباتی یەکسانخوازی، چ لەنێو ریزەکانی حیزب و دا و چ لەنێو ڕێکخراوی تایبەتی خۆی دا، هەڵسوکەوتی زۆر باش و فیداکارانەی ئەنجام داوە. هەردوو جۆری بۆ ئازادی بیروڕا و کردەوە بۆ ژنان چ لە خۆ پێگەیاندن و چ پەرەپێدانی ڕێکخراویی خۆیان و تەنانەت بە ئەندام بوونی پیاوان و کوڕان لە یەکیەتیی ژنانی نوێ دا، پتر لە پێشوو بە کردەوە لەگەڵ جۆرێک فێمێنسیم-ناسیونالیزمی کوردی تێکەڵاو بووە کە، وێڕای خەبات بۆ ئازادیی نەتەوەیی و وەدیهاتنی مافە پێشێلکراوەکانی کورد، خەبات بۆ یەکسانی و بەرانبەریی هاوتەریب ئەنجام داوە.

لەو بەشەی خەبات دا، ژنان و کچانی ڕیبەر، کادر و پێشمەرگەی زۆر باش و بەوەجیی لە هەردوو خەباتی نەتەویی و یەکسان خوازیی تێدا پەروەردە بووە کە، چ لە کوردستان لە هەردوو دیوی گەرمێن و کوێستان و لە تاراوگەش دا، گەشە و پێشکەوتنی زۆر بەرچاو هەیە. هەرچەند زۆرکەم بوار و ئیمکانات هەم بەهۆی باردۆخی سیاسیی و نەتەوەیی و هەم کۆمەڵایەتیی و کۆسپەکان، فێمێنیزم هاوتەریب لەگەڵ ناسیونالیزمیی بەرایی باش نەچووتە پێش؛ بەڵام بەرفراوان بوونی یەکیەتیی ژنان، کۆنفڕانس و کۆنگرەکانی و پەل هاویشتنی بەهێزی لە دەرەوەی وڵاتیش کە، بۆتە ئەندامی ڕێکخراوی ئینترناسیۆناسیت- سوسیالیست، کە لە هەردووک بواری ناسیۆنالیزم و فێمێنیزم دا، چالاکی ئەنجام دەدا.

بۆ وێنە دەتوانیین بە دوو سەرکردە و خەباتکاریی شێلگیری هەر دوو بەشی نەتەوەیی و فێمێنیستی، شەهیدان و نەمران سوهیلا قادری و مامۆستا نەسرین حەداد ئاماژە بکەین؛ کە لەو پێناوەدا، زەحمەتێکی زۆریان کێشا و لە پەروەردەکردنی خۆیان و ژنان و کچانی تێکۆشەر بە پێی توانا دریغیان نەکرد.

بەگشتی دەکرێ بگوترێ ژنان لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران کە ژنانێکی زۆربۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان، و ژیانێکی ئاسوودە تێیدا بەشداربوون، بەڵام بە پێچەوانەکەی ڕووی دا. لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و دانانی یاسا و ڕێساکانی لەسەر بنەمای شەریعەتیی ئیسلامی، مەزهەبیی شیعەی ١٢ ئیمامی، ماف و ئازادییەکانی ژنان زۆر زەود کران.

ژنانی کورد کە ئەزموونی بناغەیەکی هزری یەکسانخوازییان لە کۆردستان هەبوو، زۆر زوو سەنگەری تێکۆشانی خۆیان دیاریی کرد، کە بەشی زۆریان بزووتنەوە نەتەوەییەکەیان، بە ڕێگە چارە و پاڵپشت دەدیت؛ کە تێیدا دەرفەتی تێکۆشانی یەکسانخوازیی، وێڕای خەباتە نەتەوایەتییەکەی هەبوو.

لەو کاتەوە تێکۆشانی سیاسیی و مەدەنی ژنی کورد بە شێوەی سازمان دراو دەست پێدەکا،چەند دەیەی دوای ئەویش، دەرفەتی گەشەی پێویست بۆ ڕەوتی یەکسانخوازیی زۆر لاوازە. بەڵام لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کچان و ژنان لە دەرفەتە ڕەخساوەکان بە یارمەتی بنەماڵەکانیان زۆر باش پێگەیشتوون و لە بواری یەکسانیخوازیی و فێمێنیستی دا، گەشەی باشیان کردەوە.

کۆماریی ئیسلامی کە نەتەوەی کوردی هەمووکات، وەک مەترسیی بۆ سەر دەسەڵاتەکەی دیوە، ئاستی پێشێلکاریی و توندوتیژییەکانی زۆر زیاتر لە نەتەوەکانی تر ئەنجام داوە. بۆیە ژن و کچی کوردیش بۆ دەربازبوون لە ستەمەکان خەباتی لێکگرێدراوی نەتەوەیی و یەکسانخوازی هەڵبژاردووە کە ئەوەش لە تێکۆشانی ڕەوتە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگەدا بە نوێترین وێنەی ئەو هاوبەشیانە دەتوانێ بژمێردرێ. لەو ڕەوتە دا، پیاوان و ژنان، کچان و کوڕان پێکەوە و لە بازنییەکی هاوبەش دا، کۆدەکاتەوە.

وێنەی ئەو هاوبەشیی و هەوڵ و تێکۆشانانە لەو دوو ڕەوتە گرینگەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم دواییانە دا، هەڵگیرسانی شۆڕشێکی نوێیە کە هەوێن و چەخماغەکەی خوێنی گەشی بە ناحەق ڕژاوی ژینا (مهسا) ئەمینی یە. دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیاندراوێک دا بە پشتیوانی تێکۆشەرانی مەدەنیی لەنیوخۆی نیشتیمان دا، داخوازیی مانگرتنی لە گەلی کورد کرد.

ڕۆژی دووشەممۆ ٢٨ ی خەرمانانی ١٤٠١، سەرەتا مانگرتنی گشتیی و سەرانسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویدا و ئێوارەکەی نارەزایەتییەکان دەستیان پێکرد و لەسەرشەقام و کۆلانەکان ئەو قەتڵەیان مەحکووم کرد. دواتر نارەزایەتیی نیزیک بە تەواوی شارو شارۆچکەکانی ئێرانی گرتەوە و بوو بە هۆی یەکگرتویی، تا ڕادەیەک زۆری سەرانسەری، گەلانی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دا.

ئێستا ژینای کوردان و مەهسای ئێران و جیهان، بۆتە ڕەمز و هێمایەک بۆ هەموو نارەزایەتییە بەر بەرینەکان. بەو ئومێدەی کە ئەم شۆڕشە نوێیە کە دەکرێ بە «شۆڕشی ژینا» ناوی بەری، بە کەمترین تێچوو، سەرکەتوو بێ و تۆماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە لایەن گەلانی ئێران بە مێژوو بسپێردرێ.

# ژنی پێشمەرگە و پێشمەرگەی ژن



شلێر باپیری

**شێرکۆی نەمر دەڵێ: پێیان بڵێن:**
**بە جوندەکانی مردن و**
**پاسەوانانی حەشیشە و**
**بکوژانی باڵندەکانی مۆسیقا و**
**گوڵەکانی کاکۆڵی ژن،**
**پێیان بڵێن:**
**هەرچی شمشێری تاریکی کەمەرتانە، هەڵیکێشن**
**پاشەکشە بە تیشکێکی گزنگ ناکەن!**

هەشتی سێپتامبەری ئەمساڵ ٢٠٢٢ چوار ساڵ بەسەر کارەساتی حەڤدەی خەرمانان‌دا تێدەپەڕێت. یادێکی لەبیرنەکراوە لە پۆلێک شەهیدی سورخەڵاتی گەلەکەمان.

لە یادی چوار ساڵەی شەهیدانی خەرماناندا دەمهەوێ یادێک لە دوو کەسی بلیمەتی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان بکەم و لەبارەیان بدوێم. ئەم دوو ژنە مامۆستا نەسرین حەداد و سوهەیلا قادرین. دوو کەس کە هەڵکەوتووی نێو ڕیزەکانی حیزب و مایەی شانازی نەتەوەیەکن. لەمە دژوارتر ئەوەیە ئەم دوو کەسە دوو ژنی مافخواز بن لەناو نەتەوەیەکدا کە دەردی نێروەجاغی بەرۆکی گرتووە و خەڵکەکەی خەباتێکی خوێناوی هەبووە و هەیە. بەدەگمەن دەرفەتی ئەوە بە ژن دراوە لەنێو ئەم خەباتەدا بگاتە ترۆپکی چالاکی و ئەگەریش دەرفەتێک ڕەخسابێ ئەوە زیاتر بۆ دیکۆری سیاسیی دەسەڵاتی پیاوان بووە.

> **”ئەم دوو ژنە مامۆستا نەسرین حەداد و سوهەیلا قادرین. دوو کەس کە هەڵکەوتووی نێو ڕیزەکانی حیزب و مایەی شانازی نەتەوەیەکن. لەمە دژوارتر ئەوەیە ئەم دوو کەسە دوو ژنی مافخواز بن لەناو نەتەوەیەکدا کە دەردی نێروەجاغی بەرۆکی گرتووە“**

دەمەوێت وتارەکەم لە ژێر سەردێری «ژنی پێشمەرگە و پێشمەرگەی ژن» دەست پێبکەم.

لە چل ساڵی دوایی مێژووی حیزبی دێموکراتدا دیاردەیەکی ژێندەری بە خەباتی ئەو حیزبەوە زیاد بووە بەناوی «ژنی پێشمەرگە».

ژنی پێشمەرگە واتە ئەو ژنانەی وەک ئەندامی بنەماڵەیەکی پێشمەرگە لە شۆڕشی کوردستاندا بەشداربوون کە تێیدا ئەرکی ژن زیاتر خێزانداری بووە نەک خەباتکاری. هاوکات لەگەڵ «ژنی پێشمەرگە» کاراکتەرێکی دیکەی هەیە بەناوی «پێشمەرگەی ژن» کە مێژوویەکی کورتتری هەیە. پێشمەرگەی ژن واتای ئەو ژنانەی وەک پێشمەرگە لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتدا لە شۆڕشی کوردستاندا بەشداریان کردووە و ئەرکی ئەمانە خزمەتی شۆڕش بووە نەک شۆڕشگێڕ بوون.

لەسەر بەشی یەکەمی ژنان واتا ژنی پێشمەرگە دەتوانین بڵێین زۆر بەکەمی باس لەسەر ڕۆڵی ئەو چینە لەنێو شۆڕشدا کراوە، تەنانەت لە مێژووی نووسراوی حیزبدا کەمترین باسیان لێکراوە. ئەوانە ژنانێکن کە بنەماڵەی پێشمەرگە پێک دێنن. ئەم ژنانە لەگەڵ هەموو کەند و کۆسپەکانی ناو شۆڕشدا بەشدارن و ژیانی ئەوان لەژێر سێبەری خەم و قەیرانەکانی ناو شۆڕشدایە. ئەم ژنانە زیاتر لە پیاوان دەرد و مەینەتی شۆڕشیان چێشتووە و کەمتر لە پیاوان باسیان کراوە.

بۆ وێنە تۆ لە شۆڕشدا لەگەڵ بابەتێک بە ناو ژنی شەهید بەرەوڕووی. کەم نین ئەو ژنانەی کە لە تەمەنی زۆر گەنجێتیدا خۆشەویستەکەیان شەهید بووە و ژیانیان لێ تێکچووە. یان شۆڕشی کوردستان لە چل ساڵی ڕابردوودا ناچار بووە قۆناغ بە قۆناغ بارگەوبنەی بگوازێتەوە کە هەرکام لەو مەنزڵ گواستنەوانە لەلای ژنی پێشمەرگە بە مانای تێکچوونی ژیانی بنەماڵەکەی و هەر خۆی هێمەتی بنیادنانەوەی ژیانێکی دیکە بووە.

لێرەدا وەکوو دەبینین بەشی قورسی خەمی بنەماڵەی پێشمەرگەیەک دەکەوێتە سەرئەستۆی ژنی ئەو پێشمەرگەیە. ئەو ژنە پێشمەرگەیە ڕەنگە ناچار بێت سەرەرای ئەوەی کە بنەماڵە بپارێزێت هەم خەونەکانیشی لە بواری خۆش بژێویدا زۆر کەم و کورت بکاتەوە هەمیش بەردەوام لەو دڵەڕاوکێیەدا بژیت کە ڕەنگە لەناکاو هەواڵی مەرگی هاوژینەکەی بێتەوە و بەیەگجاری ژیانی لێ بشێوێت. هاوکێشەیەک لێرەدا دەبینین کە ژیانی ژنی پێشمەرگە بەردەوام لەژێر کاریگەریی خەبات و شۆڕشدا بووە.

لەم باسە تێدەپەڕین و دەچینە باسی پێشمەرگەی ژن. پێشمەرگەی ژن ئەو کچەیە کە خەمی نیشتمان و باوەڕی نەتەوەیی دەیهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی ڕاستەوخۆ لە شۆڕشدا بەشداری بکات. لێرەدا هەستی وڵاتپارێزیی ژن پێشەنگە و خەباتێگرێک بەناوی پێشمەرگەی ژنی لێدەکەوێتەوە. پێشمەرگەی ژن لەنێو شۆڕشی ڕۆژهەڵاتدا چەند قەیرانی لەبەر دەمە.

یەکەم: کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە و دەرفەتی بەشداری ژنان لە بزاڤە کۆمەڵایەتیەکاندا زۆر کەمە. تەنانەت هۆیەکانی پەیوەست بوونی ژن بە شۆڕش سنووردار دەکرێن، بەشێوەیەک کە نامۆیە ئەگەر کچێک زانکۆ و خوێندن یان باوک و برای جێبهێڵێ و ڕوو لە شۆڕش بکا.

دووهەم: خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتێکی خوێناوییە و بەپێی هێندێک سەرچاوە لە چل ساڵی ڕابردوودا ١٣٤



پێشمەرگەی ژن لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە لەسێدارە دراون. خوێناوی بوون و پڕ تێچووی خەباتەکە وادەکات کە دەرفەتی بەشداری ژنان لەو خەباتە کەمتر بێت.

سێیەم: پێکهاتەی حیزبە کوردییەکان. هەرچەند لەڕووی یاساییەوە پێکهاتەیەکی نێروەجاغانە نەبێ، لەڕووی ڕێساییەوە پێکهاتەیەکی نێروەجاغییە و ئەوەش کۆسپێکە بۆ بەشداری زیاتری ژنان لە شۆڕشدا. واتە ئەوەندەی زەحمەتە ژن تا بەربەستەکانی کۆمەڵگەی تێپەڕ بکا، دوو هێندە سەختە بتوانێ لە شۆڕشدا شوێنی شایستەی خۆی وەربگرێ.

ئەم سێ هۆکارەی لەسەرەوە باسمان کرد لانیکەمی کۆسپەکانی پێشمەرگەی ژن لە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە، کە بێگومان دەیان کێشەی تر بەرۆکی ئەمجۆرە ژنانە دەگرێتەوە.

**"پێشمەرگەی ژن ئەو کچەیە کە خەمی نیشتمان و باوەڕی نەتەوەیی دەیهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی ڕاستەوخۆ لە شۆڕشدا بەشداری بکات. لێرەدا هەستی وڵاتپارێزیی ژن پێشەنگە و خەباتێگڕێک بەناوی پێشمەرگەی ژنی لێدەکەوێتەوە"**

ئێستا ئەگەر بمانەوێ لەسەر ئەم دوو بنەمایە بڕوانینە ژیانی شەهیدان مامۆستا نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری لەڕاستیدا ئەم دوو خاتوونە هەم پێشمەرگەی ژن بوون و هەم ژنە پێشمەرگە. ئەوان بەهەردوو قۆناخی سەختی باسەکەماندا تێپەڕیون. سەرەتا وەک پێشمەرگەیەک بەشداری لە شۆڕشدا دەکەن و لەبواری فێرکاری و ڕۆژنامەنووسیدا دوو ئەندامی چالاکی حیزبی دێموکرات بوون. ئەرکی ڕۆژانەی خەباتیان لەسەر شان بووە. دواتر هەر لەم شۆڕشەدا ئەوان ژیانی هاوبەش پێکدێنن و پاش ئەوە دەبنە ژنی پێشمەرگە. کە باشتر وایە لێرەدا بەو بنەماڵانە بڵێین بنەماڵەی پێشمەرگە بەو واتایەی کە هەم ژن و هەم پیاوەکە پێشمەرگەن.

نەسرین و سوهەیلا ژنانێکن کە دەبێ پێشمەرگەیەک بلاوێننەوە، هاوکات پێشمەرگەیەکن کە دەبێ ئەرکی پێراسپێردراوی شۆڕش بەرێوەبەرن. ئەمە سەڕەرای ئەوەیە کە هەردووکیان دایکێکن کە دەبێ منداڵ پەروەردە بکەن، واتە سێ کەسایەتی لە یەک کەسایەتیدا. ئەم دیاردەیە لەنێو حیزبی دێموکراتدا لەڕووی ژمارەوە زۆر نابینرێ. هەر ئەوەشە تایبەتمەندییەکی دیکە بەو شەهیدانە دەبەخشێت. ئەو شەهیدانە نموونەن بۆ فیداکاری لە هەموو ئاستەکانی ژیاندا، ئەوانەی دەکرێ مامۆستای ژنانی کۆمەڵی کوردی بن.

دەکرێت بڵێین باسکردن لەسەر باری ژیانی شەهیدان نەسرین حەداد و سوهەیلای قادری دەتوانێت ڕەهەندی نوێ بێت لەسەر خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەرچاوڕوانییەکی زیاتر بێت لە پەیوەندی نێوان ژن و شۆڕشدا.

چاوەڕوان دەکرێت چالاکانی ژنان لەم بوارەدا زیاتر کار لەسەر ئەم ڕەهەندە نوێیە بکەن، ژنانی کورد دڵنیا بن لەوەی هیوا و توانای سەرکەوتنی ژن لە خەباتی حیزبی دیموکراتدا هەیە و پۆتانسیەلی زۆر لەوە زیاترە کە تا ئێستە لێی بینراوە.

**شەهیدی ژن، دایکی هەموو شەهیدانە**
**ژنی شەهید، یادگاریی شەهیدانە**

# «قورسایی هەرە زۆری شۆڕشە مەزنەکەمان لەسەر شانی ژنانە»



عەلی فەتحی

ئەمساڵ ٢٦ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی، سی ساڵ بەسەر تیرۆکرانی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا تێپەڕدەبێ. ئەو تیرۆرە ناسراوە بە تیرۆری میکۆنۆس و ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ بەرابەر بە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی زایینی لە ڕێستۆرانێکی یونانی لە شاری بێرلینی ئاڵمان، بەدەست تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەئەنجامگەیی.

خەسارێکی گەورە بوو بۆ جوڵانەوەی کورد بەگشتی و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی. چونکە دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، بە لەدەستچوونی دوکتور شەڕەفکەندی، برینی ئازادیخوازیی قوڵتر و قوڵتر بوو و ئێستاشی لەگەڵ بێ ساڕێژ نەبووەتەوە. ئەگەر جوڵانەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو تیرۆرە ڕێبەرێکی لەدەستدا، لە هەمان کاتدا داکۆکیکارێکی نەسرەوتووی جوڵانەوەی مافخوازی و یەکسانیخوازیشی خەڵتانی خوێنکرا.

ئەمڕۆ کە ساڵڕۆژی یادکردنەوەی سی ساڵەی شەهیدانی بێرلینە، منیش دەخوازم ڕاوبۆچوونەکانی دوکتور شەڕەفکەندی لەسەر گرفتی یەکسانیخوازی و مافەکانی ژن لە توێی بابەتێکدا بخەمە بەرباس. دوکتور شەرەفکەندی یا باشترە بڵێم کاک سەعیدی نێو شۆڕش و ڕیزەکانی حیزب، کەسایەتییەکی نەتەوەیی بەتەواو مانا بوو. مافخوازیی نەتەوەیی وەکوو ئایدیۆلۆژی خستبووە نێو قالب و دیسیپلینی حیزبی و لەو چوارچێوەیەدا بە ئاشکرا بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕی و بە کرداریش هەوڵی سەرکەوتنی بۆ دەدا. ئەو ساڵانێکی زۆر وەکوو ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە بەشی ڕاگەیاندنی حیزبدا چالاک بوو و کەم ڕۆژ هەبوو بابەتێک بۆ "ڕۆژنامەی کوردستان" یا "ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران" نەنووسێ یا ئەگەریش لە دەرەوەی وڵاتبووایە وتووێژێکی پێکنەهێنابا.

بە خوێندنەوەی وتووێژ و بابەتەکانی نێو ئارشیوەکان، کاک سەعید پتر لەهەر گرفتێک دەپڕژێتە سەر "گەلیبوون"ی جوڵانەوەی کورد. ناوبراو لە وتارێکی کە لە ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەزبەری ١٣٦٥ی هەتاوی لە ڕادیۆدەنگی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، ڕاشکاوانە لەسەر جەماوەریبوونی جوڵانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدوێ و دەڵێ: "جوڵانەوەی کوردستان جوڵانەوەی تاقمێک یان چین و توێژێکی تایبەت بۆ داخوازییەکی تایبەت نییە. ئەم جوڵانەوەیە بۆ ئازادی، بۆ ڕزگاریی لە ژێردەستی و بۆ گەیشتن بە سەرەتاییترین مافی ئینسانییە." بەڕێزیان هەر لەو سیلەیەشڕا سەرەتا جولانەوەکە لە سەرهەڵدانێکی خێڵەکی و عەشیرەتی جیادەکاتەوە کە پتر لە سەدەی نۆزدەدا باوبووە. ئەوجار حیزبێکی سیاسیی ئەرکدار دەکا لە بەرامبەر داخوازییەکانی کورد و لە کۆتاییشدا ڕێبەرایەتی حیزبێک دەکاتە بەرپرسیار. هەروەها جیاوازییەکی قووڵیش لەبەینی ڕێبەرایەتیی حیزبی و سەرکردایەتیی خێڵەکی دەستنیشان دەکا و لە وتارێکیدا بەڕێکەوتی ١١ی سەرماوەزی ١٣٦٥ی هەتاوی بۆ ڕادیۆ کوردستان دەنووسێ :" ئەم جیاوازییە لە زۆر شتدایە کە بەبێ شک گرینگترینیان بۆچوون و تێگەیشتن لە جەوهەر و نێوەرۆکی هێزە. بۆچوونی خێڵەکی و عەشیرەتی هەمیشە ئەوەیە کە هێز بریتییە لە پوڵ و چەک ! هەربۆیە فکر و زکریان، کە لە ڕاستیدا ئاخرەکەی دەبێتە مەبەست و ئامانج، پەیداکردنی هەرچی زۆرتری چەک و پارەیە. لە حاڵێکدا لە بۆچوونی حیزبی سیاسیدا هێز لە خەڵکەوەڕا دێت، یان بە وتەیەکی ڕوونتر هێز بریتییە لە هێزی خەڵک. لەو بۆچوونەدا چەک و پارە عامیلی ئەساسی نین، بەڵکوو وەسیلەن لەدەست خەڵکدا..." کاک سەعید لە درێژەی وتارەکانیدا کە پتر دەپڕژێتە سەر ڕوخساری ئازادیخوازانەی جوڵانەوەی گەلیی، لە هەمان کاتیشدا هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردەواری ئەرکدار دەکا کە بەشداری لەو جوڵانەوەیەدا بکەن و دەڵێ ئازادیخوازی ئەرکی هەموو کەس، یا هەرکەسێکە کە چووکترین هەستی ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری هەبێ. بێلایەنی پەسند ناکا و بە دیاردەیەکی بێزراوی دادەنێ. بە خوێندنەوەی بۆچوونەکانی جەنابیان، بەرەبەرە دەبینین کە جیا لە جەماوەری بوونی خەبات و سەرکردایەتیکردنی لەلایەن حیزبێکی سیاسییەوە، کۆمەڵێک ئەرکی دیکەش وەکوو داکۆکیکاری لە مافی تاک و ڕێزگرتن لە سەروەری مرۆڤەکان و بەتایبەت باوەڕمەندبوون بە مافی یەکسانی ژن و پیاو دێنێتە بەرباس. ئەو دواتر لە قسەکانیدا دیمۆکراسی و نەزمیش وەکوو دوو شتی جیا لە هەڤدوو نابینێ و دروست بەپێچەوانەوە دەڵێ تەواوکەری یەکترن. ناوبراو دژی ئەو بۆچوونەیە کە دیمۆکراسی و ئازادی هەرج و مەرج دەخوڵقێنن. بە شیکردنەوەیەکی تێروتەسەل پڕژاوەتە سەر ئەو بابەتەش و لە وتاری ڕێکەوتی ٩ی بەفرانباری ١٣٦٥دا دەنووسێ: دیمۆکراسی بەهیچ جۆر مانای تێکەڵپێکەڵی و کەس بە کەسی نییە. بەپێچەوانە دیمۆکراسی ڕاستەقینە و نەزم و ڕێکوپێکی دوو شتن کە بەتەواوی پێکەوە بەستراونەوە. چونکە ئەگەر دیمۆکراسی بەو مانایە بگرین کە هەموو کەس خۆی لە نەزمی مەوجووددا بە بەشدار بزانێ، دیارە ڕێزدانان بۆ ئەو نەزمەش دەبێتە ئەرکی هاوبەشی هەموو کەس. بە وتەیەکی دیکە، ئەگەر لە کۆمەڵێکدا هەموو ئەندامان بڕوایان بەوە هێنابێ کە هەرکامەی ئەرکێکیان لەسەر شانە و پێویستە بۆ ڕاگرتن و گەشەپێدانی



کۆمەڵەکەیان ئەو ئەرکە بەجوانی بەڕێوە بەرن، ئەوە دەبێتە لەبەرچاوگرتنی نەزم و دیسیپلین لە کۆمەڵێکی دیموکراتیدا...

کاک سەعید لە کۆی باسەکانیدا بە شێوەی سیستماتیک هەنگاو دەنێ و دەخوازێ بەگژ مەترسیدارترین دیاردەی سەردەمدا بچێتەوە کە دەسەڵاتدارییەتی ئاخووندەکانە. ئەو تەواو بۆی دەرکەوتووە سەرەڕای بوونی قانوونێکی نووسراو لە وڵاتی ئێران، خەڵک بۆی نییە پەیڕەوی لە هیچ یاسا و ڕێسایەک بکا، جیا لەوەی ویلایەتی فەقیهی دەیڵێ و لەسەرووی هەمووشیاندا ئەوەی حەز و مەیلی خومەینی ئیمامەکەیانە. ئەو ئیمامەی لەمەر مافی مرۆڤ و تاکەکان لە کتێبە ناسراوەکەیدا بە ناوی " توضیح المسائل " چەندە وەحشییانە دواوە و تەنانەت بەزەیی بە منداڵی سەر پشتی لانکیشدا نەهاتووە و ژنیش بەلای ئەوەوە چۆن بە سووکی سەیرکراوە. دوکتور شەرەفکەندی وەختێک دێتە سەر باسی قانوونی ئەساسی ئێران و هەوڵدەدا بەڵکوو لەنێو یاسا نووسراوەکاندا کۆمەڵە مافێک بدۆزێتەوە، هەرچەند لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئاخووندەوە هیچ بایخێکیان نەبێ، بەو حاڵەش ڕووناکییەک بەدی‌ناکا و لە وتاری ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٧یدا دەڵێ: " بە وتەیەکی ڕوونتر، لە ڕێژیمی ئێستای ئێراندا، دیارە بەڕواڵەت قانوونێکی ئەساسیی هەیە کە چوارچێوەی قانوونیی بۆ بەڕێوەچوونی کاروباری وڵات دیاری‌دەکا و بەپێی قاعیدە هیچکارێک و هیچ قانوون و بڕیارێک نابێ لەو چوارچێوەیە دەربچێ. بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێژیم ڕێژیمێکی مەزهەبی‌یە و هەموو قسە و ئیدیعای ئەوەیە کە کاروباری وڵات دەبێ لە چوارچێوەی قانوون و ڕێوڕەسمی ئیسلامدا بێ و بەس. لە ئاکامدا شارەزا و پسپۆری قانوونی ئەساسیی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران هەر ئاخووندەکان خۆیانن و هەرکام لەوانیش دەتوانێ بە تێگەیشتنی خۆی ئەو قانوونە لێکبداتەوە و نەزەری تایبەتی لەسەر بدا، بە واتایەک قانوونی ئەساسیی وڵات واتە نەزەر و بڕیاری ئاخوندەکان " .

بۆوەی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا هەست بە ئەمنییەت و ئاسایش بکەن و مافیان پارێزراو بێ، پێویستە سیستەمێکی دادپەروەر لەگۆڕێدا بێ. لە سەدەی بیست بەولاوە، پتر بایخ بە جمهوورییەت دراوە و سیستەمی مۆنارشی و تۆتالیتەر وەلانراوە. بۆ ئێرانی بەڵالێدراو، دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری جمهووری، دیسان خەڵکە ماڵوێرانەکە خێرێکیان لەو جمهوورییەتەش نەدی. چونکە ئەوەی دامەزرا هەر ناوی جمهووری بوو و لەڕاستیدا "ولی فەقیە" لەجیات تاجی پاشایەتی، حەمامەی لەسەر بوو و هیچی‌تر. بە هاتنەسەر دەسەڵاتی ئاخووندەکان شەڕ و ماڵوێرانی ڕووی لە خەڵک کرد و نیوەی کومەڵ واتە ژنەکان کەوتنە بەر شمشێری "امر بە معروف و نهی از منکر". ئەوەش لەبەرچی؟ دوکتور شەرەفکەندی هەر لە هەمان وتاردا وڵامدەداتەوە و دەنووسێ: "هەروەک گوتمان هەر ئاخووندێک بە گوێرەی مەقام و وەزعی تایبەتی خۆی دانەر و بەڕێوەبەری قانوونە و لە واقیعدا بە ئەندازەی ئاخووندەکان لەم وڵاتەدا قانوون هەیە. هەر بۆیە چ قانوونی ئەساسی ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ و چ وەک خۆی بمێنێ، بەکردەوە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو و کاریگەر لەو وەزعە شپرزە و بێسەرە و بەرەیەدا پێکنایە. ئەو ڕێژیمە بە هیچ جۆر ڕێژیمێکی جمهووری نییە و عینوانی کۆمار یا "جمهوری" بۆ ئەو بێ‌مانایە. ئیختیار و دەسەڵات لەدەست "ولی‌فقیە"دایە و ئەویش لەلایەن خەڵکەوە دیاری‌ناکرێ و خۆیشی خۆی بە هەڵبژاردەی خەڵک نازانێ... "

کە باس لە ماف و یاسا و جمهورییەت و ئەرزیشە ئینسانییەکان دەکرێ، دەبێ هەندێ خاڵ وەک بنەما لە قانوونی ئەساسیی هەر وڵاتێکدا هەبن و ڕەچاوبکرێن. وەک پێشتر گوتمان، شتێ بەناوی قانوونی ئەساسیی لە ئێراندا هەیە

کە لەلایەن ئاخوندەکانەوە نووسراوە، لێ مەخابن لەجیات وەبەرچاوگرتنی ماف و کەرامەتی ئینسانی هەر تاکێکی کۆمەڵگا و بەتایبەت ژنان، بەو جۆرە داڕێژراوە کە دوکتور شەرەفکەندی بەجوانی هێناویەتە بەرباس: " دەبێ دەستی دز ببڕدرێ، یان ژن و پیاوی خەتاکار حەددیان لێبدرێ و ڕجم بکرێن، یان ژنان دەبێ لەژێر حیجابدا بن و خۆیان باش لە چاوی مەحرەمان داپۆشن و هەروەها لەباری "ارث"بردن و شایەدی‌دان لە کاتی قەزاوەتدا وەک پیاوان حیسابیان لەسەر نەکرێ... ". ئیدی وەک دەگوترێ، لێرەدا خوێنەر خۆی پێویستە لێکیبداتەوە کام یاسا حاکمە! ئاخوندەکان بە کێشەی حیجاب ئەوە چل ساڵە خەڵکیان سەرقاڵ کردووە و تەنانەت بووەتە گاڵتەجارییەک بۆ وەفدە بیانی‌یەکانیش کە بەفەرمی سەردانی ئێران دەکەن. کاک سەعید سەردەمی خۆی لەو بارەوە قۆڵی لێهەڵماڵیوە و بە وتارەکانی لە دەنگی کوردستانی ئێران، بەردەوام بەگژ درۆ و دەلەسەکانی کۆماری ئیسلامیدا چووەتەوە و ڕەفسەنجانی وەدرۆخستووەتەوە. بۆ وێنە لە وتاری ٨ی مانگی گەلاوێژی ١٣٦٣دا نووسیویەتی: "ڕەفسەنجانی دەڵێ: حیجاب بەپێی فتوای هەموو فەقیهەکان و عالمانی دینی پێویستە. ئەوەش درۆیەکی گەورەی دیکە! چونکە ئەو هەموو وڵاتە ئیسلامی‌یە بە چەندین سەد میلیۆن حەشیمەتەوە لە دنیادا هەن و فەقیهەکانی ئەو وڵاتانە هیچ فتوایەکی ئەوتۆیان نەداوە. ڕەفسەنجانی زۆر فێڵبازانە و بێئابڕوویانە دەنگ هەڵدێنێ و دەڵێ: ئێمە ئیجازە نادەین لە کووچە و کۆڵان و خیاباناندا وەزعێک بێتە پێش کە ببێتە هۆی گوناح بۆ منداڵی موسوڵمانان. خیابان و پارک و ڕێگای هاتوچۆ دەبێ ئەمین بن.... ڕەفسەنجانی لەو قسانەدا دوو ڕاستی دەردەخا. یەکەم ئەوە کە منداڵە موسوڵمانەکانی ئەو تەنانەت پاش پێنج ساڵ مەغزشۆری و تەربییەتی ویلایەتی فەقیهی، دیسانیش هەر چاویان بە هێندێک مووی سەری ژنێک بکەوێ کە لەژێر ڕووسەریدا هاتۆتەدەر، فەوری تووشی گوناح دەبن و بەمجۆرە بێئەسەری تەربییەتی ویلاتی فەقیهی دەردەکەوێ. دووهەم: هەر ئەوە کە ژنان توند خۆیان دانەپۆشن و چادرەکانیان توند لە خۆوە نەپێچن و بۆ نموونە کەوشێک لەپێبکەن کە نووکی قامکەکانیان وەدەردەخا، ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە مەترسی‌یەوە، نیشان‌دەدا کە پایەی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی چەند سست و لەرزۆکە ... "

ڕۆژی ١٧ی ڕەشەمە وەک ڕۆژی جیهانی ژن، یەکەمجار ساڵی ١٩١٠ی زایینی دیاریکرا، واتە ١١٢ ساڵ لەوە پێش. ئەوە پێشنیازی "کلارا زتکین"، شێرەژنی ئاڵمانی لە دووهەمین کۆنگرەی ژنانی سۆسیالیست لە کۆپێنهاگی پێتەختی دانمارک بوو. لەو کاتەوە مافە سیاسی‌یەکانی ژنان بەرەبەرە هاتنەگۆڕێ. وەرگرتنی مافی دەنگدان هەنگاوێکی بەوەج بوو و ژنان ڕۆژ بە ڕۆژ پتر شانبەشانی پیاوان هەنگاویان نا و مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانیان دەستەبەرکرد. کاک سەعید لە درێژەی وتارەکانیدا سەبارەت بە جوڵانەوەی نەتەوەیی و مافخوازی و هەڵسەنگاندنی جیاوازییەکانی نێوان شۆڕشێکی جەماوەری و خێڵەکی و هەروەها ساختاری حوکمڕانی و قانوونی ئەساسیی و سیاسەتە دژی مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ مافی مرۆڤ و بەتایبەتی ژنان ، بەوردی پڕژاوەتە سەر کێشەی بێمافی ژنانیش لە کۆمەڵگەی ئێراندا و لە توێی بابەتێکدا لەسەری دەدوێ و پێیوایە:

" ئەگەر ڕێزگرتن لە ڕۆژی ژن ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا وەک جێژنێک و ڕەسمێک چاوی‌لێدەکرێ، بۆ وڵاتانی پاشکەوتووی وەک ئێران، بەتایبەتی ئێرانی ئاخوندی و بۆ کۆمەڵی کوردەواریی خۆمان وەک ئەرکێکی گەورە و بەشێکی گرینگ لە خەبات و تێکۆشان دژی پاشکەوتوویی دەبێ بەحیساب بێ. لە ئێراندا هەموومان دەزانین کە ژنانی خەباتگێڕ و ئازادیخواز وێڕای خەباتگێڕانی پیاو لە بەربەرەکانی دژی ڕژێمی سەرەڕۆی شادا بەشدارییەکی چالاکانەیان هەبووە، زۆر شێرە ژنی شۆڕشگێڕ شەهیدکران و زۆری دیکەش لە زیندانەکانی ساواکدا ئەشکەنجەدران. لە جەرەیانی شۆڕشی بێوێنەی گەلانی ئێران بە دژی ڕژێمی پاشایەتی و لە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە مەزنەدا ژنانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی چ خوێندەوار و خوێندکار و چ ئەوانەی لەنێو ماڵدا ژیانی بنەماڵەیان بەڕێوە دەبرد بەڕاستی نەخشێکی بەرچاو و تێکۆشەرانەیان هەبوو و دەورێکی کاریگەریان گێڕا. بەڵام پاش هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئاخوندی، ژنانی ئێران بە گشتی بەسەر دوو دەستەدا بەشبوون. دەستەی یەکەم ئەوانەن کە لە ڕیزی سازمانە سیاسی‌یە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکاندا بۆ ئازادی خەبات دەکەن و نیشانیان داوە کە لەم ڕێگایەدا لە هەموو مەیدانەکانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا لە هیچ پیاوێکی خەباتگێڕ کەمتر و کارلێنەهاتووتر نین. دەستەی دووهەمیش کە زۆربەی ژنانی وڵات دەگرێتەوە، ئەوانەن کە لەنێو وڵاتدا بە توندی کەوتوونە ژێر فشار و تێرۆری دێوەزمەی ڕەشی حکوومەتی ئاخوندی و بێجگە لەو زوڵمەی کە وەک هەموو خەڵکی ژێردەستەی ئێران لێیان‌دەکرێ، وەک ژنیش زوڵمێکی تایبەتیان لێدەکرێ بە جۆرێک کە تەنانەت ئەوەندە مافە کەمەی کە لە زەمانی شاشدا وەریانگرتبوو، لێیان وەرگیراوەتەوە و ئێستا لە هەموو مافێکی ئینسانی بێبەشن... "

ئەوەی ڕاستی بێ، چەوسانەوەی ژنان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی یاسا و ڕێسا ئایینی‌یەکانی دەستکردی ئاخوندەکان لە ماوەی چوار دەیەی دوایی مێژووی ئێران نەک شتێکی شاراوە نییە، بەڵکوو وای‌لێهاتووە کە ئاخوندەکان بە ئاشکرا باسی‌دەکەن. ئەگەر کاک سەعیدی شەهید لە وتارێکیدا کە ڕۆژی ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٦٣ی هەتاوی لە ڕادیۆ بڵاوی کردووەتەوە و باسی دۆخی نالەباری ژنان دەکا، ٣٨ ساڵ دوای ئەو بابەتە دیسان سەیری کۆمەڵگەی ئێران بکەین، دەبینین ئەو دۆخە نەک هەر باشتر نەبووە، بەڵکوو کۆماری ئیسلامی لە ترسی سەرهەڵدانی ژنان و گەشەی جوڵانەوەی مافخوازییان، زەختی زۆرتر کردووە و دڕندانەتر لە پێشوو لەگەڵ ئەو توێژە دەجووڵێتەوە. دوکتور ئەو سەردەم دەڵێ: "کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ خۆشیان پێشێلکردنی مافی ژنان نەک هەر ناشارنەوە، بەڵکوو شانازیشی پێوە دەکەن و بە عەینی دەستووراتی ئیسلامی دەزانن، تا ئەو جێگایە کە نوێنەری مەجلیس بە ئاشکرا پیاوان هان‌دەدا سێ ژن و چوار ژن بێنن و لەنێو ماڵدا وەک دیل ڕایانبگرن. هەروەها بەپێی فتوای خومەینی کە مەسەلەی "صیغە" واتە ڕاگرتنی ژن بۆ ماوەیەکی کاتی کە مومکینە زۆر کورتیش بێ، مەنعی قانوونیی نییە. واتە کڕین و فرۆشتنی ژن وەک کۆیلە یان



وەک کاڵایەک کڕین و فرۆشتنی بکرێ بە قانوونی! ..... "

هەنووکە دیسان، بە سەیرکردنی ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان، ئەوەی ڕوون و ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ، ئەوەیە کە ئەو ڕژێمە بەو مەجلیس و یاسا و نێوەرۆکە کە هەیەتی، لەباری دابینکردنی مافی ڕاستەقینەی ژنانەوە نابێ چاوەڕوانی هیچ هەڵوێستێکی پێشکەوتووانەی لێبکرێت و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دارماوتر لەگەڵ گرفتی ژنان دەجوڵێتەوە. تا ئەو جێگایەی کە لەو دواییانەدا جیا لەوەی "صیغە"یان کردووەتە ئەرکێکی ئیسلامی، پرۆپاگەندە بۆ ژنەکانیش دەکەن پتر لە پێشوو خۆیان لە ئیختیار زیارەتکەرانی مەشهەد و قوم بنێن کە لە عێراقەوە دێن، چونکە لە بیلادی ئیمامانی شیعەوە بۆ زیارەتکردن هاتوون و تۆزی سەر پێڵاوەکانیان متفەرکە.

دیارە ئەگەر بەراوردێکی وردبکەین، ژنانی کورد وێڕای پیاوان بە حوکمی ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی سیاسیدا دەژین و بەردەوام بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکان شانبەشانی پیاوان خەبات دەکەن، ئاساییە چوارچێوەی فکرییان کراوەتر بێ و خاوەن دۆخێکی زۆر جیاوازتر لە ژنانی ئێران بن. هەروەها، لەبەر ئەوەی ئایین لە کوردستان وەک هەمیشە بابەتێکی کەسی بووە و هەوڵنەدراوە بە سیاسی بکرێت و دیاردەی "صیغە"ی دەستکردی ئاخووندەکانیش شتێکی نامۆ بە کۆمەڵگای کوردستان بووە و نەیتوانیوە جێبگرێ، بۆیە دەکرێ بڵێین یەکدوو خاڵی ئەرێنی هەن کە یارمەتییان بە گەشەی ڕەوشی ژنی کورد کردووە. بەڵام لە هەمانکاتیشدا نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە زۆر نەریتی کۆن هەروا ماون و ئێستاش مەترسین لەسەر ژیانی کەسێتی ژنی کورد. تا ئێمڕۆش مافی ئەو خۆشەویستانەمان بەداخەوە لەبەر دواکەوتوویی کۆمەڵگا پێشێلدەکرێت. هەبوونی نەریتی ناحەز و نارەوا، مارەکردنی بەبێ مەیلی کچ و بە زۆرەملی بەشوودانیان، گەورە بە بچووکدان، مارەکردنی سەر پشتی لانک، ژنبەژنە و دیاردەی قیزەونی فرەژنی کۆمەڵە پەڵەیەکی ڕەشن و پێویستە لەسەر ڕوخساری کوردستان پاکبکرێنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، وەختێک کۆمەڵگەی کوردستان بەردەوام تێدەکۆشێ مافە نەتەوەییەکانی دەستەبەر بکا، ژنانیش نیوەی دینامۆ و هێزی ئەو جوڵانەوەیە پێکدێنن و پتر لە پیاوان ئەرکی ڕاپەڕاندنی شۆڕشیان لە ئەستۆیە و لە تەنیشت ئەو وەزیفانە ناچاریشن منداڵان لە داوێنی گەرمیخۆیاندا پەروەردە بکەن و لایەلایەی نیشتمانپەروەریان بە گوێیاندا بخوێنن و جیلی داهاتووی درێژەدەری شۆڕش پێبگەیەنن، کەوابوو دەبێ بڵێین قورسترین ئەرکەکان لەسەر شانی ئەوانە. بۆیە نابێ لەبیرمان بچێ کە ڕێزگرتن لە مافی ئەو دایکانە گەورەترین شانازییە بۆ هەر تاکێکی پیاوی کورد.

لەمەڕ ئەرکی دایک و خوشکان وەک کاک سەعید لە درێژەی وتارەکەیدا دەڵێ: " ژنانی کورد لە جەرەیانی شۆڕشیشدا باوەشی گەرمیان بۆ وەرگرتنی پێشمەرگە خۆشەویستەکان و میوانداری لێکردن، نان و خواردەمەنی پێگەیاندن، شیوکوڵ بۆ کردن و ئاگاداری پێگەیاندن لەسەر وەزعی دوژمن هەمیشە ئاواڵەیە و بەڕاستی دەتوانین بڵێین : " قورسایی هەرە زۆری شۆڕشە مەزنەکەمان لەسەر شانی ژنانە " .

دەی مادام باری قورسی شۆڕش و ژیانی ئاسایی بنەماڵە و پەروەردەی نەوەی داهاتوو لەسەر شانی ژنی کوردە، با پیاوی کورد هەندێ لەو بارە قورسەی سەر شانی ئەو دایک و خوشکانەی خۆی کەم بکاتەوە و ئەگەر پێیوایە ئەوان نیوەی کۆمەڵن و وەکوو ئەو خاوەن ئەرزیشە ئینسانییەکانن، با ڕێز لە مافەکانیان بگرێ و یەکسانی ڕەچاوبکا و سەربەستی ئەوان نەخاتە بەردەستی یاسا بۆگەن و دواکەوتووەکان!

عەلی فەتحی
ستۆکهۆڵم ١٢-٠٩-٢٠٢٢

# کورتەیەک لەسەر دۆخی ژن لە کاروباری سیاسەت بەگشتی و لەم دەڤەرەدا بەتایبەتی



شەونم هەمزەیی



جیهان سەرەڕای ئەوەی پێشکەوتن و گۆڕانکاریی زۆری لە بوارە جیاوازەکان‌دا بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ماف و پێگەی ژنان و هەروەها ئاستەنگەکانی بەردەمیان هەروا لەجێی خۆی‌دایە. یەکێک لە پێوەرە گرینگەکانی هەڵسەنگاندنی ئاستی پێشکەوتوویی هەر وڵاتێک، بەشداریی ژنان لە پڕۆسە و کایە و مەیدانی سیاسیی ئەو وڵاتەدایە. لە ئێستادا ژنان لە ڕێژەی بەشداربوونیان لە دەسەڵاتی سیاسی‌دا نەک تەنیا لە وڵاتانی دواکەوتوودا، بەڵکوو لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش‌دا بەرەوڕووی ئاستەنگ و لەمپەرن. ئەو لەمپەرانە ڕەنگە لە جیهانی مۆدێرن ڕەنگ‌وبۆنی یاسایی بەخۆیەوە نەگرتبێ بەڵام کاتێک بۆ گەیشتن بە پلەیەکی بەرز لە ئاستی سیاسیی وڵات، پێویستی بە دەنگ و متمانەی خەڵک هەبێ ئەوکات کولتووری دژەژن لەو وڵاتانەش خۆی دەردەخات و ژنان سەرەڕای هەبوونی دەرفەتی بەرانبەر لەگەڵ پیاوان — لە ڕووی یاسایی‌یەوە - شانسێکی کەمتریان هەیە بۆ سەرکەوتن لە کێبەرکێیەکانی هەڵبژاردن‌دا.

بەشداریی ژنان لە پڕۆسەی سیاسی‌دا وەک: بەشداری لە ئاستی جەماوەری‌دا، بەشدارییان لە هەڵبژاردن و مافی دەنگدان و هەروەها کاندیدبوون و ئەندامبوونیان لە ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، چالاکی و ڕووداوە سیاسییەکان و ... بێ‌گومان کاریگەریی ئەرێنیی بەرچاوی لە پرۆسەی بەڕێوەبەریی شایستانەی وڵات‌دا دەبێ. توێژەرانی بواری زانستی سیاسەت لەسەر ئەو بڕوایەن کە کۆمەڵگەی سیاسی لە چەندین گرووپی جیاواز پێک دێ و هەرکام لەوانە ڕۆڵی تایبەت بە خۆیان دەگێڕن. بوونی ژنان وەک گرووپێکی بەهێز و پڕژمار لە بوارە جۆراوجۆرە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان (ئەگەر ئەو گریمانەیە لەبەرچاو بگرین کە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و هتدیش لە بەرکەوتن و کاریگەریی ڕاستەوخۆدان لەگەڵ بواری سیاسی) پرس و بابەتێکی گرینگی کۆمەڵگەی هەر وڵاتێکە و گەر ئەو کۆمەڵگەیە خوازیاری پێشکەوتن بێ، بەدڵنیایی‌یەوە دەبێ ئاوڕی جددیی لەو پرسە بداتەوە.

ئەمڕۆکە دەبینین ژنان توانیویانە وەکوو توێژێکی چالاک لە کۆمەڵگە خۆیان بناسێنن و بە دامەزراندنی کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوە، وەکوو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز خۆیان پێناسە بکەن، هەر ئەم ڕاستییەش بارودۆخی ئێستا و دوێنێی ژنانی جیاواز کردووە، بەڵام هەروەک لە پاراگرافی یەکەم‌دا ئاماژەم پێی دا، ناتەواوە و هێشتا ڕێگای هەڵکشانی ژنان، ڕێگایەکی دوورمەودا دەنوێنێ.

ئەوەندەی لەم ساڵانەی دوایی‌دا دەرکەوتووە، لەو ژمارە کەمەی لە ژنان لەو وڵاتانەی وا توانیویانە جێگە و پێگە بەدەست بێنن، خاوەنی کارنامەیەکن کە شیاوی بەرگرییە و توانایان دەرکەوتووە. ئەو بەدەست هێنانی جێگە و پێگەیە و ئەو بوارەی وا ڕێگەخۆشکەرە بۆ گەیشتن بەو ئاستە ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە سیستم و یاسای بەڕێوەبەریی وڵاتەکان و کولتووری کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتانە کە تا

»

**ژنان لە ئێران لە هەموو ڕەهەندەکان‌دا ستاتۆیەکی سەرکوتکراویان هەیە، نوێترین نموونەکانی ئەم سەرکوتە ڕەهایەی باسی لێ دەکەین، شەهیدان «شلێر ڕەسووڵی» و «ژینا ئەمینی»ـن، کە قوربانیی ڕاستەوخۆی سیستمی دواکەوتووانە و پیاوسالارانەی ئێرانن. ڕاستە ئەو غەدرەی لەوان و بەتایبەتی لە ژینا کرا، دەچووە چوارچێوەی ستەمی نەتەوەیییشەوە و تەنیا ستەمێکی ڕەگەزی نەبوو، بەڵام بێ‌گومان لەم کەیسەدا ژن بوونی ژیناش ناکرێ لەبەرچاو نەگرین و تەنیا بیبەستینەوە بە لایەنە نەتەوەیی‌یەکەیەوە**

«

چ ڕادەیەک ڕێگەخۆشکەرن و تا چ ئاستێک بروایان بە کاریگەریی ژنان لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتدا هەیە؟

لێرەدا بابەتەکەی ئێمە زیاتر پێوەندیدار بە ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە و هەروەها کوردستان و حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری ئەو دەسەڵاتە. لە پێوەندی لەگەڵ جێگە و پێگەی ژنان لە کۆماری ئیسلامی‌دا دەبێ بڵێین ژنان تەنیا ئامرازێکن بۆ حەزەکانی پیاوان، بەرهەمهێنانی منداڵ و بەڕێوەبردنی ماڵ نەک مرۆڤێک کە دەتوانێ و دەبێ شان بە شانی پیاوان لە بوارە جیاوازەکاندا بەشدار بێ و لە ماف و جێگە و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی یەکسان لەگەڵ ئەوان بەهرەمەند بێ. ئەم جۆری بیرکردنەوە بووەتە هۆی ئەوەی ژنان بە تەواوی لە کاروباری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵات دوور بکەونەوە و پەراوێز بخرێن. ئەمە هەر زۆر زوو لە بڕیارەکانیان و لە یەکەم خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لەو وڵاتەدا خۆی دەرخست؛ بە جۆرێک لە کۆی ٢٧٠ نوێنەر، تەنیا دوو لەوان ژن بوون کە تا ئێستاش ئەم بەشدارییە لە پەنجەکانی دەست تێنەپەڕیوە و تەنانەت لە پۆستە سیاسییەکانی تریش‌دا بەشداریی ژنان یەکجار کەمە و لەم نێوەدا ژنان بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتە مافی گەیشتن بە سەرۆککۆمارییان نییە؛ ئەمە ڕێک بەو مانایەیە کە ژنان لە گەیشتن بە ئاستی بەرزی دەسەڵات بێبەشن.

ژنان لە ئێران لە هەموو ڕەهەندەکان‌دا ستاتۆیەکی سەرکوتکراویان هەیە، نوێترین نموونەکانی ئەم سەرکوتە ڕەهایەی باسی لێ دەکەین، شەهیدان "شلێر ڕەسووڵی" و "ژینا ئەمینی"ـن، کە قوربانیی ڕاستەوخۆی سیستمی دواکەوتووانە و پیاوسالارانەی ئێرانن. ڕاستە ئەو غەدرەی لەوان و بەتایبەتی لە ژینا کرا، دەچووە چوارچێوەی ستەمی نەتەوەیییشەوە و تەنیا ستەمێکی ڕەگەزی نەبوو، بەڵام بێ‌گومان لەم کەیسەدا ژن بوونی ژیناش ناکرێ لەبەرچاو نەگرین و تەنیا بیبەستینەوە بە لایەنە نەتەوەیی‌یەکەیەوە. ئەوەی کە ڕێژیمێک کێبەرکێیەتی لە پڕکردنەوەی پێوەرەکانی تۆتالیتێربوون‌دا و لە کەسوکترین بەشەکانی ژیانی خەڵک و بەتایبەتی ژنانی ئەو وڵاتە دەپرسێتەوە و بکە و مەکەیان بۆ دادەنێ؛ بەداخەوە ژیناش لەم سۆنگەیەوە کەوتە نێو ئەو کوشتارگەوە.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لە زۆر بواردا تەنگی بە بەشداریی ژنان هەڵچنیوە و زراوی چووە لەوەی بەهۆی پێشەنگایەتیی ژنانەوە و مەیدانداریی لیدێر و کەسایەتییە دیارەکانی بزاوتی ژنانەوە، ماتەوزەی شاراوە و نوستووی نیوەی کۆمەڵگە ببێتە هێزێکی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان. ئاستەکان هەر شتێکیش بن، ژنان ئەمڕۆ لە ئێران نیشانیان داوە کە ترسی ڕێژیم لەخۆڕا نییە، چونکە ژنان نەک وەخۆ هاتوون؛ بەڵکوو هاوار دەکەن کە چیدی ڕازی بەو پێناسەیە نین کە دەسەڵات بۆی کردوون و ماف و داوای خۆیان هەیە و ئامادەن باج و تێچووشی بۆ بدەن.

بەداخەوە دەبێ ئەم ڕاستییە قەبووڵ بکەین کە لە ئاستی جیهان، ناوچە و بەتایبەتی ئێران‌دا، ژنان لەگەڵ کۆمەڵێک ئاستەنگی جددی و چەقبەستوو بەرەوڕوون، لە پێوەندی لەگەڵ نێوخۆی ئێران‌دا پێویستە بڵێین یەکێک لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی کۆماری ئیسلامی، دژەژن‌بوونیەتی هەر بۆیە دۆخی ڕوونە و جێی سەرسوڕمان نییە. ئەوەی لێرەدا جێی هەڵوێستە لەسەرکردنە، دۆخی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەم ڕێژیمەیە، کە دەبوو ڕێک بەپێچەوانەی دوژمنەکەیان بایەخێکی زۆریان بە توانا و وزەی ژنان دابایە، بەڵام بەداخەوە دەبینین وا نییە. ڕاستە هیچ کام لەو ئاستەنگانەی وا لەبەردەم ژنانی نێوخۆی ئێران‌دایە، لەبەردەم ژنانی ئەندامی حیزبە سیاسییەکان‌دا نییە، بەڵام بەو حاڵەشەوە لە ئاستی کەسانی یەکەم و دووهەم و تەنانەت سێهەم و خوارتریش‌دا، لە هەموو لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان‌دا ژنێک بەدی ناکەین، کە ڕەنگە بەشێکی هەرەگرینگی بۆ نەبوونی متمانە بە تواناییی ژنان و نەبوونی پەروەردەیەکی تۆکمە و هەروەها نەبوونی باوەڕبەخۆییی ژنان بگەڕێتەوە.

ئەوەی ئێمە شایەدی هەین لە سەرهەڵدانی ژنانی چالاک و چالاکیی بەردەوام و بەربڵاوی ژنان لە ئاستی ئێران و کوردستان‌دا، زیاتر بۆ گۆڕانی دۆخی ئارایی جیهان و سەردەمی دان‌نان بە توانا و کارامەیی‌یەکانی ژنان، دەگەڕێتەوە. ڕاستە هەموو حیزبە سیاسییەکان وەک دروشم، هەڵگری دروشمگەلێکی یەکسانی‌خوازانە و ئەمرۆیین، بەڵام هەوڵی کردارییان لە ئاست چاوەڕوانییەکان‌دا نییە و ئەمەش جێگای تێرامان و لە هەمان کات‌دا جێگای داخیشە. بۆیە لەبیرمان بێ ئەوە ژنان بۆخۆیانن کە پێویستیان بە جموجۆڵ و خۆماندووکردن و چالاکییەکی زۆرتر هەیە؛ چالاکییش بێ‌گومان بە کوێرکوێرانە ناکرێ و پاشخانێکی هزریی پتەوی پێویستە کە لە ڕێگەی زانست و خوێندنەوەوە دەستەبەر دەکرێ.

هەر سیستم یان حیزبێک کە بەرنامەی بەڕێوەبەریی وڵاتی هەبێ، دەبێ ئاستی سیاسی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەی کۆمەڵگەکە لەبەرچاو بگرێ پاشان پلانی بۆ قۆناغی پێکهێنانی گۆڕانکاری پێ بێ. بەتایبەت لە کۆمەڵگە نەریتییەکان‌دا



»
**ئێستاش دوای وەسەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، کە لە بەڵگەنامەکانی حیزبی دێموکراتدا بەشداریی ژنان لە ئۆرگانەکانی ڕێبەریدا گرینگی و بایەخی تایبەتی پێدراوە، ئەرکی زیاتر دەکەوێتە سەر شانی حیزبی دێموکرات کە بە گرینگیی زیاترەوە بڕوانێتە پێگەی ژنان و پتر لە پێشووتر دان بە تواناکانیاندا بنێ**
«

زۆر پێویستە کە ڕۆڵی ئاڤانگارد و پێشڕەو ببینێ و نەبێتە پاشکۆی ویستی دواکەوتووانەی کۆمەڵگە و بوێرانە لەم بوارەدا هەنگاو بنێ. کە باس لە کۆمەڵگەی نەریتی و ئەقڵی خێڵەکی دەکرێ یەکەم پرس کە دەبێ گۆڕانی بەسەردا بێت، لایەنی پەروەردە و فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگەیەیە. کۆمەڵگەی نەریتییش بەبێ پلان و پەروەردەی زانستی ئەستەمە بتوانێ کێشەکانی چارەسەر و قۆناغەکەی تێپەڕ بکات.


بەم مەبەستە ئەگەر ئاوڕێکی کورت لە مێژووی حیزبی دێموکرات بدەینەوە، دەبینین حیزبی دێموکرات کە یەکەمین یەکەی سیاسیی مودێڕن بووە لە کاتی دامەزراندنی لە هەموو کوردستان، لە کۆمەڵگایەک دەست بە چالاکیی سیاسی خۆی دەکا، کە ئەو کۆمەڵگەیە وەک باقیی بەشەکانی دیکەی ئێران، لەگەڵ ژیانی مودێرن کە هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگەیەکی مرۆیی دەگرێتەوە، نامۆ بووە؛ هەر بۆیە ئەو حیزبە بە پێویستی زانیوە سیاسەتی پەروەردەی تایبەتی هەبێ بۆ ئامادە کردنی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ دەسپێکی ژیانێکی نوێ کە سیمای کۆمەڵگە بگۆڕێ.

پێشەوا قازی محەممەد کە تایبەتمەندیی مرۆڤێکی پێشکەوتوو و هەروەها ڕێبەرێکی ناوازەی هەبووە، زۆر بەوردی هەنگاوی بۆ ئەو کارە گرنگ و پڕبایەخە هەڵگرتووە، بۆ نموونە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژناندا هەر زوو کەوتە بیری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان و بەشداریکردنیان لە مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، کە ئەمە یەکەمین هەوڵی جددی لەپێناو هاتنە مەیدانی سیاسەتی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو؛ ئەو ڕەوتە دواتر و لە سەردەمی دوکتور قاسملووشدا ئاوڕی لێ درایەوە. بەتایبەتی و لە سەرەتای شۆڕش و دەسپێکی قۆناغی خەباتی چەکداری – سەرەڕای ئەوەی سەردەمێکی دژوار بوو – بەڵام حیزبی دێموکرات بە هێنانی کۆمەڵێک پرەنسیپ و بایەخی گونجاو و نەهێشتنی کۆمەڵێک نەریتی دزێوی وەک ژنبەژنە و خوێنبایی و گەورەبەچووکە و ... خزمەتێکی کاریگەری بە دۆخی ژیانی ژنانی ئەو سەردەمەی کوردستان کرد.

حیزبی دێموکرات هەوڵی داوە بە دارشتن و پەسەند کردنی بڕیارنامە و گەڵاڵەنامەی گونجاو، مەیدان بە ژنان بدا و بەشدارییان لە کایەی سیاسیدا بە گرینگ بزانێ، بۆ ئەو مەبەستەش ژنان کە وەک لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تاوەکوو ئێستا هاتووە توانیویانە خەباتی خۆیان لە دوو سەنگەری نەتەوەیی و ڕەگەزیدا، لەم حیزبەدا درێژە پێ بدەن؛ بەڵام بێگومان هەوڵەکان و پەروەردەی ئەندامانی ژن لەم حیزبەدا لە ئاست گەورەییی ناوی حیزبی دێموکرات نەبووە و دەکرا و دەشکرێ هەل و دەرفەتی پتر بڕەخسێ و لەم بوارەشدا نیشان بدا کە حیزبێکی پێشکەوتووە.

ئێستاش دوای وەسەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، کە لە بەڵگەنامەکانی حیزبی دێموکراتدا بەشداریی ژنان لە ئۆرگانەکانی ڕێبەریدا گرینگی و بایەخی تایبەتی پێدراوە، ئەرکی زیاتر دەکەوێتە سەر شانی حیزبی دێموکرات کە بە گرینگیی زیاترەوە بڕوانێتە پێگەی ژنان و پتر لە پێشووتر دان بە تواناکانیاندا بنێ. لە هەمان کاتدا و وەک دوایین ڕستە: لە کاتێکدا ئەم ئەرکە دەخەینە سەر شانی حیزب، دەبێ ئەرکی خۆتەیارکردن بە چەکی زانستیش بخەینە سەر شانی ژنانی ئەندامی ئەم حیزبە و هەوڵ بدەن بەوپەڕی شایستەیییەوە ببنە خاوەنی جێگە و پێگەیەک کە وەدەستی دێنن.

# کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمەکانی سارا تەڵایی و تازەترین بەرهەمی ئەو نووسەر و هونەرمەندە




سارا تەڵایی لە ساڵی ١٩٨٦دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەهاباد لەدایک بووە.

لە تاران و مازەندەران خویندنی تەواو کردووە.

دەرچووی کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە پەردیسی تاران و پیشەسازی دار و کاغەز لە مازەندەرانی ئێرانە.

خاوەنی بڕوانامەی هونەری دکتۆرایە لە بەشی شێوەکاری.

لە ڕۆژهەڵات خاوەنی فێرگەی هونەری شێوەکاریی ژیوار بووە.

ماوەی شەش ساڵە ماموستای هونەریە لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی جیهان.

ماوەی ١٧ساڵە بە فەرمی لە بازنەی هونەریدا خەریکی چالاکی، خوێندنەوە و بەرهەمهێنانی هونەری بووە.

لە زیاتر لە ٨٩ دانە پێشانگەی شێوەکاری هاوبەش و تایبەت بەشداری بووە.

چوار پەرتوکی هونەریشی لە چاپدراوە،

پەرتوکەکان:

**هونەری نەخشاندن**

**زانستی نەخش و ڕەنگ**

**گرافیک، چاپی دەست و جۆرەکانی**

**کورد لە نەخشی ئاسەواردا**

**پەرتوکی (کورد لە نەخشی ئاسەوار دا) توێژینەوەی سارا** تەڵایی، بەرهەمێکی تازە و جیاوازی مێژووییە کە بە ژومارەی سپاردنی ١٥ لە لایەن چاپ و بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان هەولێر خرایەڕوو و ڕێکەوتی ٣٠/٧/٢٠٢٢ بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە هونەرمەندان و ڕوناکبیران، لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی جیهان کۆڕی ناساندنی بۆ بەڕێوەچوو.

هاوکات لەگەڵ ناساندنی ئەو کتێبە تیشک خرایە سەر بەرهەمێکیتر، بە ژومارەی سپاردنی ١٦ لە چاپ و بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان، بە ناوی (گرافیک، چاپی دەست و جۆرەکانی) نووسینی سارا تەڵایی و لەم کۆڕەدا ناسێندرا.

کورد لە نەخشی ئاسەواردا توێژینەوەیەکی پڕ بایەخی هونەری و مێژووییە کە باس لە چاخ و شارستانیەتە کۆنەکانی کوردستان دەکات و لە ڕیزبەندی پێناسەکردنی ئەو شارستانیەتانەدا خەریتەی شوێنی ژیار و مانەوەیان، ئاماژە بە جۆری کولتور و بیر و باوەڕ و ڕەسەنایەتی و هەروەها کەلەپوری هونەری هەرناوچەیەک لە چواردەوری کوردستانی گەورەدا دراوە.

بە گشتی دەتوانین بڵێین توێژەر لەم پەرتوکەدا توانا و وزەی خستۆتە سەر نەخشاندنەوەی نەخشی سەر ئاسەوارەکان و توانیویەتی بە شێوازێکی زانستیانە پێناسەی سایتی شوێنەواری و پرۆفایلی هەر وێنەیەک لە ڕووی ئەسڵی ئاسەوار بکات و بایەخی مێژوویی و هونەریان بخاتە بەرچاوی خوێنەر.

هەروەها لێرەدا جێگای باسە کە کتێبی (گرافیک، چاپی دەستی و جۆرەکانی) سەرچاوەیەکی گرینگی فێرکارییە بۆ قوتابیان و فێرخوازانی بەشی چاپ و چاپەمەنی و گرافیک کە باس لە سەرەتای پەیدابوونی مێژووی چاپی دەستی و فێرکردنی جۆرەکانی چاپی دەست دەکات تا پێش هاتنە ئارای چاپی گۆتێنبرگ.

ئامانجی نووسەر لە نووسینی ئەم پەرتووکە:

ئەم پەرتووکە وا لەبەر دەستە، بەشێکی زۆر کەمە لە بەرجەستەکردنی مێژووی ڕاستەقینەی ئەم خاکە کە داگیرکەران لە پێنج بەشەوە بەچڕی خەریکی ڕاماڵین و تاڵان و داپاچینی ژێرخان و گەنجینە مێژووییەکانی بوون و هەن و لەم تالانکاریەدا، ئاسەوارەکانمان ڕۆژانە لە مووزەخانەی وڵاتان سەردەردێنن و بەناوی ژیار و دیرۆکی داگیرکەرانەوە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیان لەسەر دەکرێ. لەو ماوەیە بە پێویستم زانی لەم پەرتوکەدا وەک کوردێک خوێندنەوەی خۆم لەسەر بنەمای نەخشی نەخشە گرینگەکانی سەر ئاسەوارە مێژووییەکان هەبێ. ئەوەی بەلای منەوە مەبەستە ئەوەیە کە بتوانم بە بەشی خۆم لە ڕێگای نەخشاندنەوەی ئاسەوارەکان، تەمی سەر هەموو جوانییەکانی کوردستان لابدەم تا زیاتر لە جاران نەوەکانی ئەم نیشتمانە هەوڵ و تێکۆشانیان بۆ پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان هەبێ و هەموومان بەیەکەوە شانازی بۆ بێشکەی مرۆڤایەتی بگەڕێنینەوە.

# کتێبی «ڕەگەزی لاواز»

## لە وەرگێڕانی ژنێک کە دەیهەوێ بەهێز بێ



هەردی سەلیمی

یەکەم جار وا ناوی "ئۆریانا فالاچی"م بەرچاو کەوت، نیوەی تەمەنی ئێستام هەبوو. کتێبێکی لە ماڵی ئێمەدا کەوتبوو، دەستم دایە و دەستم کرد بە خوێندنەوەی، هەتا دوایین وشەشم لێ نەچۆڕاند، وازم لێ نەهێنا. کتێبەکە وتووێژی ئۆریانا بوو لەگەڵ "حەمەڕەزا شا" و "خومەینی" و "مەهدی بازرگان"دا؛ کتێبێکی سادە و ساکار و بڵێین ڕەوان. هەر لەوێوە هۆگرییەکم لە پێوەندی لەگەڵ کاروباری ڕۆژنامەنووسیدا تێدا هەڵقوڵا و سەرسامی شێوەی گێڕانەوەی بووم. جارێکیش لە فیلمێکی ئێرانیدا بەناوی "کلەوزاپ" ناویم بەرگوێ کەوت؛ لەوێدا ڕۆژنامەنووسێکی مکوڕی تێدا بوو، بە شێلگیرییەکی سەیرەوە بەدواداچوونی بۆ ڕووداوێک دەکرد. پێی وابوو ڕووماڵی ئەو ڕووداوە ژیانی پیشەییی ئەو دەگۆڕێ، چونکە بەدەردی خۆی هەواڵەکە "هەواڵێکی ئۆریانی" بوو. واتە فالاچی خۆی پێوەرێک بوو لە کاری ڕۆژنامەگەری و نووسیندا و ئەوەی ئەو ئاوڕی لێ دابایەتەوە گرینگ دەبوو و شیاوی سەرنج.

هەر بەو دوو بیرەوەرییەی لە ناوی ئەو ژنە ڕۆژنامەنووسە هەمبوو، سەرنجم ڕادەکێشرایە سەر ئەو کتێبانەی وا ناوی فالاچییان بەسەرەوە بوو. بگێڕەوەیەکی زمانپاراو بەبێ ئەوەی درێژدادڕی بکات، کۆمەڵێک زانیاریی بەنرخت پێشکەش دەکا. لێرەدا نامهەوێ باس لەوە بکەم ئایا ئەو زانیارییانەی وا دەیانخاتە ڕوو، ڕاستن یا ناڕاستن، لایەنگریی تێدایە یان نا، با ئەم داوەرییەم نەکردبێ؛ بەڵام دەتوانم بڵێم بێگومان دوای خوێندنەوەی نووسراوەکانی ناچار بە بیرکردنەوە دەبین. هەروەکوو چۆن کتێبی "ڕەگەزی لاواز"ەکەشی دەمانخاتە نێو قووڵاییی بیرەوە.

کتێبی "ڕەگەزی لاواز"ی فالاچی، شەست ساڵ لەمەوبەر بڵاو بووەتەوە، نزیکەی پەنجا ساڵیش پێش لە ئێستا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی؛ لەم دواییانەشدا هێنراوەتە سەر زمانی کوردی. کتێبەکە بەرهەمی دەستوورێکە کە فالاچی ناچار دەکا بچێ و بگەڕێ و لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی بکا و ئاکامی بینینەکانی خۆی بخاتە بەر دیدەی خوێنەران. سەرەڕای ئەوەی بەپێی قسەی خۆی هەرگیز پێی خۆش نەبووە لەسەر ژنان وەک ڕەگەزێکی جیاواز بنووسێ و ملهوڕییشی نواندووە لە بەرامبەر ئەم داوایەدا، بەڵام دەبینین ناچار بووە بنووسێ و لە وشە بە وشەی کتێبەکەیدا بۆنی ئەم داننانە دێ بە لووتدا. ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی پیاوسالار هێناویەتە سەر ئەو قەناعەتەی کە ڕەگەزێک لاوازترە لەو ڕەگەزەی تر و ناکرێ ڕێک لەو سۆنگەیەوە ئاوڕی لێ نەدرێتەوە. ئەم ژنە ڕۆژنامەوانە پێداگرە، لەگەڵ خۆی بۆ سەفەرێکی دوورودرێژی مەودایی و زەمەنیمان — زەمەنییەکەی بۆ ئێستای ئێمەیە — دەبا و لە هەموو ئەو وڵاتانەی وا دەیانخاتە ژێر چاوی پشکێنەرییەوە، ڕاپۆرتێک لەسەر پێگەی ژنان لەو وڵاتانەدا (پاکستان، هیندووستان، ئەندۆنێزیا، ژاپۆن، هۆنگکۆنگ و ...) دەخاتە بەردەمی خوێنەری کتێبەکەی، پرسیاری سەرەکییشی لەم بارەیەوە لەسەر ئاستی پێگەی ژنە لەو کۆمەڵگانەی وا وەک تاقیگەیەک سەیری کردوون. بۆ نموونە سیما و وێنایەکمان لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی ئەوکاتدا پیشان دەدا کە جێی لێوردبوونەوەیە، ئەو دەڵێ: "خۆری وڵاتانی ئیسلامی، خۆرێکی ڕوون و تیشکاوێژە، لێ ژنان لە تاریکییەکی هەمیشەییدا دەژین، چونکە لە سکی دایکیاندا چاویان لە تاریکی بووە، دواتر لە ماڵی باوکیاندا هەر بینەری تاریکی بوون، لە ماڵی مێردیشدا بە هەمان شێوە و لە کۆمەڵگەشدا ئەسیری ڕەشیی چارشێو و ڕووبەندە و لە کۆتاییشدا دیلی دەستی تنۆکیی نێو گۆڕن."

ئەمەیە ئەو وێنایەی ژنی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکانی پتر لە شەست ساڵ لەمەوبەر لە ڕوانگەی فالاچییەوە. ئایا ئێستاش هەروایە و بەتایبەتی لە کوردستانی ئێمە وایە یا وا بووە؟ بێگومان وڵامەکە نەخێرە. ئەی بۆچی وەرگێڕی ئێمە پاش ئەم ساڵانە هاتووە و هێناویەتە سەر زمانی کوردی؟ ئەمە پرسیارێکە دەبێ خۆی وڵامدەری بێت و ڕوونی بکاتەوە ئایا لەبەر ئەوە بووە ئێمە بزانین لەو سەردەمەدا ژیانی ژنانی دراوسێمان چۆن بووە، یا ئەوەی کە لێکچوونێک دەبینێ لە نێوان ژیانی هەنووکەی ژنی کورد و ژنانی ناکوردی نێو ئەو کتێبە؟ بەڵام هەر مەبەستێکی لەپشت بێت، من سپاسی دەکەم و پێشنیاری خوێندنەوەشی بە ئێوەی خوێنەری ئەم دێڕانە دەکەم. لە ڕاستیدا پرسیارە هەرە سەرەکییەکەی ئەم کتێبە ئەوەیە کە "من بۆ ژنم؟" "کە ژن بووم چم لێ بەسەر دێ؟" "کە ژن بووم دەستم بە چی ڕاناگات؟" و لە کۆتاییدا "ژنبوون چییە؟" هەر ئەم پرسیارانە کە جەوهەری سەرەکیی کتێبەکەیە، بۆ وڵامی پرسیارەکانی وا لە سەرترەوە هێناومن، لەجێدا دەتوان وڵام بن.

ڕەنگە وەرگێڕ وڵامیشی دابێتەوە و من نەمدیبێ، لێرەدا خۆم بە نوێنەرایەتیی وەرگێڕ وڵامێکی کورت بەو پرسیارەی لە سەرەوە کردم، دەدەمەوە: من پێم وایە چییەتیی لاوازبوون و کەمینەییی ژنان لە هیچ کوێی جیهاندا نەگۆڕاوە — لە زانستی سیاسەتدا کە باس لە کەمینە دەکرێ مەبەست لە ڕووی جەماوەر و حەشیمەتەوە نییە، بەڵکوو پێگەی سیاسییە کە لەبەرچاو دەگیرێ، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەم دەوروبەرەی ئێمە، لۆیە ئەم کتێبە ئێستاش وەک ڕابردوو پێویستە هەبێ و تێپەڕبوونی کات نەیگەناندووە و هێشتاش نوێیە. ئەوە جۆری ستەم و هەڵاواردنەکانن کە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، دەنا جیهان هێشتاش گیرۆدەی پەتای پیاوسالارییە و لە ئەمڕۆدا ژنان زیاتر بە لۆکە سەر دەبڕدرێن و لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا زۆرتر بووکەڵەی بەر دەستی نادیاری ڕاگەیاندن و بازاڕ و بازرگانانن بۆ بەرژەوەندیی زیاتری خۆیان، ئەم تاقمە بێهەستانە دەیانچەوسێننەوە.




مەبەستی کتێب ڕوونکردنەوە و خولقاندنی پرسیارە، یان لانیکەم دەبێ وابێ، کە پرسیارت بۆ دروست بوو، وێڵی وڵامەکەی دەبی. ئەم کتێبەش پاش خوێندنەوەی کۆمەڵێک پرسیار لە مێشکدا دروست دەکا کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدان، لەم ڕووەوەیە کە من نرخی کتێبی ڕەگەزی لاواز، بەهۆی ڕۆڵی پرسیارخولقێنەکەیەوە بەرز دەنرخێنم؛ جیا لەوەی کە وڵامی نووسەر و وەرگێڕ و من و هەر خوێنەرێکی تریش بەو پرسیارانە چ دەبێ و دەبێ چ بێت، گرینگ ئەوەیە مێشکمان دەبێتە گیرۆدەی دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ دەربازبوون لەو دۆخەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی بە ڕەگەزێک بڵێین لاواز و یەکسانییەک نەبینین.

لەم ڕۆژانەدا کە شلێرمان هەیە، لەم سەردەمەدا کە ژینا دەبێتە قوربانیی نیگایەکی سەرانسەر و سیستماتیک ستەملێدراو، ناتوانین لە پێوەندی لەگەڵ پێگە و دۆخی کۆمەڵایەتیی ژناندا بڵێین سەردەم گۆڕاوە. بە ڕای من هەتا ئەو ڕۆژەی ژنان نەبنە خاوەنی ئاگایی و ژیرییەکی بەهێز – کە ئەم کتێبەش دەتوانێ یەکێک لەو پاڵنەرانە بێت – پیاوانیش ناچار بە تێگەیشتن نەکەن، ئەوە ستەمەکان هێزی خۆیان لەگەڵ لاوازیدا ناگۆڕنەوە. بینای ستراتێژیی ژنان پێویستە لەسەر بنەمای بە سیاسی کردنی بەردەوامی ژنان هەڵچنرێ. ژنان پێویستە بگەنە ئاستێکی قووڵ لە چاوکراوەییی سیاسی بۆ ئەوەی بوونی کاریگەری خۆیان لە بەستێنی کەسۆکییەوە بگوازنەوە بۆ بەشداریکردن لە بوارە ڕامیاری و ئابوورییەکاندا. هەتا ئەو کاتەی ژنان نەبنە خاوەنی بەشێکی زۆر لە چالاکیی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی، بابەتی ژنان لە دووانەگەلێکی وەک سەر ڕووت کردن و سەر ڕووت نەکردن تێناپەڕێ – ئازادیی شێوەی سیما و دەرکەوتن گرینگە بەڵام نابێ کۆتاییی خواستەکان بێ – دەبێ پرسی ژنان لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی چینایەتی (ڕەخنە و ڕەدکردنەوەی سەرمایەداریی پیاوسالارانە)، ڕەگەزی (ڕەخنە و ڕەدکردنەوەی هێژمۆنیی بیری پیاوسالارانە) و نەتەوەیی (ڕەخنە و ڕەدکردنەوەی دەسەڵاتی شۆڤینیستی) و هەروەها پێوەندیی ئۆرگانیکی ئەم سێیە درک بکرێ.

مادام پێم وایە ڕێی ڕزگاریی ژنان لە بندەستی بە دەروازەی زانین و زانست و ئاگاییدا تێپەڕ دەبێ، پێشنیارم خوێندنەوەیە و بردنە سەری ئاستی وشیاریی خۆیان و خۆمان بەم کتێبە و هەر کتێبێک کە دەتوانێ نقورچکێک بگرێ لە دۆخی ئێستایان و ئێستامان و هانیان بدا و هانمان بدا تێبگەن و تێبگەین لەوەی کە پێویستە مەیدانەکانی سیاسەت و ئابووری و ... ڕادەستی پیاوان نەکرێ و لە پاوانیاندا نەمێنێ.

خاتوو "نەسرینی یووسفزادە" ژنە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، ماندووی وەرگێڕانی ئەم کتێبە بووە. ماوەی نزیکەی دوو ساڵ لەگەڵ بەڕێزیان هاوکار بووم و لە نزیکەوە ئاگاداری هەوڵ و خۆشەکەتکردنی هەم؛ قسەی خۆمان بێ هەمیشەش بەخیلی ئیرادە و هەڵاتهەڵاتی ئەو بۆ خۆپێگەیاندن بووم، بەڕاستی دەستەواژەی ماندوویینەناس و چەمکی ماندوویینەناسی پڕبە باڵایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا با بڵێم تایبەتمەندیی نووسەر و وەرگێڕ لە هەندێک خاڵی وەک شێلگیری و سووربوون لەسەر ویستەکانیان، هاوبەشە. لەبیرمە جارێکی خوێندمەوە فالاچی بە چ چەرمەسەرییەک خۆی گەیاندبووە لای خومەینی بۆ ئەوەی بتوانێ وتووێژێکی لەگەڵ بکات. لێرەدا جێی خۆیەتی سپاسی هەموو زەحمەتەکانی خات نەسرین بکەم و ئومێدم وایە لە بواری خۆیدا پڕبەرهەمتر بێ و پتر لە پێشووتر هەڵکشێ و لە لووتکەکانی نووسین و وەرگێڕاندا بیبینمەوە کە لووتکەیەکی ڕژد و ئەستەمە و پێوانی کاری هەرکەسێک نییە. هیواشمە خوێنەرانی کتێبی "ڕەگەزی لاواز" زۆر و بەهێز بن و هەر هەموومان بە هەست بە بەرپرسیارەتییەوە لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی ژناندا هەنگاو بنێین و ئەو پێناسەی لاوازییە بۆ ئەم ڕەگەزە لە گۆڕ بنێین و ئەملاوئەولای یەکسانی ماچ بکەین.

# هۆکاری زۆری تێکچوونی شیرازەی خێزان لە ئێستادا



شلێر مەحموودی

پێش ئەوەی دەست بە باسەکە بکەم بە پێویستی دەزانم پێناسەیەک لە هاوسەرگیری بکەم،چونکە دەبێ خێزانێک هەبێ جا شیرازەکان تێکچن.لەیاسادا هاوسەرگری بەم شێوەیە پێناسەکراوە "هاوسەرگیری گرێبەستێکی ڕەزامەندانەیە لەنێوان ژن و پیاوێکدا کە هەریەکێکیان بۆ ئەوەیتر حەلاڵ دەبێ. ئامانج لێی دروستکردنی خێزانێکە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و مێهرەبانی و بەرپرسیاریەتی هاوبەش".

لەو پێناسەیەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش پێویستە چوار پایە بوونی هەبێ کە ئەوانیش خۆشەویستی، ڕەزامەندی، مێهرەبانی و بەرپرسیاریەتی

> **"کە خێزان تووشی کێشەی بەردەوام هات، یاخود ئەندامەکانی سنووری ڕێسا کۆمەڵایەتییە باوەکانی ناو خێزانیان شکاند و بێ ڕێزی باڵی کێشا بەسەر پەیوەندییەکانی نێو ئەندامەکانی، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەگوترێت شیرازەی خێزان تێکچووە"**

هاوبەشن.ئەوانە کۆڵەکەکانی پێکهێنانی خێزانێکی بەختەوەرن بەڵام هەریەکێک لەو کۆڵەکانە نەبێ لایەک لە خێزان دادەڕمێ و شیرازەی خێزان وردە وردە بەرەو تێکچوون دەچێ....

کە خێزان تووشی کێشەی بەردەوام هات، یاخود ئەندامەکانی سنووری ڕێسا کۆمەڵایەتییە باوەکانی ناو خێزانیان شکاند و بێ ڕێزی باڵی کێشا بەسەر پەیوەندییەکانی نێو ئەندامەکانی، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەگوترێت شیرازەی خێزان تێکچووە. تێکچوونی شیرازەی خێزان لە سادەترین پێناسەدا بریتییە لە بارودۆخێکی ناجێگیری کۆمەڵایەتی – دەروونی، کە باڵ بەسەر خێزاندا دەکێشێت. شیرازەی خێزان زۆربەی جار هەر بە گەورەکان (هاوسەران) تێکدەچێت و کار لە بچووکەکان (جگەرگۆشەکان) دەکات. لەیەکترنەگەیشتن و کەمبوونەوەی خاڵە هاوبەشەکان و کاڵبوونەوەی سۆز و خۆشەویستی ئەو سێ کوچکەیەن کە شیرازەی خێزان تێک دەدەن.

کاتێک شیرازەی خێزانێک تێک دەچێت دەکرێت ئەو خێزانە بەهەڵوەشاوە دابنرێت ئەگەرچی هێشتا لەژێر یەک سەقفی خێزانییشدا بژین. هەست نەکردن بە ئارامی و ئاساییش و دڵەڕاوکێی بەردەوام و هەندێک جار خەمۆکی لەو ئەنجامە نەرێنییانەن کە تێکچوونی شیرازەی خێزان لەسەر باری دەروونی ئەندامەکانی بەجێ دەهێڵێت. لادانە ڕەفتارییەکان و پەرتەوازەبوون لەو ئەنجامە نەرێنییانەن کە ئەم ڕەوشە کۆمەڵایەتییە دەروونییە نائاساییە لەسەر ڕەفتاری ئەندامەکانی بەجێ دەهێڵێت. مەرج نییە هەموو کات هۆکاری ئەم ڕەوشە نێوخۆیی بێت، دەکرێت دەستێوەردانی دەرەکی ببێتە هۆی خوڵقاندنی ئەو کەسەی هۆکارە لە دروستکردنی ئەم ڕەوشە نالەبارەی خێزاندا، بەبێ بوونی پاڵنەرێک ئەو ڕەفتارانە ناکات کەدواجار دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان، یان ئەوەتا بەنابەدڵی چۆتە نێو ژیانی هاوسەرییەوە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، یان لاوازی کەسێتی هاوسەرەکەی وایلێدەکات، یان بەسووک تەماشاکردنی لایەنێکیان بۆ ئەوەی دی، یان بوونی گرێیەکی دەروونی وەک خۆبەکەمزانین (کاتێک یەکێک لەهاوسەران خۆی بەراورد دەکات بەکەسانی دیکە). لەهەموو بارێکدا تێکچوونی شیرازەی خێزان زەنگێکی مەترسیدارە بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکجاری خێزان. گەڕانەوە بۆ لۆژیک و زمانی دیالۆگ و ئامادەیی قوربانیدان و بەخشین، لەو ڕێگایانەن کە دەرگا لەبەردەم کۆتایی هێنان بەم تەنگژە کۆمەڵایەتییە دەروونییە والا دەکەن بەئاراستەی چارەسەرکردنی ئەو ڕەوشە نارێکە؛ بۆ ئەوەی خێزان خۆی ڕابهێنێت لەسەر نەریتە دروستەکان بۆ خۆ بەدوورکرتن لەم تەنگژانە، باشتر وایە ڕەچاوی هەندێ خاڵ بکات..

کاتێک هەر کێشە و گرفتێک ڕوو لەخێزان دەکات باشتر وایە لە کات و ساتی خۆیدا چارەسەر بکرێت و بەجێ نەهێڵرێت بۆ ڕۆژگار، چونکە کەڵەکەبوونی کێشەکان لەسەر یەک توانای کۆنترۆڵکردنیان زەحمەت یان مەحاڵ دەکات. وە هەروەها هەرکاتێک کێشە و گرفت ڕووی لەخێزان

> **"لەیەکترنەگەیشتن و کەمبوونەوەی خاڵە هاوبەشەکان و کاڵبوونەوەی سۆز و خۆشەویستی ئەو سێ کوچکەیەن کە شیرازەی خێزان تێک دەدەن."**

کرد و چارەسەرکردنی لەتوانای خێزان بەدەربوو، زۆر ئاساییە پەنا بۆ کەسی سێیەم ببرێت، جا کەسی سێیەم ڕاوێژکارێکی کۆمەڵایەتی یان دەروونی بێت، یاخود کەسێکی بەئەزموون و دڵسۆز و باوەڕپێکراوی خێزان بێت.

وە دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگیرێت کە تێکچوونی شیرازەی خێزان ڕەوشێکی دەروونی وەها دەخوڵقێنێت کە دەکرێت بەدۆزەخێکی بشوبهێنین کە بەردەوام ڕۆحی ئەندامەکانی ئەو خێزانە دەسووتێنێت. دەکرێت ئەم ڕەوشە نائاساییە وەک قۆناغ، بەقۆناغی زەمینەسازی هەڵوەشاندنەوەی یەکجاری خێزان ناودێر بکەین. بۆیە



لەهەندێ باردا کاتێک تەنگژەکانی ناو خێزان دوای گرتنەبەری ڕێگە چارەکان هەر بەبنبەست دەگەن، باشتر وایە خێزان خۆی لەو دۆزەخە هەمیشەییە ڕزگار بکات و هاوسەران پەنا بۆ جیابوونەوەی یاسایی و شەرعی ببەن.

کاریگەریەکانی تێکچوونی شیرازەی خێزان لەسەر منداڵانی ئەم جۆرە خێزانانە لەزۆربارردا لەڕووی دەروونییەوە هەست بەکەمی دەکەن و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە گۆشەگیر دەبن، لەڕووی ڕەفتاریشەوە ئەگەری لادانی زیاتریان هەیە، هەروەها دەبنە خاوەن تێڕوانین و دیدگایەکی نەرێنییانە سەبارەت بەژیانی هاوسەری کە کاریگەری خراپ بەجێدەهێڵێت لەسەر ئاییندەی ژیانیان. سەبارەت بەهاوسەرانیش، ئەگەری پەنابردن بۆ ناپاکی هاوسەری لەمجۆرە خێزانانەدا زیاتر دەبێت، هەروەها تووشبوون بەپەشێوی و نەخۆشیی دەروونییەکان و هەوڵدانی خۆکوشتن و خۆکوشتنی ڕاستەقینە لەمجۆرە خێزانانەدا زیاتر بەدی دەکرێت یا لەکۆتایدا بڕیاری جیابوونەوە دەدەن.

جیابوونەوەی هاوسەرانیش گرفتێکی ئاڵۆز و مەترسیداری کۆمەڵایەتییە کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکان بە ڕێژەی جیاواز بوونی هەیە، لەوەش مەترسیدارتر لە بەرامبەر هەڵکشانی ڕێژەی جیابوونەوە، کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیرییە،کۆمەڵناسان گرفتی ئابووری و قەیرانی کۆمەڵایەتی و هاوسەرگیری زۆرەملێ و هاوسەرگیری پێشوەختە بە هۆکاری سەرەکیی ئەم پرسە دادەنێن.

لە وڵاتە دواکەوتوەکاندا زیاتر ئەو پرسانە بەرچاودەکەون،ئەگەر ئێرانی ژێردەستی کۆماری ئیسلامی بە نموونە بهێنمەوە دەبینین کە ڕێژەی تەڵاق و خۆکوشتن و کوشتنی ژنان و کۆچی گەنجانی ئەو وڵاتە لە لووتکە دایەو ئامادەنین ئەو بەرپرسیاریەتیە هەڵبگرن و بۆ ئەو مەبەستە ڕوو لەوڵاتە پێشکەوتوەکان دەکەن .. لەبەرئەوەی لە ئێران دا هیچ یاسایەکی خێزانی هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتوەکان نیە دیفاع لە ژن و مافەکانی بکات و لەهەمان کاتیشدا پیاوسالاری و دابونەریتی دژە ژن لە ئەوجی خۆی دایە.وە تەنانەت لەرووی جێبەجێ کردنی یاساکانی مافی مرۆڤیش لەپلەی سفر دایە سەبارەت بەهەردوو ڕەگەز. ئەگەر باسێک لەبارودۆخ و گوزەرانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەگشتی بکەم لەڕووی ئابووریەوە خەڵکەکەی لەوپەڕی خراپی گوزەراندا دەژین کە هۆکاری ئابووری یەکێکە لە

> **،،گەڕانەوە بۆ لۆژیک و زمانی دیالۆگ و ئامادەیی قوربانیدان و بەخشین، لەو ڕێگایانەن کە دەرگا لەبەردەم کۆتایی هێنان بەم تەنگژە کۆمەڵایەتییە دەروونییە واڵا دەکەن بەئاڕاستەی چارەسەرکردنی ئەو ڕەوشە نارێکە؛.‘‘**

پایە هەرەبەهێزەکانی ڕاگرتنی خێزان،ڕۆژ بەڕۆژ نرخی خواردن کە هۆکاری ژیانی مرۆڤە گران دەبێت و تەنانەت زۆربەی خێزانەکان ڕۆژانە بژێوی ژیانی خۆیان پێ دابین ناکرێت و بەناچاری خێزانەکان لەبەریەک هەڵدەوەشێن،یا ناچار دەکرێن کۆڵبەری بکەن و ڕژێمی ئێرانییش بەئاسانی ژیانیان لێ دەستێنێ و بەجۆرێکیدیکە خێزان پەرتەوازە دەکات. جا لێرەدا من تەنها باسی خواردنم کرد کە سەرەتایترین شتە لە ژیانی مرۆڤ کەپێی دەژی کە دەبێ بژی.......

وه هۆكارێكی دیكه بۆ تێكچونی شیرازەی خێزان باری كۆمەڵایەتی و دەروونیه،دەروونناسان باس لەوەدەكەن كه عادەتەن هەروڵاتێک جەنگی بەردەوامی تێدابێت یا لەباری جەنگ دابێت دەروونی خەڵكەكەی نائارامە و زیاتر دەبێتە هۆی ناسەقامگیری خێزان و تاكەكانی تەحەمولی یەكتر ناكەن و شەر و هەڵچوون لە نێوانیاندا زیاتر ڕوودەدات بەجۆرێک خێزان هەڵدەوەشێن جا بە جیابووبەوە بێت یا بەكۆتایی هێنانی ژیانی خۆیان بێ. یەكێكی دیكەلە هۆكارە كۆمەڵایەتیەكان كە بۆتە دیاریدەیەكی خراپ لەنێو كۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات هاوسەرگیری پێشوەختە یا منداڵ هاوسەریە،واتا هەریەک لە كورو كچەكە نەگەیشتوون بەتەمەنی یاسایی خۆیان كە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان ١٨ ساڵی دیاری كردوە بەگشتی هەرچەندە لەهەندێ وڵات ٢٠ ساڵی و ٢١ ساڵیش دیاریكراوە بەپێی ژینگەی وڵاتەكان دیاری كراوە،پێش گەیشتن بەوتەمەنە هاوسەرگیری دەكەن و ئامادەیی جەستەیی و دەروونیان نیە بۆ هاسەرگیر ی

> **"كاریگەریەكانی تێكچوونی شیرازەی خێزان لەسەر منداڵانی ئەم جۆرە خێزانانە لەزۆربەردا لەڕووی دەروونییەوە هەست بەكەمی دەكەن و لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە گۆشەگیر دەبن، لەڕووی ڕەفتاریشەوە ئەگەری لادانی زیاتریان هەیە، هەروەها دەبنە خاوەن تێڕوانین و دیدگایەكی نەرێنییانە سەبارەت بەژیانی هاوسەری كە كاریگەری خراپ بەجێدەهێڵێت لەسەر ئایندەی ژیانیان."**

و تەنها بیر لە حەزە كاتیەكانیان دەكەنەوە بێ ئەوەی بیر لە بەرپرسیاریەتی هاوسەرگیری بكەنەوە . بۆیە منداڵ هاوسەری گرفتێكی گەورەیە بۆ تێكچوونی شیرازەی خێزان كە لە ئێستادا زۆر باوە. جگە وەی لە هەندێ شوێن تاوەكوو ئێستاش بەزۆر بەشوودان و كچ دیاری كردن بۆ كوڕ و ژن بەژن و كۆمەڵێک عورفی دژە ژن كە هۆكارن بۆ جیابوونەوەی خێزانەكان.

نەبوونی ڕاوێژكاری خێزانی و پسپۆڕی كۆمەڵایەتی لەناو خێزاندا یەكێكی ترە لە هۆكارەكانی تێكچوونی شیرازەی خێزان كە ڕۆڵی گرنگی لە پاراستنی شیرازەی خێزان و باری دەروونی تاكدا هەیە. بێگومان نەبوونی پسپۆڕی كۆمەڵایەتی و ڕاوێژكاری خێزانی یەكێكە لە هۆكارەكانی زۆربوونی گرفتەكانی نێوان هاوسەران و هەر لەبەر ئەوەش زۆرترین جیابوونەوە ڕوودەدات، چونكە كە لەخێزانێكدا كێشەیەک دروست دەبێت، كەسێكی ژیر و پسپۆڕ نییە كە پەنای بۆ ببەن و كێشەكانیان چارەسەر بكات، ئەگەر بیریش لەچارەسەر كرابێتەوە، كێشەكان بە ڕێگەی عورفی و عەشایری چارەسەركراوە، ئەوانیش هیچ كات بیریان لەچارەسەری ڕیشەیی كێشەكان نەكردۆتەوە، واتە بەشێوەیەكی زانستی كێشەكانیان چارەسەر نەكردووە، هەر ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی كە هەمیشە خێزانەكان دووبارە تووشی كێشە بوونەتەوە.

لە كۆمەڵگای ئێمەدا بەشێوەیەكی گشتی لایەنی دەروونی پشتگوێ خراوەو گرینگی زیاتربەلایەنی تەندروستی دراوە،



وەدەبێ بزانین لایەنی دەروونی یەكێكە لەلایەنە هەرە گرنگەكانی ژیانی مرۆڤ بەڵام كۆمەڵگەی ئێمە بەداخەوە پشتگوێی خستووەو بەهیچ شێوەیەک گرنگی بەو لایەنە نادات، كەچی زۆربەی گرفتەكانی كۆمەڵگەی ئێمە كێشە و نەخۆشی دەروونییە، نەک پزیشكی، بەڵام كەس گوێ بەو لایەنە نادات، ئەوەتا دەبینین هەموو خەڵک بۆ چارەسەری كێشەكانیان سەردانی پزیشک دەكەن، بەڵام گەر داوایان لێبكرێ سەردانی ڕاوێژكارێكی دەروونی، یان خێزانی و كۆمەڵایەتی، یان پزیشكێكی دەروونناس بكەن زویر دەبن، چونكە نازانن ڕۆڵی ڕاوێژكاری دەروونی زۆر گرنگە لەچارەسەری كێشەكان، زۆربەی هەرە زۆری كێشەكانیش لەبنچینەدا كێشەی كۆمەڵایەتین و دواتر دەبنە قەیرانی دەروونی، لەبەر ئەوەی كەس ناچێت سەردانی ڕاوێژكاری دەروونی بكات، بۆیە چارەسەركردنی كێشەكە قووڵ دەبێتەوە و هیچ یەكێک لەلایەنەكان دان بەكێشە دەرونیەكان دانانێن. بۆیە زەرورە ڕاوێژكاری دەروونی خێزانی هەبێت وكاتی ئەوە هاتوە بەجدی كاری بۆ بكرێ.

چونكە گرنگە تاک لەو بوارەدا هۆشیاری دەروونی هەبێت و سەردانی ڕاوێژكاری دەروونی بكەن بۆ چارەسەركردنی كێشەكانیان، بۆیە پێویستەوەک وڵاتانی ئەوروپا هەر

> **"نەبوونی ڕاوێژكاری خێزانی و پسپۆڕی كۆمەڵایەتی لەناو خێزاندا یەكێكی ترە لە هۆكارەكانی تێكچوونی شیرازەی خێزان كە ڕۆڵی گرنگی لە پاراستنی شیرازەی خێزان و باری دەروونی تاكدا هەیە."**

خێزانێک ڕاوێژكارێكی دەروونی هەبێت بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی، ئەمانە هەمووی هۆكار دەبن بۆ كەمكردنەوەی كێشەكانی خێزانی و تەنانەت كەمكردنەوەی نەخۆشییەكانیش.

وەجگە لەهەمووئەوانەی باسم كردن ژینگەی جیاواز و جیاوازی زۆری تەمەن و هاوشان نەبوونی هاوسەرەكان و كۆمەڵێک هۆكاری دیكەی وەک سۆشیاڵ میدیا و خیانەت لەیەكتری كردن دەبێتە لێكترازانی شیرازەی خێزان و سەرەنجام جیابوونەوەیان.

## تەوارەکانی نێو بەندیخانە

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



# باسێک لە خۆڕاگرییەکانی سۆعدا خەدیرزادە

هەر وەک هەموومان دەزانین کۆماری ئیسلامی ئێران پێشەنگە لە پێشێلکارییەکانی مافی مەۆڤ لەسەر ئاستی جیهانی دا کە لە هەموو ئاستەکاندا لە جیاوازی ئایینی، نەتەوەیی، رەگەزی هەر جیاوازییەک کە لەگەڵ بنەما فکرییەکانی کۆماری ئیسلامی دا نەگونجێت. نەتەوەی کورد یەکێک لەو نەتەوانەیە کە بەردەوام لەژێر هەرەشەی چەوسانەوە و بێمافی دایە. بەندکراوانی سیاسی کورد چەند قات لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی دەچەوسێنەوە. کە لەو نێوەندە دا ئەوە ژنانن کە قوربانی یەکەمی چەوساندنەوە و پێشێلکارییەکان مافی مرۆڤن. سوعدا خەدیرزادە یەکێک لەو بەندکراوە سیاسییانەیە کە بە توندترین شێوە کەوتوتە بەر ئازار و ئەشکنجە و دوور لە هەموو ڕێسا و یاساکانی پاراستنی مافی مرۆڤ.
سوعدا خەدیرزادە لە دایک بووی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی لە شاری پیرانشارە لە مانگی خەرمانانی ئەمساڵ بە تۆمەتی هاوکاری لە کوشتنی ئەندامێکی سپای پاسداران سزای ١٢ساڵ و ٦مانگ بەندکرانی بەسەردا سەپێندرا کە ئێستا ئەو خاتوونە لە بەندیخانەی ورمێ بەندکراوە.
سوعدا خەدیرزادە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ی ڕەزبەری ١٤٠٠ی هەتاوی لە حاڵێکدا کە دووگیان بوو و باری تەندرووستی ناجێگیر بوو و پێویستی بە چاودێری پزیشکی بوو لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات دەستبەسەر و گوازرابووە بۆ یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەکانی ورمێ.
ئەو ئافرەتە ڕۆژی دووشەممە١٧ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی پاش ٢٥ ڕۆژ دەستبەسەرکران لە ژێر گوشار و لێپێچینەوە گوازرابووە بۆ بەندی ٤ی بەندیخانەی ناوەندی شاری ورمێ کە تایبەت بە تاوانی جۆراوجۆر و لەلای کەسانێک کە گیرۆدە بە مادەی هۆشبەرن ڕاگیراو و سەبارەت بە دووگیان بوونی ناوبراو هیچ چارەسەرێکی پزیشکی لە بەندیخانە بۆ نەکرا.
پاشان زیاتر لە ٨مانگ ڕاگیران و ناڕوونی چارەنووسی ئەو بەندکراوە سیاسییە ڕۆژی دووشەممە ٣٠ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی کۆرپەکەی لەدایکبوو و بێ ئەوەی هیچ کام لە ئەندامانی بنەماڵەکەی لەلای بن و هیچ زانیارییەکیان لەسەر تەندروستی سوعدا نەبووە و ناوبراو هەتا ٣ کاتژمێر پێش لە لەدایکبوونی کۆرپەکەشی لە بەندیخانە بووە.
هەرچەند یەکێک لە پزیشکەکانی بەندیخانەی ورمێ سەرەتای مانگی جۆزەردان وتبووی کە سوعدا دەبێ بە خێرایی ڕەوانەی نەخۆشخانە بکرێت، بەڵام بەرپرسانی بەندیخانە نەک ئێزنیان نەداوە بیگوازنەوە بۆ نەخۆشخانە، بەڵکوو لە هەرچەشنە خزمەتگوزارییەکیش بێبەشیان کرد.
دواتر سوعدا خەدیرزادە دوای نەشتەرگەری سزاریەن لەگەڵ کۆرپەکەی ڕەوانەی بەندیخانە کرایەوە.
دادگای ئۆنلاینی سوعدا خەدیرزاد بەندکراوی سیاسی کورد کە ١٠ ڕۆژ پێشتر و دوای ئەوەی ناچار بە دانپێدانانی زۆرەملێ لەپێش کامێرا کرابوو، لە بەندیخانەی ناوەندیی ورمێ هەوڵی خۆکوشتنی دا، ڕۆژی چوارشەممە ٢ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی بە پێی لەچاو گرتن لە هیچ ڕێسا و یاسایەک بەڕێوەچوو و لەلایەن لقی سێیەمی دادگای تاوانەکانی یەک جێگیر لە شاری مەهاباد بە سەرۆکایەتی دادوەر غوڵام کەریم خانی بە تۆمەتی هاوکاری لە کوشتنی خدر پیرۆتی نیا کادیری ئیتلاعاتی ورمێ و هاوکاری تۆمەتباری سەرەکی کوشتنەکە (هاوژینەکەی) بۆ دەربازبوونی سزای ١٢ساڵ و ٦مانگ بەندکرانی تەعزیری بەسەر دا سەپێندرا.



حەسەن حاتەمی

# خرۆشان
# لە مەریوانەوە تا تاران

**هەر وەک دەزانین ئەو ڕۆژانە شەقامەکانی ئێران خرۆشاون و دەنگی خەڵکی ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵات هەر بەرزە. ئەو سەرهەڵدانانە لەپێشدا لە مەریوان و بەهۆکاری خۆکوژی ژنێک بەناوی شلێر ڕەشیدی بوو کە بۆ ڕزگارکردنی خۆی لە لاقەکردن و دەستدرێژی لەلایەن بەکرێگیراوێکی ڕێژیم، ئەویش بە شێوەی بانگکردنی بە فێڵ و تەڵەکە بۆ ماڵی خۆی تا بتوانێ پیلانە قێزەونەکەی بە ئاکام بگەیەنێ. ئەو سەرهەڵدان و خۆپیشاندانانە لە مەریوان و چەند شاری دیکەی کوردی زیاتر نەبوو بەڵام کاتێک کە کچەکوردێک لە تاران بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی «پۆلیسی ئەمنیەتی و ئەخلاقی» تاران، دەکوژرێ و ئیتر ئەوە دەبێتە هۆکاری ئەو خرۆشان و سەرهەڵدانانە.**

**هەر بەم هۆکارە دیمانەیەکمان لەگەڵ کاک حەسەن حاتەمی بەرپرسی پێوەندییە ئێرانییەکان کردووە.**





**١ـ بە بۆچوونی ئێوە چۆنە کوشتنی ژنێک دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بێنە سەر شەقام؟**

بەداخەوە پرس و مافی ژن لە جوغرافیای ئێران بەتایبەتی لەدوای ساڵی ١٢٨٥ی هەتاوی کە فەرمانی مەشرووتەی تێدا لەلایەن موزەفەرەدین شا واژۆ کرا، بەهۆی مەشرووعە خوازانی مەشرووتە بە ڕێبەریی شێخ فەزوڵڵای نووری و هاوبیرانی پشت گوێ خرا.

ئێستا کە نزیکەی ٤٤ ساڵە، شۆڕشی گەلانی ئێران بە لاڕێ دا برا و دەسەڵاتی دژی ئینسانی و بەتایبەتی دژە ژنی جمهووری ئیسلامیی لێ بەرهەم هێنرا، کە ژنان و کچان بە کەم دەگرن و لە ڕێگەی شەرع و فیقهەوە بە ڕێبەری رووحوڵلا خومەینی، وەلی فەقیهی سەرەڕۆی یەکەم و جێ پێگرەوەکەی عەلیی خامنەیی وەلی فەقیهی موتڵەقەی دوویەم، ئەو کارەساتە درێژەی هەیە.

بەڵام لە ٨ی مارسی ١٩٧٩ بەرانبەر بە ١٧ی ڕەشەممەی ١٣٥٧، یەکەمین بەربەرەکانی ژنان و کچان بە دژی دەسەڵاتدارانی تاران و قوم لەسەر کێشەی رووپۆش (حیجاب)ی زۆرەملێ، لە تاران بە ڕێپێوانی نارەزایەتی دەستی پێکرد، و بەشێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

ئەو ڕووداوانەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا، بە هۆی گیان لێئەستاندنی ژینا (مەهسا) ئەمینی لە کوردستان و ١٠٠ شار و ٢١ پارێزگای ئێران هاتنە ئاراوە، ناوی ژینا کوردان و مەهسای ئێرانی بە قەولی مەسیحی عەلینیژادی ئازا و بوێر و تێکۆشەر بوو بە هیما یەکگرتوویی و بەرخۆدان لە هەموو شوێنە نارەزایەتییەکان.

بۆیە دەکرێ ژینا (مەهسا)، وەک شەهیدی ڕێی ئازادی و ژیانی ئینسانی پێناسە بکەین. بەداخەوە هەرچەند تا وڵام دانەوە بەو پرسیارانە، ٦ کەس لە خۆپێشاندانە

نارەزایەتییەکان، گیانیان لێئەستێندراوە و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون و خەڵکانێکی زۆریش گیراون.


ئەو نارەزایەتییە بە دوای مانگرتنی گشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر داوای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران چێ بوو. درێژە کێشانی ئەم نارەزایەتییانە کاردانەوە بە زوڵم و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و لەسەرەوەیان ژنان لە ماوەی دەسەڵاتی نگریسی ئیسلامی سیاسیی شیعەی ئەسنا عەشەرییە.

گەلانی نارازیی لەنێوخۆی ئێران کە لە ساڵی ١٣٩٦ لە سەر شەقامەکان دروشمیان دا «اصلاح‌طلب، اصولگرا، دیگە تمومە ماجرا»، لە ساڵەکانی ١٣٩٧ و ٩٨ هاتنەوە مەیدان و بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر گیانیان لێئەستێندرا و هەزران ژن و پیاو و کچ و کوڕ زیندانی کران.

لە ساڵی ١٤٠٠ هەم لە بە ناو هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامی و هەم سەرکۆماریی کە ئیبراهیم ڕەئیسی قاتڵی زیندانییە سیاسییەکان، گەلانی بەرایی ئێران کەمترین دەنگیان دا. ئەو ڕۆژانە رئیسی قاتڵ بەداخەوە لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێگەی پێدراوە راستەوخۆ قسان بکا. نارەزایەتییەکان لە ساڵی ١٤٠١دا، زۆر و زۆرتر بوون.

بە پێویستی دەزانم باسی ئەو تویتە گرینگەی عەلی کەریمی، یاریزانی بە ناوبانگ بکە کە پتر لە ٢٥ میلیۆن چاویان لێکردبوو. ئەو گوتبووی: کەسانێک ساڵی ١٣٥٧ لەو ڕێژیمە حاڵی بوون، کەسانێک ٦٧، کەسانێک ٨٨، بەشێک لە ٩٦، کۆمەڵێک لە٩٨ و ١٤٠٠. سەڵا لەو کەسانەی کە ئێستاش حاڵی نەبوون.

هەروەها، کەسێک بە ناوی حەبیبوڵلای مستوفی لە ماڵپەریی هەواڵی لێکدانەوەی سڵاو پاوە سەبارەت بە ژینای نووسیوە: مەهسا لە ڕۆژی هەینی (١٨)ی پووشپەڕی تاران، کە نارەزایەتیی خوێندکاران بوو، یەک ساڵە بوو و لە لانکێ دا، لایی لایی دایکی بە گوێ دا، دەچرپێندرا. ئەو هیچکات نەیدەزانی ٢١ ساڵ دواتر لە تاران تاڵە مووی ئەگریجەی دایکی «زگ سوتاو




دەکا؟! و نەتەوەیەک تووشی سەرسوورمان و غەمبار دەکا!؟

لە دواین دێڕەکانی وڵامی پرسیارەکەت دا، پێویستە ئەوە بڵێم کە: ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک، تەوریزی کاتی سەرەڕۆیی بچووک (استبداد صغیر) دوای کوودێتای محەممەد عەلیی شایە ویکچوونی هەیە کە، لە هەموو تەوریز یەک گەرەک بەرخۆدان و بەرگری دەکرد بە ناوی ئەمیر خیزی» و دوایی لەو گەرەکەش یەک ماڵ ئاڵی سپی هەڵنەکرد کە پێگەی سەتار خان و باقر خان بوو. ئەو هەواڵە کە بەجۆری خۆی بڵاو بۆوە. دوای



ماوەیەکی کورت لە ڕەشت و لۆرستان و زۆر شوێنی دیکە لە بەرانبەر سەرەڕۆیی دا، ڕاوستان. نارازیان تارانیان گرت و ...

**٢ـ ئێوە وەک کەسێک کە چەندین ساڵە کاری تەشکیلاتی دەکەن و لەگەڵ خەڵکی نێوخۆ پێوەندی چرتان هەیە ئومێدێک لەم جوڵانەوانەی ئێستادا دەبینن؟**

هەموو جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازیی بە ئومێدی سەرکەوتن دەستپێدەکا و برینی ڕێگەی پێگەیشتنیش بێ تێچوو نابێ. بەتایبەتی ئەگە جووڵانەوەکە لەگەڵ دیکتاتۆر و سەرەڕۆ گەلێک بەرەوڕوو بێ کە بەردەوام سەرکوت و تەپەسەریی و گرتن و زیندانی و ئیعدام و کوشتار بکانە هۆی مانەوەی بە هەموو نرخێک.

لە ئێران دا، بەداخەوە پتر لە ١٠٠ ساڵە چە لە دەسەڵاتی پەهلەوییەکان و چ دەسەڵاتی فەقیهەکان دا، ئازادی و دێموکراسی، نەتەنیا جێگیر نەبوون، بەڵکوو سەرکوت و تەپەسەریی بەردەوام بوونە کاری بەردەوام. چۆن دەسەڵاتی ٥٧ ساڵە پەهلەوییەکان لەلایەن گەلان بە مێژوو سپێردرا؛ دەسەڵاتی ڕێژیمی ئاخوندکان و دەست وپێوەندەکانیان، بە خەبات و تێکۆشانی شلێگیر چارەنووسی سەرەڕۆیانی مێژوویان دەبێ.

بۆ وێنە دەتوانیین ئاماژە بە چێکۆسلۆڤاکی بکەین کە لە ساڵی ١٩٦٨دا، یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشووهێرشی نیزامیی پێ کرد و ئیزنی بە ئاڵوگۆڕخوازی نێو حکوومەت نەدا. ئەوانەی داوای ژیانی مرۆڤی ئازاد و سەربەخۆ بە پێی وەزعییەتی خۆیان و دوور لە گوێرایەڵی لە سۆڤییەت و حیزبی کۆمۆنیستەکەی دەویست، لە حکوومەت لادران. گیران و زیندانی کران یا دوور خرانەوە و تاراوگە نشین بوون.

بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٨٩ کە دیواری برلین رووخا و لەساڵی ١٩٩١ یش یەکیەتیی سۆڤییەت لەنێوخۆیی دا دارما، چێکۆسلۆڤاکی لە دێسامبری ١٩٩٢ دا، لە چووارچێوەی گۆڕانخوازییەکان دا، بوو بە دوو وڵاتی کۆماریی چێک و سلۆڤاکیا.

ئەو خەبات و تێکۆشانەی چین و توێژەکانی کرێکاران، ژنان، مامۆستایان، خانەنشینەکان، فێل لێکراو و پووڵ دزراوەکان، نەتەوە نافارس و ئازادیخوازە فارسەکان و ... لە نزیک پێنج ساڵی رابردوودا کران. نارەزایەتییە پەنگ خواردووەکانی گەلان و داخوازییە رەواکانیان ئەم جار کە دوای شەهید کرانی ژینا (مەهسا) ئەمینی وەک گڕکانێک لە کوردستان دەستی پێکرد و زۆربەی شارو شارۆچکەکانی گرتۆتەوە، وەک پێشوو




ئیزن بە لنگ دانی ئەسپیی سەرەڕۆیی دەسەڵات نادەن. من خۆشبیین و گەشبییم بەو هاتنە مەیدانە پڕ گرینگە نوێیە.

**٣ـ خۆکوشتنی شلێر خەڵکی مەریوان و بەشێک لە شارەکانی کوردستانی شڵەژاند و هێنانیێ دەرێ بەڵام کوشتنی ژینا بوو بە هۆکاری خرۆشان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و تەنانەت شارەکانی تری ئێران وەک تارانیشی گرتەوە هۆکاری ئەو خرۆشانە تەنیا کوشتنی کچێک بوو یان دڵپڕیەکی کۆنترە لەو حکوومەتە کە ئەمڕۆ دەرکەوتووە؟**

بابەتی ژینا (مەهسا) ئەمینی لەگەڵ شلێر ڕەسووڵی لەوە دایە کە، ڕووداوە دڵتەزێنەکەی خاتوو شلێر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ومەریوان بوو، کە ڕواڵەتەکی خۆ هەڵداشتنی بووە کە خۆ لە لاقەکردنێک ڕزگار بکا و لەبەرانبەر سوننەگراییەکی نابەجێ بە ناوی پاراستنی «ناموس»یش، بەداخەوە جۆرێک وەک خۆکوژییەک دەچێ!؟

بەڵام کەیسی ژینا (مەهسا)ی جیاوازە. ئەو بە سەفەر چووبوە تاران. کوردێکە و چووبوو بۆ گەڕان و سەیران. لاوێک کە لەگەڵ براکەی بە عیشق و ئەڤینێکی مەزن کە لە زانستگە قبووڵ بووە بە پێی هەواڵەکان، لەکاتی پشووی هاوینی لە تاران کە وێنە و شوێنێکی بە ناوی مەیدانی ئازادی لێیە، دەتوانێ لانی کەم چەند ڕۆژ بە ئازادی تێپەر بکا. بەڵام بە تاوانی درووینی ڕەعایەتی نەکردنی ڕووپۆشی زۆرە ملێ، لە لایەن «گەشتی ئێرشاد» دەگیرێ و بە لێدان و توندوتیژی نواندن شەهید دەکرێ. لە لایەن خەڵکانی شەقام و دروشمەکانیان، «گەشتی ئیرشاد بە گەشتی کوشتار» ناودێر دەکرێ.

ژینا (مەهسا) لاوێکی جوانی بەرگ پۆش جوان، بە تاوانی کورد بوون، شەهید دەکرێ. ژینای کوردان بۆ بە مەهسای ئێران و دڵی میلیۆنها مرۆڤی هەژاند و وشیاریی و بێداری سەرانسەریی بە دڵۆپ دڵۆپ خوێنی خۆی بەرهەم هێنا.

ئومێدەوارم ئەو غەدرە مەزنەی لە ژینا (مەهسا) کرا و ئەو پشتیوانە مەزنترەی گەلانی ئێران لەنێوخۆ و دەرەوە لێیان کرد؛ ببنە هەوێنی تێکەوە پێچانی تۆماری ئەو ڕێژیمە نگریسە کە وەک محەممەد بووعەزیزی تونێسی، ناوی لە مێژووی ئازادیخوازیی و ڕزگاریی گەلان دا، تۆمار کرێ.

**٤ـ مەسەلەی حیجاب لە کوردستان مەسەلەیەکە کە لەدوای داواکانی دیکەی خەڵکی کوردە و تەنانەت قەت کورد وڵامی داواکانی ڕێژیمی لەسەر حیجابی زۆرەملی نەداوەتەوە بەڵام ئێستا کە خەڵکی کورد کێشەیان کوشتنی کچێکە فارسەکان بەشێوازێک خەریکن دەیخەنە سەر مەسەلەی حیجاب و دەیانهەوێ بەو لایەی دا بەرن، ئێوە پێتان وانییە ئەوە بەشێوەیەک بەلاڕێدابردنی مەسەلەکە واتە ئەو زوڵمە گەورەی کە بە شێوەی سیستماتیک و سیاسی لە ژنانی کورد دەکرێ بێ؟**

مەوزووعی ژینا (مەهسا)، مەسەلەی ڕووپۆشی زۆرەملێ نییە. ژن و کورد بوون، جوان و جوان پۆشی بەشێکن لە مەزووعە کە کوردبوون و ژن بوونەکەی بەرجەستەترن. لەو پێناوە دا پتانسێلی بەهێزی کوردان و حیزب و لایەن و کەسایەتییەکانی کە پتر لە ٤٠ ساڵە لە ڕیزی سەرووی تێگەیشتوانی بێ نێوەرۆکی ڕێژیمی ئیسلامی سیاسی لە ئێران بوون، و ئێستا بوونە پردێک بۆ ناڕازایەتیی سەرانسەری گەلان لە ئێران دا، بە پیلان و بەرتەسک کردنەوەی مەسەلەکە، ئەو یەکیەتییە مەزنە خەریکن تێک بدەن.

بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و هاوخەباتی هەموو لایەک کە «دەردی هاوبەش» مان هەیە، بۆ دەرمانەکەشی دەبێ خەبات و تێکۆشانی هاوبەشمان هەبێ، بە چەواشە کاریی وشیاریی و بێدارییەکەی، کە بێشک هەوڵی ڕێژیم و هاوبەشەکانییەتی، خەریکن کەمرەنگی دەکەنەوە. پێویستە هەموو لایەک بە وشیاری

لەو پیلانە تێبگەن و هەرهەوڵێکی چووکەکردنەوە و بەلاڕێ دابردنی، شەپوولی بەرینی نارەزایەتییەکان پووچەڵ کەنەوە.
کاتێک لە شەقام و کۆڵانەکان، لەسەر دیوار و بانی ماڵەکان، «مەرگ بۆ دیکتاتۆر» و «مەرگ بۆ خامنەیی»، دڵی داگیرکارانی دەسەڵاتدار وەخورپە دەخا، تاوانباریی سەرکیی دەردەخا. بۆیە بە باسکردن لەو قسانەی لە پرسیارەکەی بەڕێز دا هاتوون، لە فیدا بوونی ژینا (مەهسا) کەم ناکاتەوە و پتر جنایەتکارانی پێ ریسوا دەبێ.

**٥- ئێوە ئاکامی ئەو جووڵانەوانە تا کوێ دەبنن؟ پێتانوایە ئومێدێک هەبێ؟**

ئەو شەپۆلە بەرینە نارەزایەتییە تازە دەستی پێکردەوە و بەخۆشییەوە درێژی هەیە. پێش بینی بە تەواوی ئاسان نییە. بەلام ڕێژیم پێش شەهید کردنی ژینا (مەهسا) و دواتری لە لایەن گەلانی ئێران، وەک باسکرا، زۆر جیاوازە. ڕێژیم پێیوابوو ئەو جینایەتەش وەک جینایەتەکانی فەرنازی خوسرەوەی و شلێر ڕەسووڵی و دەیان کەسی دیکە، بە تێچوویەکی زۆر کەم، بە سەرکوتی بێبەزییان دەتوانێ هەوڵی سەوداسەرانی ئازادی و مافی یەکسانی و مرۆیی هەر لە کوردستان، کپ بکا. بەڵام لە نێو بەشێک لە میدیا، بەتایبەتی ڕۆژنامەکانی لایەنگریی ڕێژیمیش دا، باسی بەغەدر کوژرانی ژینا (مەهسا) لە ڕۆژەڤ دایە و مانشێتی زۆری لێخوڵقا. وەزعەکە جۆرێکە ئێستا هەموو ئێران کوردستانە و کوردستان هێلی ئازادیخوازانە.
لە کار و هەوڵ و زەحمەتیش دا، کۆڵبەری کوردستان هێمای زەحمەت و سەختکۆشی نەسرەوتووی ژیانن. لە نێو خەباتی ئازادیخوازانە و ماف ویستانەش دا، پێشمەرگە هێمای فیداکاریی و باسکی بەهێزی گەلە. ئەو پتانسێلە بەهێزانەش دەتوانن هێمای دیکەی وزە خولقێنی خەبات و تێکۆشان بۆ سەرکەوتن بن.



# بەشێک لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان



شەهرام سوبحانی

کۆماری ئیسلامی یەکێک لە حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە کە هەتاهەتایە ناوی لە ریزی دڕندەترین حکوومەتە دژە مرۆڤییەکاندا دەمێنێتەوە.

کۆماری ئیسلامی لە ئێران دەسەڵاتێکە کە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە تا ئێستا، دەستی بە خوێنی هەزاران رۆڵەی کورد سوور بووە.

بۆ راستی ئەم بابەتە دەتوانین چاوێک لە رابردوو و کردەوەکانی ئەم نیزامە ملهوڕە بکەین، ئەوکات بەجوانی دەردەکەوێ کە لە هەر ساڵ و مانگ و رۆژێکی تەمەنیدا، دەیان تاوان و جەنایەتی لە کارنامەی رەشی خۆیدا تۆمار کردووە.

ئەگەر بمانهەوێ ئاوڕێک لە هەموو جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە، دەبێ روو لە بیرەوەری بەندکراوانی سیاسی و شاهید و ڕۆژنامەکانی ٤٠ ساڵی رابردوو بکەین بۆ ئەوەی مێژووی ڕاستەقینەی ئەو دەسەڵاتە سامناک و بێبەزەییە نیشان بدرێ، دەنا نوسینی چەند دێڕێک ناتوانی رەنگدانەوەی ئەو هەموو جینایەت و کارەساتە بکات.

لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە چەند نموونە لەو جینایەتانە دەکەین.

بەشێک لە جینایەتەکان بریتین لە؛

لە سێدارەدانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، ئەشکەنجەی نامرۆڤانە لە سیاچاڵەکانی کەهریزەک، فەشافوویە، ئێڤین و ... هتد و گۆڕستانی خاوەران، زیندەبەچاڵ و ئەنفالکردنی هەزاران زیندانی سیاسی و عەقیدەتی لە ساڵەکانی ٦٠ تا ٦٧ و هەروەها ئیعدامی بەهایی و جوولەکەکان و تیرۆری کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران وەک (د.قاسملوو، د.شەرەفکەندی، شاپوور بەختیار و ..هتد) و

دروستکردنی دەیان تاقم و گروپی تیرۆریستی لە دەرەوی وڵات(حەشدی شەعبی، حووسی، حیزبوڵڵا، سپای قودس، زەینەبیون، فاتێمیون و ...هتد). کە ئاسایش و ئارامییان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بڕیوە.

تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی زۆرن، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە جێگای باسە جینایەتەکانی ئەو دەسەڵاتەیە لە کوردستانە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە تێرۆری سیستماتیک و شەهیدکردنی ئەندامان و رێبەرانی حیزبەکانی کوردستان بکەین کە بەداخەوە شەهید «مووسا باباخانی» تازەترین قوربانی تێرۆری ئەو رژیمەیە کە لە پیلانێکی دزێودا و لە شەوی ١٤ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاویدا، بەدەستی بەکرێگیراوێکی رێژیم و لە هۆتێلێکی هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان تێرۆر کرا و تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدانی حیزب و گەل کرا.

دەسبەسەرکردنی دەیان چالاکی سیاسی و مەدەنی وەک زارا محەممەدی، تەنیا بە تاوانی وانەبێژی زمانی دایکی بە منداڵانی کورد و هەروەها زەینەب جەلالییان کە چەندین ساڵە لە چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەستبەسەرە، نموونەیەکی دیکە لە جینایەتەکانی ئەو رژیمەیە لە ئێران.

بە درێژایی تەمەنی رژیمی ئیسلامی لە ئێران، دەبینین کە بە دەیان ژن و پیاوی دیکە تەنیا بە تاوانی کورد بوون گیراون و ئەشکەنجە کراون و لە سێدارە دراون. کەسانی وەکوو فەرزاد کەمانگەر، حەیدەر قوربانی، رامین حۆسەین پەناهی، لوقمان و زانیار مرادی کە هاوشێوەی ٥٩ لاوی مهاباد تیرباران کران ئێستاش بێسەروشوێنن.

بەتاڵانبردنی کانزا سەر زەوی و ژێر زەوییەکانی کوردستان و هاوکات لەنێوبردن و شەهیدکردنی ژینگە و ژینگەپارێزی وەک «شەریف باجوەر» و هاوڕێیانی، و کوشتنی رۆژانەی کۆڵبەرەکانی کورد سەر سنوورەکان، لاپەڕەیەکی رەشی دیکەیە لە دەفتەری جینایەتەکانی رژیمی ئیسلامی لە ئێران. ناردنی جەلادە بەناوبانگەکانی وەکوو سادق خاڵخاڵی و حەسەنی بۆ کوردستان و کۆمەڵکوژی خەڵکی شارەکانی کوردستان بەتایبەت لە سنە و پاوە و قاڕنێ و قەڵاتان و ...هتد، نموونەیەکی دیکەی لە قڕکردنی خەڵکی بێتاوانی کوردە.

ڕێژیمی خومەینی دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی و دزین و بەتاڵانبردنی بەرهەمی شۆڕشی گەلانی ئێران، نەیویست مافەکانی خەڵکی کورد بدات و لە ئاکامدا وڵامی ئاشتیخوازی کوردیان بە شەڕێکی نابەرابەر دایەوە کە فتواکەی لە ڕێکەوتی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی، لە لایەن خومەینی جەلاد و ژین کوژەوە دژ بە خەڵکی کوردستان درا. لەو شەڕە کە بە شەڕی سێ مانگە بەناوبانگە، سەدان کەس لە خەڵکی بێ تاوانی کوردستان کوژران و نەورۆزی سنەی خوێناوی لە لاپەڕەکانی مێژووی کورددا سەلمێنەری ئەو تاوانە مەزنەی رژیمن.

لە راستیدا کۆماری ئیسلامی هەمیشە بە چاوێکی ئەمنییەتی تەماشای خاک و خەڵکی کوردستانی کردووە و کوردستانی بە هێزی ئاگر و ئاسن و پووتین بەڕێوە بردووە و ئیدارە کردووە.

یەکێکی تر لە تاوانە مەزنەکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە کوردستان، هێرشی مووشەکی سوپای تێرۆریستی پاسداران بوو بۆ سەر قەڵای حیزبی دێموکرات. هێرشێک کە لە ڕێکەوتی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کردە ئامانج و بەداخەوە ١٦ پێشمەرگە و کادر و ئەندامی رێبەری حیزب شەهید بوون و نیزیک بە ٥٠ کادر و پێشمەرگە و ژن و منداڵی بێ تاوان بە سەختی بریندار بوون.

ڕێژیمی ئیسلامی تاران پێی وابوو کە بەو هێرشە تێرۆریستییە دەتوانێ بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان لەنێو بەرێ، بەڵام بەپێچەوانە و هەر چوار رۆژ دوای ئەو هێرشە، خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢١ی خەرماناندا بە مانگرتنێکی جەماوەری لە شارەکانی کوردستان، بۆ جارێکی دیکە «نا»یەکی توندیان بە دەسەڵاتدارانی تاران گوتەوە و نیشانییاندا کە وەک جاران پشت و پەنای حیزبەکانی خۆیانن.

ئەوەی کە جێگەی سرنجە ئەوەیە کە هەر لە ١٧ی خەرمانان و هەمان رۆژی موشەکبارانەکەدا، سێ کەس لە ئەندامانی کۆمەڵە بە ناوەکانی زانیار و لوقمان مرادی و رامین حوسێنپەناهی لە سێدارە دران.

هەر ئەو مانگرتنە گشتییە بوو کە سادق-ی زیباکەلام، کەسایەتییەکی باڵای ڕێژیمی هێنایە دەنگ و لە وتووێژێکیدا گوتی؛ «ئەگەر بە چاوی خۆم نەمدیبایە، قەت باوڕم نەدەکرد



کە هەموو خەڵکی کوردستان دوای ئەو هێرشە، مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاند و پشتیوانیان لە حیزبیەکانی خۆیان کرد».

مانگرتنە پیرۆزەی خەڵکی کوردستان، مشروعییەتی سیاسی حیزبە کوردییەکانی بە ڕێژیم و بە دوست و دوژمنانی گەلەکەمان سەلماند و داری پەشیمانی لە دڵی ڕێژیمدا چەقاند. هاوکات ئەو ڕاستییەشی ئاشکرا کرد کە حیزبی دێموکرات و حیزبە کوردییەکان، تەنیا لە دەرەوی سنوورەکان نیین، بەڵکوو لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دان.

لە کەس شاراوە نییە کە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، هۆکاری سەرەکی ناسەقامگیری و نەهامەتییەکانی خەڵکی کوردستان و ئێرانە، و هەتا ئەو زێهنییەت و مەنتاڵیتەیە دەسەڵاتی سیاسی ئێرانی بەدەستەوە بێ، کێشە و نەهامەتییەکان نەتەنیا کەم ناکرێنەوە، بگرە زیاتر پەرە دەستێنن.

هیوادارم یەکیەتیی ئورووپا و وڵاتە زلهێزەکان ڕێگا لە کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی بگرن تا زیاتر ئەمنییەت و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەکەوێتە مەترسی.

چوونکە وەک ئەوەی لە سوورییە و لوبنان و عێڕاق و یەمەن بینیمان، ئەگەر بێت و پێش بەو سەرەڕۆییانەی کۆماری ئیسلامی نەگیرێت، نەتەنیا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵکو مەترسییەکی گەورەیە بۆ هەموو جیهان. بە تایبەت لە ئێستادا کە هەوڵی بەرهەم هێنان و دەستپێڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکی زیاتر بووە.

دەبینی کە ئەمڕۆ ڕێژیم لەگەڵ قەیرانێکی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەرەوڕووە و تەنیا ڕێگای ڕزگاربوونی خەڵکی ئێران بە گشتی و کورد بەتایبەتی، پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێز و هاوبەش و یەکگرتووە تاکوو بە یەکەوە بتوانین چارەنووسی سیاسی وڵاتی خۆمان بەدەستەوە بگرین و لە ژێر سێبەریدا بحەسێینەوە.


ئەوەش ئەرکی نەتەوەیی و نیشتیمانی هەر تاکێکی کوردە و لەسەرمان فەرز دەکا کە لە هەر شوێن و جێگایەکین، یان خود هەر پۆست و مەقامێکمان هەیە، پێشمەرگە ئاسا و دڵسۆزانە بۆ بەئاماج گەیاندنی بزووتنەوەی ئازادی و رزگاری کوردستان، تێبکۆشن.


## کۆڕی پەردەلادان لە سەر کتێبی کچە پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات

پەردە لەسەر کتێبی "چیرۆکی دوای ئەشق" لە وەرگێڕانی ئەوین غوڵامی، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لادرا.

سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ١٧ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی، بەئامادەبوونی بەشێک لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات کوردستان، لە کتێبخانەی گشتیی حیزبی دێموکرات، کۆڕی پەردەلادان لە سەر بەرهەمی کتێبی "ئەوین غولامی" بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕوحی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد و دواتر خاتوو








ئەوین غولامیێ وەرگێڕی کتێبەکە چەند وتەیەکی سەبارەت بە ناوەرۆکی کتێبەکە پێشکەشی ئامادەبوان کرد.

چیرۆکی دوای ئەشق یان (شیری ڕەش)ـە لە نووسینی (ئەلیف شەفەق) نووسەری تورک زمان، ڕۆمانێک پڕ لە وردەچیرۆک و ڕووداو و ژیانی تایبەتی ئافرەتان هەر لە منداڵییانەوە تا گەورەبوونیان.

دواتر شۆڕش غەفووری نووسەر و وەرگێڕ کە ئەرکی پێداچوونەوە ویراستاری کتێبەکەی لە ئەستوو گرتبوو چەند وتەیەکی پێشکەش بە ئامادە بوان کرد.

# ئازاری سێکسی بۆسەر منداڵ و پێشگیری کردنی



نگین عەلی‌ڕەمایی

دەستدرێژی جنسی یا سێکسی بۆ سەر منداڵان، یەکێک لە سامناکترین ئەزموونەکانە کە هێندێک لە منداڵ لە تەمەنی زور کەمەوە لەگەڵی بەرەوروو دەبن.

بە گشتی دەتوانین بڵێین ئازاری سێکسی، بەواتای ناچار کردنی منداڵێک دێ بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەکی جنسی لەگەڵ کسی گەورەتر لەخوی.

لە زۆربەی هەرە زۆری کەیسەکانی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان، بەداخەوە کارتێکەری و باندۆری ئەو دەستدرێژییە ساڵیانی ساڵ لەگەڵ منداڵەکە دەمێنێتەوە و زۆر جاریش ئاکامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە لەو حاڵەتەدا کەسێک کە دەبێتە قوربانی دەستدرێژییەکە، لە تەمەنی هەرزەکاری و پاشان لاوێتی و تەنانەت گەورەیی و هەموو تەمەنیدا، باوەڕ بە خۆبوونی لاواز دەبێ و هەندێک جار هەر باوڕبەخۆبوونی نامێنێ و بەردەوام هەست بە کەمی لە ناخی خویدا دەکات. ترس لە خەڵک و دڵەڕاوکێ و بینینی کابووس و مۆتەکە لە خەودا و بە گشتی تێکچوونی باری دەروونییان، ئاکامی ئەو کردەوە قیزەونەیە.

بێ گومان سەرهەڵدانی ئەم دیاردانە لە کۆمەڵگادا هۆکاری جۆراوجۆری لە پشتن کە ڕێخۆشکەرن بۆ ڕوودان یا پەرەسەندنی ئەم دەستدرێژییانە بۆ سەر منداڵان. یەکێک لەو هۆکارانە بیروباوەڕی غەڵەتی دایک و باوکە لەمەڕ پەروەردەی منداڵەکانییان. بو نمونە زۆربەی دایکان و باوکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە تەنیا کچەکانن کە توشی ئازاری سێکسی دەبن و کوڕەکانیان لەو ئازارە پارێزراون. لە حاڵێکدا وانییە و بە هەڵەداچوون. چونکە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کوڕان زیاتر لە کچان دەچنە دەرێ و کەمتر لە ماڵێ دەمێننەوە، بویە مەترسی ئەو ئازارانە لە سەر کوڕەکانیش زورە و ئامارەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن.

یەکێکی دیکە لە بیر و باوەڕە هەڵەکانی کۆمەڵگای ئێمە ئەوەیە کە دایکان و باوکان پێیان وایە، ئەگەر ئەو مژارە لەگەڵ منداڵەکانییان باس بکەن و بیورووژێنن، ئەوە ڕویان لە رومان دەکرێتەوە و رودار دەبن، یا خود خۆمان سرنجی منداڵەکە بۆ لای ئەو دیاردەیە ڕادەکێشن و بەو ئاراستەیەدا دەنێرین.

بۆیە زانستی و لۆژیکییە کە منداڵ بەرچاوڕوونی لەو بوارەدا لە دایک و باوکی خۆی وەربگرێت و زانیاری لە بواری جەستە و هەستەکانی خۆی پەیدا بکا، نەوەک لە دەرەوە و بە شێوەیەکی نائاسایی ئەزموونی بکا. هەر بۆیە بنەماڵە و دایک و باوک بە یەکەم مەکتەبی ئەخلاقی منداڵ پێناسە دەکرێن.

یەکی دیکە لە باوەڕە هەڵەکانی کۆمەڵگای ئێمە ئەوەیە کە، پێمانوایە تەنیا بێگانە ئازاری جنسی منداڵەکانمان دەدا. ئەوەش وادەکا کە تەنیا لە خەڵکی بێگانەی دوور خەینەوە. لەکاتێکدا ئەگەر سەیری ئاماری دەستدرێژی یا ئازاری سێکسی منداڵان بکەین، دەبێنین کە ٧٠٪ لەو ئازارانە لە لایەن خزمی نیزیکی وەکوو خاڵ، مام، برا، باوک، باپیر و تەنانەت پور و باوەژنی منداڵەکە کراوە. ناخەژێنترین ڕووداو کە لەم بوارەدا و بەم دواییانە قەوماوە، دەگەڕێتەوە بۆ نەورۆزی ١٤٠٠ی هەتاوی کە تێیدا باوکێک دەستدرێژی کردە سەر کچە ١٧ مانگانەکەی و لە ئەنجامدا منداڵەکە گیانی لەدەست دا.

زۆرکات بووە کە دەستدرێژی کراوەتە سەر منداڵێک و لە بری ئەوەی یارمەتی منداڵەکە بدەن، بە تاوانباری سەرەکیی دانراوە و سەرکۆنەش کراوە. ئەوش هەڵسووکەوت و باوەڕێکی دیکەی غەڵەتە کە تێیدا بەشێوەی نالۆژیکی و بە تەوهین و قسەی ناڕەوا، هێرش دەکرێتە سەر منداڵ و دەڵێین خۆی کێشەی هەیە، دەنا ئاوا بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدەدا. واتە زۆر بە ئاسانی منداڵە بێتاوانەکە هەر لە سەرەتای منداڵییەوە بەوە تاوانبار دەکرێ کە خوی ڕێگەی بە ئەنجامدانی ئەو کارە داوە. بێخەبەر لەوەی کە ئەو منداڵە لە ناخی خۆیدا چ ئازارێک دەکێشێ.

لەم قۆناغەدایە کە منداڵ لە گوتنی ڕاستییەکان دەترسێ و خۆ دەبوێرێ. چونکە هەمووکات لەو پێوەندییەدا سەرکۆنە و سەرکوت کراوە و دوای ڕوودانی دەستدرێژییەکە، ئیدی توانای دەربڕین و باس کردنی نامێنێت.

باوەڕێکی دیکە کە هەڵەیە ئەوەیە کە، وابزانین تەنیا پیاو دەستدرێژی دەکاتە سەر ڕەگەزی بەرانبەری. هەڵبەت ڕاستە کە ئازار و دەستدرێژی سێکسی لە لایەن ژنانەوە بەنیسبەت پیاوان زور کەمترە، بەڵام لە لایەن ژنانیشەوە ئازاری سێکسی منداڵان دەدرێ و نابێت چاوپۆشی لە ڕێژەیەش بکەین، ئەگەر چی کەمیش بێ.

ئەم بیرو باوەرە هەڵانە، دەبێنە هۆی پەرەسەندنی ترس و دڵەڕاوکێ لە منداڵەکانماندا و لە ڕاستیدا خومان هۆکاری سەرەکیی بێدەنگ بوونی منداڵەکانمانین، لە بەرانبەر ئازاری جنسی و سێکسی.

چەند شتێک لە دەروروبەرمان هەن کە دەتوانن کارتێکەرییان هەبێ لەسەر زێدەبوونی مەترسییەکانی ئازاری سێکسی لە سەر منداڵەکانمان کە ئەمانەن:

- یەکییان پێکهاتەی بنەماڵە و شوێنی گەشەی منداڵەکەیە کە ڕۆڵ دەبینێ. بۆ بموونە ژیان کردنی منداڵ لەگەڵ باوەژن، یا ژیان کردن لە ماڵی باپیر یا خاڵ یا مام و پوور و یا کسانی دیکە و دوور لە دایک و باوکی خۆی.
- یا گەورە بوونی منداڵ لە گەڕەکێک کە تاونی زوری تێدا دەکرێ. وەک ئەو گەڕەکانەی کە مادەی هۆشبەریان تێدا بەرهەم دێ و دەفروشرێ و لەشفروشی و دزیی تێدا باوە.
- ژیان کردن لەو شوێنانەی کە دور لە ئاوەدانین. وەک باغەکان یا شوێنەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر و ئاژەڵە خۆماڵییەکان (دەواجین – گاوداری) و کوورەخانەکان کە دور لە شار و ئاوەدانین.

ئەگەر لەم شوێنانە دایک و باوک چاویان بەسەر منداڵەکانیانەوە نەبێ، لەوانەیە ببنە نێچیری کەسانی نەخۆش بە ئازاری سێکسی و جەستەیی و هەتاهەتایە ڕووح و جەستەیان ئازار بکێشێ.

- ڕووپێنەدان و نەبوون و نیشاننەدانی هەستی خۆشەویستی لەلایان دایکان و باوکان بە نیسبەت منداڵەکانیانەوە، زۆر جار ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ ئەوەی کە منداڵەکەمان زۆر بە ئاسانی لەلایەن کەسی دەستڕێژیکەرەوە هەڵخەڵەتێندرێ. لێرەدا لە دوو لایەنەوە منداڵ هەست بە نائەمنی دەکات. یەکەم لە ترسی لێدانی دایک و باوکی بێدەنگ دەبێ. دووهەم بەپێی پێویست، موحیبەت و خۆشەویستیی

بەرانبەر نەکراوە، بۆیە موحیبەت و خۆشەویستی کەسێکی بێگانە یا ناسیاوێک، زوو سەرەنجی ڕادەکێشێ و لە ئەنجامدا بێدەنگی هەڵدەبژێری لە بەرانبەر ئەو دەستڕێژییەدا. لە ئەنجامدا ئەو تاوانە دووپات دەبێتەوە و منداڵەکە بوێری گوتنی دەستدرێژی بۆ سەر خۆی نابێ و لە لای کەس باسی ناکات. تا لێکەوتەکانی ئەو ئازارانە لە دوایی و درێژەی تەمەنیدا خۆیان دەردەخەن.

- کات بەسەربردنی زۆری منداڵ لە گەڵ کەسانی گەورەتر لە خۆی کارێکی هەڵەیە. بۆ نموونە نابێ منداڵ بۆ ماوەیەکی زۆر لە لای مامۆستا یا مورەبی یا خزم و کەس و کار بمێنێتەوە. دیارە لە هەموو حاڵەتێکدا وا نییە و لە کۆمەڵگەدا کەسانی شەریف و جێی متمانە کەم نین، بەڵام هەموو کات خۆپاراستن لە مەترسییەکان لە هەموو بوارێکدا باشترە و نابێ ڕێگە بدەین بۆ کاتێکی زۆر منداڵەکەمان لە خۆمان دوور بێتەوە. بەتایبەت نابێ ڕێگە بدەین بە هیچ شێوەیەک منداڵەکەمان بەتەنیا و بۆ شەو لە ماڵی کەسێکی دیکە بمێنێتەوە.

دەبێ دایکان و باوکان بزانین منداڵەکەیان لەگەڵ کێ هاوڕێیەتی دەکا و ڕێگە نەدەن زۆر تێکەڵی منداڵێک بێ کە لە ماڵەوە کێشەی ئەخلاقیان هەیە .

باوڕێکی دیکە کە زۆر هەڵەیە ئەوەیە کە، هەندێک دایک و باوک منداڵەکەیان ناچار دەکەن کە بڕواتە باوشی کەسێکی خزم یا بێگانە و ماچیان پێ بدات. ئەوە لەڕاستیدا خۆیان منداڵەکەیان فێر دەکەن کە لەباوشگرتن و ماچ کردنی خەڵکی بە لایەوە ئاسایی بێ و توانایی جیاکردنەوەی ئەوەی نەبێ کە کەنگێ لە مەترسی دەستدرێژی یان ئازاری سێکسی دایە.

ئەو منداڵانە کە ئازاری سێکسی دراون و یا خود هەڕەشەیان لێ کراوە، هەندێک نیشانە لە هەڵسوکەوتییاندا هەیە کە دەبێ دایکان و باوکان بیزانن و ئاگاداری بن تا منداڵەکانیان لەو ئازارانە بپارێزین.

بۆ نموونە:

- منداڵ خەوی ناخوش دەبینێ و لەخەو دا هاوار دەکا.
- ئاڵووگۆڕ لە ئیشتیای منداڵ و جۆری خواردن و ڕێژەی خواردن پێک دێ.
- دووری کردنی منداڵ لە دایک و باوک و خوشک و براکانی و هاوکات کەمبوونی حەزی لەباوەشگرتنی تاکەکانی بنەماڵەکەی.
- توڕەیی و ترسەزاڵی و بێبڕوایی تێیاندا گەشە دەکات.
- لە کاتی قسەکردنییاندا، پرسیار لە باری مەسائیلی جنسی و سێکسی دەکەن.
- باوەڕیان بە خۆیان نییە و هاوکات لە خۆیان بێزارن و خۆیان بە تاوانبار دەزانن.
- ترسیان لە کەسێک یا شوێنێکی تایبەت هەیە کە تێیدا وێنەکێشان یا خۆد یارییەک هەیە کە تەعبیر ئازاری جەستەیی.

لەو پێوەندییەدا ئەرکی قورس دەکەوێتە سەر شانی دایکان و باوکان و بەتایبەت دایک. دەبێ زور ئاگاداری منداڵەکانیان بن تاکوو لەو ئازارانە پارێزراو بن. بۆ ئەم مەبەستەش دایکان و باوکان دەبێ چی بکەن؟

- نابێ منداڵەکان ناچار بکەن کە بێگانە یا تەنانەت خزمیش لە باوش بگرێ و ماچی بکا و بە گشتی باوەش و ماچی بۆ ئاسایی بێتەوە.
- ئەگەر منداڵ لە کەسێک یا ڕۆیشتن بۆ شوێنێک ترسا و هەڵسووکەوتی تێکچوو، بە ئاسایی مەبینن و بەدوایدا برۆن و بە بێ توندوتیژی هۆکاری ئەو ڕفتارەی بپرسن.
- هەرگیز منداڵ لە لای کەس بەتەنیا نەهێڵینەوە، تەنانەت خزمی زۆر نیزیک.
- منداڵ لە کەس نەترسێنن و کەس لەبەرچاوی گەورە نەکەینەوە. بۆ نمونە ئەگەر هەڵەیەکی کرد، نەڵێین بە خاڵت یا مامت و یان هەرکەسێکی دیکە دەڵێم وبە گشتی بە کەسانی دیکە هەڕەشەی



لێبکەین. چوونکە لەو حاڵەتەدا خۆمان ترسێکی گەورە لە دڵی منداڵەکەماندا دروست دەکین. چوونکە لە وەها حاڵەتێکدا، ئەو منداڵە داماوە لە بەرانبەر تەوای ویستەکانی ئەو کەسەدا، بێدەنگ دەبێت و هەر ئەوەش دەبێتە هاندەر کە زۆر جار لە لایەن خودی ئەو کەسەوە کەڵکاوەژۆ لە ڕەفتارەکانی منداڵەکە وەرگرێ و منداڵەکە دەبێتە کۆیلەی جەستەیی و سێکسی ئەو کەسە.

- پێویستە لە تەمەنی زۆر کەمدا منداڵەکانمان فێر بکەین کە ڕێگە نەدەن کەس دەست لە شوێنە هەستیارەکانیانی لەشییان بدات. یا بە بێ هۆکار سەیریان بکا. دیارە لێرەدا مەبەست لە هۆکار، بۆ نموونە کاتی حەمام کردنە کە ئەویش تەنیا دایک و هێندێک جار خوشک یان باوک ئەو کارە دەکەن. یا خود بە هۆی نەخۆشی و پشکنینی پزشکییەوە چاوی لێ بکرێت.
- دەبێ منداڵان فێر بکرێن کە نابێ بۆ خۆشییان چاو لە شوێنە هەستیارەکانی کەسانی دیکە بکەن یا خود دەستی بۆ بەرن.
- دەبێ منداڵ فێر بکرێ کە ئەگەر هات و کەسێک ویستی دەستی بۆ بەرێت، ڕێگە نەدات و هاوار بکات و دایک یا باوک یا گەورەتر لە خۆی لێ ئاگادار بکاتەوە.
- دەبێ منداڵ ڕابێنین کە لە بەرانبەر هیچ شتێکدا بێدەنگ نەبن و ئەو مافە بدەین بە منداڵەکانمان، کە هەر کەسێک یا هەر شتێک و یا هەر ڕەفتارێک بوو بە هۆی ئازار و ناڕاحەتییان، ڕێگەی پێ نەدەن و ملکەچی نەبن و گوتنەوەی وشەی «نا» لە لایان ئاسایی بێتەوە.
- نابێ ڕێگە بدەین منداڵەکانمان لە گەڵ کەسی دیکە برونە حەمام. تەنانەت ئەگەر لەگەڵ خۆمان بردمان، نابێ لەبەر چاوی منداڵ ،خومان بە تەواوی رووت بکەینەوە و دەبێ لیباسی ژێرەوەمان لەبەر بێ.
- دەبێ منداڵ جۆرێک پەروەردە بکرێت کە لەبەرانبەر پارە و شتی دیکەدا، هەڵنەخەڵەتێت.
- کاتێک لە نێو ماشێن دانیشتووین، نابێ منداڵەکەمان لە باوش یان سەر کۆشی کەسێکی دیکە، بە تایبەت ڕەگەزی بەرانبەری دابنێین.

بۆیە پێشنیار دەکەین کە دایکان و باوکان لێکۆڵینەوەی زورتر لە باری دەروونناسی منداڵان و ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە بکەن و لە پەروەردەکردنی منداڵدا شارەزا بن، بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا منداڵێکی پەروەردەکراو و وریا و خاوەن کەسایەتی پێشکەشی کۆمەڵگای بکات.

لێرەدا دەمهەوێ بەو خاڵە کۆتایی بە بابەتەکەم بێنم. ئەویش ئەوەیە کە گرینگترین هەڵسووکەوت کە منداڵ لە بەرانبەر زۆربەی کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزێ، ئەوەیە کە دایکان و باوکان هەموو کات پشتیوانی منداڵەکانییان بین. لە بەری ئەوەی کە دایک و باوکێکی تووڕە و تۆسن بن، نیزیکترین هاوڕێی منداڵەکانتان بن. بەم جورە دەتوانین منداڵەکانمان تا ڕادەیەک لە ئازاری سێکسی و جەستەیی ئەو مروڤە نەخوشانە بپارێزین.

# ژنێک لەڕەگەزی میهرەبانی



نەسرین یوسفزادە

ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی کە لە قەڵاوە بەرەو نەخۆشخانە چووم، لە دڵی خۆمدا تەنیا ئاوات و نزایەک کە هەمبوو، ئەوە بوو کە خوایە شەهیدمان نەبێ. نوێژی نیوەڕۆ بوو بەڵام ناو قەڵا تاریکەسەلاتێک بوو، چاوم هیچکۆی نەدەدی و نەمدەزانی چی بڵێم و چی بکەم. تەنیا ترس و تاسان بوو کە لە ڕوخسارەکاندا بەدی دەکرا. لەگەڵ ئەوەش، هەموو پێشمەرگە ئاسا لەوێ ئامادە بوون بۆ بەرگری لە قەڵایەک کە خانەی هیوا و هۆمێدیان بوو. پێم خۆش نەبوو باوەڕ بە مەرگی هیچ کەس بکەم. یەک بە یەکی ئەو هاوڕێیانەی کە لە کۆبوونەوەکەدا بوون، و هاتبوونە دەرێ، لە زەینی خۆمدا دەمبژاردن، کاک کەماڵ کەریمی، کاک سیامەک قەوی پەنجە، کاک سمایل شەرەفی، کاک پێشەوا عەلی پوور و چەند هاوڕێی دیکە. بە دیتنی هەرکامیان دنیایەک دڵخۆش دەبووم. تەنانەت ئامادە نەبووم بۆ چرکەیەکیش بیر لەوە بکەمەوە کە مەرگێک هاتبێ و ژیانی لە پۆلێک لە هاوسەنگەرەکانم ستاندبێ.

لە هۆڵی چاوەڕوانی نەخۆشخانە بووم. هەموو بنەماڵەکان لەوێ بوون. لە پڕێکدا «ئارەزوو پیرۆتی»م بینی کە لە نێو خەڵکەکەدا شێتانە و سەرلێشێواو بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە و قسەی لەگەڵ خۆی دەکرد. بێ ئەوەی لەبیرم بێ کچی کاک «میرزا ڕەحمان پیرۆتی»یە، دەستیم گرت و گوتم: «بۆچی وادەکەی»؟!

چاوێکی لێ کردم و دوای چەند چرکە حەپەساوی، وەک ئەوەی تازە وەبیری هاتبەوە کە من کێم، گوتی: «باوکم، باوکم، باوکم لێ ون بووە، سەری چوار تەرمم هەڵداوەتەوە، بەڵام هیچیان باوکی من نین!.

بە بێ ئەوەی هیچ بڵێم، کشامەوە. لەولاوە ژینۆی کچی شەهید «برایم زێوەیی» لە سەر زەوی دانیشتبوو و بە دەنگێکی لاواز و بەوپەڕی ناهومێدییەوە گوتی: «دە پێمان بڵێن بابمان ماوە یان نە؟! دڵمان تۆقی لە چاوەڕوانی.

کارەساتێکی ناخهەژێن بوو. لەو نەخۆشخانە تەنیا هاوار بۆ ئەو باوکانەی دەکرا کە هەرگیز نەگەڕانەوە.

بۆ ئەم جارەی لاپەڕەی زامدارانی خەرمانانی خوێن و خەم و ئاگر، خەرمانانی گرمەی مووشەک و ورەی پێشمەرگە و زامی قووڵی قەڵا و قەڵانشینان، باس لە قەڵایەک لە باوەڕ دەکەم، خاتوونێک لێوانلێو لە باوەڕ و میهرەبانی.

لە یەکێک لە نیزیکانی خۆیم بیستووە کە خاتوو «حەلیم ئەحمەدی» (چەرووەندە) ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لە گوندی سەرووکانێ-ی سەر بە ناوچەی لاجانی پیرانشار لەدایک بووە. ناوی باوکی کاک «ئەحمەد کاوەمەری سەروکانێ»یە.

ئەو ناسیاوەی خاتوو حەلیمە باسی کرد کە کاک ئەحمەد کاوەمەری پیاوێکی زەحمەت کێش و خاوەن زەوی و زار و مەڕومالات بووە. ناوی دایکیشی «خەج کاوەمەریان» و کەیخوداژنێکی ناوبەدەروە بووە و هەتا لە ژیاندا بوو، ماڵەکەی ماڵی لێقەوماو و بێ ئەنوایان بووە. بۆیە بەدڵنیاییەوە گەر کەسێک لە وەها بنەماڵەیەکدا چاوی بە دونیا هەڵێنابێ و پەروەردە بووبێ، سەرەڕای برینی هەوراز و نشێوی ژیان، ئەگەرچی ناخێکی تەژی لە دڵسۆزی و بەزەیی دەبێ، بە دڵنیاییەوە فێر بووە و دەتوانێ، لە تەنیشت هەموو میهرەبانییەکاندا، بە ڕقێکی پیرۆزەوە بڕوانێتە دوژمنێکی تاریک پەرست و بۆگەن، کە دەیان ساڵە نەتەوە و نیشتیمانەکەی خستووەتە ژێر گوشارەوە و دەمێک بە قامچی لە گرتووخانەکان و دەمێک لەسەر سنوورە دەستکردەکان و دەمێک لە شارەکان و ئێستاش بە مووشەکی جەهل و نەزانی تێکۆشەرانی نەتەوەکەی دەکاتە ئامانج و چەندین شەهید و برینداری لێ دەکەوێتەوە کە یەکیان هاوسەرەکەی خۆی بوو.

ناسیاوی خاتوو حەلیمە لە درێژەدا باس دەکات و دەڵێ: «خاتوو حەلیم، ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی ژیانی هاوبەش لەگەڵ شەهید میرزا ڕەحمان پیرۆتی پێک دێنێت و بەرهەمی ژیانیان پێنج منداڵن بە ناوەکانی ڕەحیم، ئارەزوو، فایەق، ناسر و مەنسوور.


پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی خاتوو حەلیمە وسەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، هێندەیان نێوان نابێ و شەهید میرزا ڕەحمان دەبێ بە پێشمەرگە و لەگەڵ هاوژینەکەی لێک دادەبڕێن و ناچار دەبێ تامی تاڵی و سوێری ڕۆژگار بکات. ئەو چارەنووس و هەورازە ڕێیەی کە لەوکاتەدا دەبوایە بە دەیان ژن و تازە بووکی دیکە ببڕن.

خاتوو حەلیمەش یەکێک لەو ژنانە بووە کە بەردەوام لە ترسی هێرشی هێزەکانی ڕێژیم، ماڵیان بە کۆڵەوە بووە و بە چەند منداڵی وردەوە ئەم گوند و ئەو گوند ئەم دۆڵ و ئەو دۆڵیان کردووە.

ئەو کەسە نیزیکە لە درێژەدا دەڵێ:

«خاتوو حەلیمە چ لە خانوو، چ لە چادردا، خانووچکەیەکی پێکەوە ناوە و بووەتە مەکۆی کۆبوونەوەی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی هاوژینەکەی و خزمەتی کردوون. لە هەڵاتی هەڵاتی کۆتاییەکانی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی، هێزەکانی ڕژیم ڕقی شکست و دەستەوەستاوی خۆیان لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگەدا، بە خەڵکی بێ تاوانی سەرووکانێ دەڕێژن و باوکی خاتوو حەلیمە لە نێو گوندەکەی خۆیاندا و لەپێش چاوی خەڵکی تیرباران دەکەن. بەداخەوە بەهۆی دۆخی نالەباری ئەوکات، حەلیمە تەنانەت نەیتوانیوە بەشدار بێ لە پرسە و بەخاکسپاردنی باوکیدا».

ئەو خاتوونە پڕ لە بەزەیی و میهرەبانی و دڵپاکییە، لە ژیانی خۆیدا کوێرەوەری و زەحمەتی زۆری کێشاوە. بەهۆی پێشمەرگایەتی و چالاکی سیاسیی هاوژینەکەیەوە، ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ و ڕاپەڕاندنی کاروباری ماڵێکی ئاوەدان و









بە میوانی لەئەستۆ بووە. جار هەبووە بۆ ماوەی شەش مانگ هاوژینەکەی لێ دوور بووە و بۆ هەموو شتێک، پشتی بە خۆی بەستووە. قەت ئەو زەحمەت و ماندووبوونانەشی تەنانەت بۆ یەک جار بە چاودا نەداتەوە و منەتی لەسەر نەکردووە.

ئەو دەڵێ: «لە ساڵی ١٣٨٧ەوە کە بەهۆی پێشمەرگایەتی و کاری سیاسی هاوسەرەکەی، پەڕیوەی باشووری کوردستان بوو، سەرەڕای کێشەی ژیان و دووری لە زێد وڵات و خەمی دووری لە ئازیزانی، خۆی گوتەنی، حەسابووەوە. ئەویش حەسانەوەکە زۆری نەخایاند و خەمی جەرگبڕی شەهیدبوونی هاوژینەکەی درێژەی ژیانی لێ تاڵ کرد».

خاتوو حەلیمە لەو ژنە لە سەرپێ و بەهێزانەیە کە ژنانی دیکە، وانەی خۆڕاگریی لێ فێر دەبن. هەڵبەت نەوەک بە دروووشم و قسەی رووتینی، بەڵکوو بە کردەوەی شۆڕشگێڕانە چەندین ساڵەی توانیویەتی ببێ بە مامۆستایەک بۆ ژنانی ناو شۆڕش. لەو کاتەوە هاوژینەکەی شەهیدبووە، نەک لە بزووتنەوەی کورد و خەباتی نەتەوەکەی دڵسارد نەبووەتەوە، بەڵکوو زۆر شێلگیرتر لە جاران باوەڕی بە دۆزی ڕەوای گەلەکەی و حیزبی دێموکرات هەیە.

لەڕووی تایبەتمەندی تاکەکەسیشەوە، ژنێکی سادە، دڵسۆز، خەمخۆر و بە ئیمانە. خراپەی کەسی ناوێ و نزا و پاڕانەوەی سەر بەرماڵی، بۆ هەمووانە. کوڕ و کچی باشی پەروەردە کردووە و هەرکامیان بە شێوازێک درێژەدەی ڕێبازێکن کە بە میرات لە باوکیانەوە بۆیان ماوەتەوە.

ماڵی پێشمەرگایەتی کاک میرزا ڕەحمان پیرۆتی لە هەولێر بوو و خۆی ئەندامی ڕێبەری حیزب بوو و لە کومیسیونی ئامووزشی حیزب کار و ئەرکی حیزبی بەڕێوە دەبرد. تا بڵێی کەسێکی خاوەن ڕا و شارەزا لە سیاسەت بوو و ئەو کادر و پێشمەرگانەی کە لە کلاسەکانیدا بەشداریان کردووە، شاهیدی بۆ زانیاری و زانست و شارەزایی ئەو مرۆڤە مەزنە دەدەن.

پێوەندی چڕوپڕی میرزا رەحمان لەگەڵ خەڵکی باشووری وغەیری حیزبیش زۆر گەرم و دۆستانە بوو، بۆیە هەمووکات ماڵی، یا باشترە بڵێم ماڵی خاتوو حەلیمە، پڕ بوو لە میوان و ئەوی نان و نمەکی ئەو ماڵەی کردبێ، دەتوانن ببێتە شاهید کە خانەخوێ چەندە کەسایەتییەکی مەزن بووە، لە کاتێکدا کە هەموو ژیانی لێوانلێو بووە لە ڕەنج و نەهامەتی. ئەوەش ڕاستییەکە کە سەلمێنیری ئەوەیە حەلیمە چەندە ئەویندارانە شەهید رەحمان و بیروباوەڕەکەی خۆش ویستووە، کە لە پێناویاندا بە دڵێکی وەها گەورەوە پێشوازیی لە میوانەکانی دەکرد.

ئێستاش کە چوار ساڵ بەسەر ئەو کارەساتە دڵتەزێنەدا تێدەپەڕێ، ماڵی شەهید میرزا ڕەحمان پیرۆتی، هەمان خانەخوێی لێیە و پێشوازی لە میوانەکانی دەکا و هەموو جارێک کە بۆ ماڵی تازەی هاوسەرەکەی(گۆڕستانی شەهیدان) دەچێ، لە چەپکە گوڵی دەستی، جیرانەکانیشی بێبەش ناکات، ئەوەیە نموونەی ژنێکی پڕ لە میهرەبانی و وەفا.



# کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبیی سوهەیلا مەیهەمی، شاعیر و نووسەر

ئامادەکردنی:تریفەفاتیحی



خاتوو سوهەیلا مێهەمی، نووسەر و شاعیرو وەرگێڕی گەلەکەمان لەدایکبووی بەرەبەیانی ٦ی خەرمانانی سالّی ١٣٥٠ی هەتاوی لە ئاوایی مێهەمی ناوچەی چوار دۆڵی ئەسفەناوایە. ئەو بە دیمەنە جوانەکانی چیاکانی بەور و پەرێشا چاوەکانیی پڕ دەبێ و گەورە دەبێ گوێیەکانی بە وشە سەرسامەکان ئاشنا دەبێ.

باوکی وەکوو ماموستایەکی دلّسۆز بە گوێیدا شیعرەکانی حەزرەتی هێمن و هەژار و نالی و... دەچرپێنێ، ئەو گۆرانییە ئاسمانییەکانی حەزرەتی زیرەک هەودای خەیالّی دەتەنێ و لە قوتابخانە لە دەفتەرێکدا دەیاننووسێ و بە وشە جوانەکانی سەرسام دەبێ.

بەهۆی هەستیاری ناوچە سنووریە کوردنشینەکان کە تێکەڵە لە چەندین نەتەوە و بەردەوام گوێی بە وشەی فارسی ڕاهاتبوو کاتێک مامۆستایەک لە قوتابخانە یاساشکێن بووە و بە کوردی قسەی دەکرد هەستێکی جوان هەموو ناخی سۆهیلای داگیر دەکرد، و وردەوردە دیتنی نایەکسانییەکانی کۆمەڵگە و چەوساندنەوەی ژنان بوو بە هاوڕێی قەڵەمی سۆهیلا تاکوو بنووسێتەوە ئەوانەی برینداری دەکردن. قوناغەکانی خوێندنی لە شارەکانی قوروە و سنە خوێندووە (کە ئێستاش نیشتەجێی شاری سنەیە و کارناسی لەبواری کۆمەڵناسی خوێندووە لە زانکۆی پەیام نووری سنە)و شیعر دەنووسی؛ شیعر دەرونی داگیر دەکا.

لە سەرەتا بە فارسی شێعرەکانی نووسیوە بەڵام؛ بڵاوی نکردووتەوە، دەبوایە خۆی فێری خوێندن و نووسینی کوردی بکردبایە بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی وەکوو عەهدێک لەگەڵ خۆیدا خۆی فێری کوردی نووسین کرد و دەستی برد بۆ نووسینی شێعری، سۆهیلا بە زمانەکەی، لەو عەشقەیدا کە شیعر پێیدابوو وەکوو عاشقێک سەیری زمانی کوردی دەکرد و بەرهەمی ساڵەکانی نەود تا نەوەدوشەشی بە ناوی کومەڵە شیعری ( باڵندەییم شاشەیەکی شەترەنجییە) لەلایەن بڵاقۆکەی گوتار کە لە ٢٠٩ لاپەڕە پێکهاتووە لە بەهاری ساڵی ١٣٩٨ بڵاو دەکاتەوەو لەلایەن خوێنەرانی ئەدەبیاتی کوردی و ژنانەوە پێشوازی بەرچاوی لێکرا پێش لە چاپ کردنی کتێبی شیعرەکانی؛ لەلایەن زوربەی ڕۆژنامەکانی کوردستان بڵاو بوونەتەوە وەکوو سیروان، لووتکە، ئاگرین ڕۆژ، دیاری کوهەن و... و لە باشور لە ڕوژنامەی وشە، کوردستانی نوێ ، هەولێر و ڕامان و ... لە ئەنجومەنەکانی شاری سنە بەشدار بووە، لە چەندین فستیسڤاڵی شێعری بەشداری کردووە و ئێستاش سەرقاڵی وەرگێڕانە بۆ بەرهەمە کوردییەکان بۆ سەر زمانی فارسی و بە پێچەوانەش بەڵام وەکوو عەشقی زمانەکەی، زمان، قسەی یەکەم لەنێو شیعرەکانیدا دەکات کە هەر وەها ئەدیبان دەڵێن دەبێ شاعیر تامی ئازارەکانی ژیانی چێشتبێ واتە بەرزەخەکانی تێپەڕ کردبێ تا بە شیعر بگات واتە بتوانێ ڕەنگدانەوەی ئەو کۆسپ و بەربەست و کێشەکانەی کۆمەڵگەی خۆی لە شیعردا بە بەردەنگ بگەێنێ وەکوو ژنێک ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی ژن لە کومەڵگەدا بەردەوام لە وشە و شیعر و وتارەکانی ڕەنگدانەوەی هەیە. ئێستاش نیشتەجێی سنەیە و دوو کۆمەڵە شێعری لەژێر چاپ دایە و چالاکە لەهەر کۆڕوکۆبوونەوەیەکی ئەدەبیدا. بەگشتی بەڕای شاعێر ئەدەبیات ئاوێنەی کۆمەڵگەیە و ژانرە ئەدەبییەکان بۆ ئاگاداری کۆمەڵگاه بانگەواز دەکەن کە بەرەو جوانییەکان هەنگاو هەڵێنن، قەڵەمێک کە لەئاست زوڵم و چەوساندنەوە بێدەنگ بێ لە ئامانجی قەڵەم ناگەڕێ کە ڕۆچنەیەک بکاتەوە بۆ ئەوانەی لە تاریکییدا ماونەتەوە، و لە ئێستادا ئێمە زۆر پێویستمان بە شێعرە تاکوو شێعر پانتایی داهاتوومان پێ نیشان بدات کە چۆن ڕۆژانێکی باشترمان هەبێ و لە بواری وەرگێڕان بە داخەوە دەبێ کەسانی شارەزا بە وەرگێڕانمان هەبێ بە زمانەکانی زیندووی جیهان تاکوو ئەدەبیاتی کورد بە جیهان بناسرێت. بەهیوای ئەوەی لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا ئەندێشە نەخنکێنن و ئازادی باڵی بە سەر قوژبنە تاریکەکانی ئەم جیهانەدا هەڵداتەوە.

**پڕم**
**لە ئیمانی تەنیایی**
**بە خۆڵکی گۆڕکەنەکانەوە**
**دەستبەرداری چۆڕێکیتر لە**
**پرتە پرتی هەناسە**
**مۆمێکم گڕ بە سەر!**

سوهەیلا مێهەمی

# «ئازادی»

قەتماخەی برینەکانت

ئەبنە شێعر و

لە دوو تۆی  زامەکانمدا وچان دەدەن

گەڕاومەتەوە سەر فڕینی منالّی

لەسەر لووتکەی بێ ئاگایی

هێلانەم چێ کردووە

سەرڕێژم لە سەرشێتی

کەفی یاخی بوون  ئەچکێنم

لە خۆبوونەوە

فڕێکی سەرخۆشی

ئەکەم

ئەوەی لووت بەرزە بچووکە

چینەکان تێک شکاون

لە هزرێکی ترۆراویدا

هەموو  ئێوارەکانی دووریت

ئەسڕمەوە

هێڵی سووری باو دەبەزێنم

دەستێک بەسەر خەیاڵی نەبوونتدا دەهێنم

بە بێ پاسپۆرت ئەتخمەوە دەمارەکانم

دواتریش شار پڕ دەبێت

لە سروودی ئازادی

ئەمە یاسای شۆڕشەکانە

ئەوەی بیری کۆیلەیە

هەڕاج فرۆشی دەکەم



بەیەک چرکە دەبمە یاخی و

سونەتەکان جێ دێڵم

یاسا دارم هەڵدەخا

سەروەریان سەرەوژێر دەبێت

چاوم بیری بزۆزیی کردووە

لە پەلاماری دڕندەیان ناترسم

شەقام میوانی

چاوەچاوێکی عەیارانە دەکەم

با شەقام پڕ بێت لە جۆگەی خوێن

ئەمە یاسای شۆڕشەکانە

یا دەمرم یا لاشەیان لە ئازادی دەگەوزێنم

ئەمە یاسای شۆڕشەکانە

#شلێر_ڕەشیدی

# من کچی ڕۆژهەڵاتم



ئەمن کچی ڕۆژهەڵاتم
بە زایفە شۆهرەیی شار و
غەریبی ئاوارەترین
ڕێبوارم....
خەسارە بێت و بێتە میوانی
شەراوی ڕەنگ
بە سەر تاقگەی پرچم
خەسار...
ببینە چۆن سپی وا هەڵوەری هاوار...
لە ژێر چارشێوی ڕەش دیسان
ڕەشی چاوانی برد جەردە و
هەموو ئاواتی ئازادیم قەتیس ماوە
لە تۆی جەستە...
هەموو تاڵ تاڵ سپی بوو وا
بە زۆری جەوری ڕۆژگار و
ئەم ئێستاکەش
حەرامە بۆم
شنەی شەوبا...
بڵێن کەنگێ لەکوێ داخۆ
تەلیسمی ژنیەتیم بشکێ و
بە کامی دڵ سەمای سەربەستی لێدا مەلی خۆزگەم...؟
بڵێن تا کەی
منم ڕۆچنەی وڕووژێن و ئەتۆ
ماندوو نەبووی هێدە بە گوێتدا هەر زریکانیان
لەبۆ مانت منم دوژمن؟؟؟
بڵێن تا کەی
حەساری غوربەتی تاسەم پێ ناشکێن
لەچک دیسان بۆ سێدارەی
حەزم دێن
بڵێن تا کەی.....؟

تایبەت بە ڕۆژی بەخاکسپاردنی شەهید ژینا ئەمینی.

ژاڵە، سەفییاری

# کچێک بەمانای خۆرەتاو لەڕەگەزی باران



هاوژین قادریان ناسراو بە هاوژین ئەمیر تەمنی ٢٥ساڵ و کچی شەهید ئەمیر نستانی خەڵکی ئاوایی نستان سەربەشاری ڕەبەت بوو.

هاوژین کچێکی ژیر و ئاقڵ و کەسێکی ڕووح سووک، بەبیروباوەڕ و دڵسۆزی خاک و نیشتمان و گەلەکەی بوو، تا ئەو ڕادەیەی دەستگرتنی دەستتەنگان و یارمەتی هەژاران بەلای ئەوەوە خۆشرین هەست بوو. دووای شەهید بوونی باوکی هاوژین خۆی و برا گەورەکەی بەناوی هاوڕێ ئەرکی بەڕێوەبردنی ژیانی بنەماڵەیان گرتە ئەستۆ و بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە بەبێ هیچ کەموو کوڕیەک ئەو ئەرکەیان بەڕێوە دەبرد و دواتر کە هاوڕێی برای ژیانی هاوبەشی پێکهێنا ئەرکەکانی خوشکە چکۆلەکەی و دایکی هەناسەسادری کەوتە سەر شانی هاوژین، هەڵبەت کە هاوڕێش بە دڵنیاییوە پشتی بەرنەدابوون و لەگەڵ بنەماڵەی خۆی سیلەی ڕوحمی بۆ دایک و خوشکەکانی هەر وەک جاران بوو.

هاوژین بەوپەڕی شانازیەوە هەم ئەندامی یەکیەتی لاوانی دێموکرات بوو و هەمیش بەرپرسی کومیتەی یەکیەتیی ژنان لە شارۆچکەی ڕانێ بوو.

ئەو کەسێک بوو کە بە هەڵسووکەتی جوان و چالاکییەکانی و چاونەترسی و هەمیشە ئامادەبوون و ڕووگەشاوەیی ئەرەکی ژیانی خۆی وبنەماڵەکەی و ئەرک و کاری حیزبی لە یەکیەتیی لاوان و یەکیەتیی ژنان بەڕێوە دەبرد خۆی لە دڵی هەموو کەسانی حیزب و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و دڵسۆزانی گەلی کورد جێ کردبۆوە

هاوژین زۆرجار بۆ نووسینی شێعر یا دێڕێک لەسەر نیشتمان و خاک و وڵات لەسەر لاپەدەی فەیسبووکەکەی هاوڕێیان دەخستە بیرەوە کە کۆتا دەقی نووسینی بە شێوەیەک بوو کە دوای مەرگیشی بوو بە بیرێکی قوڵ لە ناخ و دڵی هاوڕێکانی:

**"هەمیشەفرۆکەخانەکان ماچی زیاتریان بەخۆوە بینیوە تازەماوەندەکان.**

**نەخۆشخانەکانیش دوعایی زیاتریان لێکراوە تامزگەوتەکان.**

**ئێمە واین هەمیشە شتەکان دەخەینە کاتێک کەخەریکە لەدەستیان دەدەین."**

ئەو لەگەڵ ئەوەی خۆی بنەماڵە شەهید بوو و باوکی کە دەبوو وەک زۆربەی بابی کچانی هاوتەمەنی ئەو لە پەنای بایە و نازی بکێشایە ئەو یارمەتی بنەماڵەی شەهیدانی تری دەدا نازی منداڵانی بێباوکی دەکێشا و هەوڵی دەدا قەرەبووی نەبوونی باوکی بۆ خوشکە چکۆلەکەی و تەنانەت بۆ دایک و براکەشی بکاتەوە. ئەو لە کەم وکوڕی و نەداریدا پشتیوانیان بوو.

کچانی وەکوو هاوژین زۆرن. ئەو کچانە و ئەو کوڕانەی وەک هاوژینن و ژیانیان پڕ لە وەفا و دڵپاکی و خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتمان و بنەماڵەکەیانە پەروەردەی حیزبی دێموکراتن. ئێستاش باوەڕ ناکەین کە مۆتەکەی مەرگ باڵی بەسەر ماڵی شەهید ئەمیر نستانی کێشابێ و هاوژینی پڕ لە ژیانی لە ئامێزی دایکی دەرهێنابێ و لەگەڵ خۆی بردبێتی. هاوژین خۆی مانای ژین و ژیان بوو بۆیە لەدڵی هەموومانداا زیندووە.

هاوڕێکنی شانازی پێوە دەکەن و ئێستاش دوای مەرگیشی شانازی پێوە دەکەن ئەوان دەزانن کە کەسێکیان لەدەست داوە کە هەموو کەس باسی باشی و دڵسۆزی دەکا بەوهیوایەی هەموو کچانی گەلی کورد و بەتایبەتی کچانی نێو حیزبی دێموکرات نمونەیان وەکوو هاوژین بێت و ژین و ژیان بدەن بە خۆشەویستانیان.

هاوژین ١١ی خەرمانانی ئەمساڵ لە کاتێکدا کە تەنیا پێنج ڕۆژی مابوو بۆ شەشەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی باوکی و شەهید ئازاد ئاڵی لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا گیانی لەدەست دا. ڕووحی شاد بێ

# خوێندنەوەی ناوەندی ژنانی کوردستانی ئێران لەمەڕ خۆکوژی/ژنکوژی شلێر ڕەسووڵی

لە چەن ڕۆژی ڕابردوودا خۆکوژی/ژنکوژی شلێر ڕەسووڵی و هەوڵدان بۆ دەستدرێژی کردنە سەر ئەو خاتوونە مەریوانییە کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی، خوێندنەوەی جۆراوجۆری بە دواوە بوو و بۆچوونەکان لەپەیوەندی لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکانی باسی خۆکوشتن/ژنکوژی، توندوتیژی بنەمایی دژی ژنان، نەبوونی ئاسایش بۆ ژنان لە کۆمەڵگە و شێوەی نارەزایەتی دەربڕین بەو ڕووداوە، جیاواز بوو. هەر لەو ڕوانگانەوە، دەتوانین هەر لەسەرەتاوە بەو ئاکامە بگەین کە ئەو بابەتە تا چ ڕادەیەک ئاڵۆزو و لێکئاڵاو بە نیشانە جۆراوجۆرەکانە و بێ لەبەرچاوگرتنی هەموویان ناتوانین خوێندنەوەیەکی بێکەم و کووڕی بۆ بابەتە بکەین.

یەکەم نیشانە کە دەبێ باس بکرێ بابەتی خۆکوژی ژنانە. هەرچەند خۆکوژی هەوڵێکی تاکە کەسییە، بەڵام دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی و سەرچاوەکەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-سیاسی کۆمەڵگایە. بەتایبەت کاتێک کە باس لە کۆمەڵگایەک دەکرێ کە ژنان تێیدا لەگەڵ دامودەزگایەکی دژە ژن بەرەوڕوون کە نابەرابەری سێکسی/ڕەگەزی پێکهاتەیی کردووە، ژنی بە بوونەوەرێکی دەرەجە دوو پێناسە کردووە، هەلی گەشە و هێزی لە ژنان ستاندووە و خوازیاری ئەوەیە کە پێکهاتەی پیاوسالاری بە تەواوی دەسەڵاتیەوە بمێنێتەوە و بۆ گەشەکردنی پێداگری دەکات. سەیری وتەکانی پێشووی ئەنیسە خەزعەلی، دەستیاری ئیبراهیم ڕەئیسی لە پەیوەندی لەگەڵ گیان لەدەست دانی خاتوو شلێر و سووربوون لەسەر «داوێنپاکی»و «ژنایەتی»& بەبێ هیچ ئاماژەیەک بە نەبوونی ڕێوشوێنی گونجاوی بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنان، دەریخست ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی نە تەنیا دەستی دەستدرێژیکار و ئازاردەری ئاواڵە کردووە و لەو کاتانەدا خۆکوشتن  بە باش و ڕەوا دەزانی، بەڵکوو دەست لەناو دەستی دەموودەزگای پیاوسالاری دەیهەوێ بە بەرهەمهێنانەوەی تۆخمە پێکهێنەرەکانی «شەڕەف» و «ئابڕوو» کۆنترۆڵ و خۆکۆنترۆڵکردنی ژنان بداتە دەستی پێکهاتەی ناموس پەرەست. ئەوە ڕێک ئەو سەرمەشقەی ژنانە کە کۆماری ئیسلامی بۆ زیندومانەوەی خۆی پێناسەی کردووە پەرەی پێدەدا. کاتێک خۆکوشتن کردارێکی داسەپاو لەلایەن بنەمای پیاوسالاری و ئیدۆلۆژی دەسەڵاتەوە بێ، «پیرۆز»وێناکردنی نەتەنیا دەردێک لە کۆمەڵگای نابەرابەر چارەسەر ناکا، بەڵکوو لەگەڵ پیاوسالاری و ئیدۆلۆژی کۆماری ئیسلامیدا هاوتەریب دەبێت. لەلایەکی دیکەوە بەرپرسایەتی خەڵکی کۆمەڵگا و لە هەمووان گرینگتر دەسەڵات کە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگای بەدەستەوە گرتووە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەرەو بەرابەری ڕەگەزی/سێکسی هەنگاو نەنێت، کاڵ دەکاتەوە و دواجار ئەوەی کە دەمێنێتەوە ژنان، پیاوان و کۆمەڵگایەکە کە لە گەشەی مرۆڤی وەستاون و گیانی پۆلێک لەوان لە هەمبەر بنەمای پیاوسالاری و سیستمی دژە ژن ئەوەندە بێ بایەخە کە ئەوە گیانە مەحکوومە بە لەناوچوون نەک پێکهاتەی پیاوسالاری و سیستمی دژە ژن. کەواتە بەبوونی ئەم بەستێنە، باشتر وایە بڵێین پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-سیاسی شلێر ڕەسووڵی خۆکوژی کرد و ئەمە دیوەکەی تری ژنکوژیە. چونکە شلێر ڕەسووڵی تەنانەت ئەگەر ئەو هۆشیارییە ڕواڵەتییەی هەبووایە کە لەئەگەری خۆنەکوشتن، پشتیوانی لەلایەن پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی و یاساییەوە  لێدەکرا و ناچار نەدەبوو تێچووی خۆلەناو بردن بدات، لەوانەیە ئێستا لە ژیان دا مابایە و لە پەنای پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی بێعەیب دەیتوانی  دیفاع لە مافی خۆی بکات و لە پڕۆسەیەکی مرۆڤانە بگەڕێتەوە بۆ ژیان.

لە لایەکی ترەوە مەریوان سیمای ناسراوی خەباتی شارستانی لە کوردستان، لەپەیوەندی لەگەڵ مردنی دڵتەزێنی شلێر ڕەسووڵی کۆبوونەوە و نارەزایەتی جیگای تێڕامانی بەخۆیەوە بینی. لەو نارەزایەتی و کاردانەوانە هەرچەند حاڵەتێک لە «ستایشی قوربانی» شلێر و «پیرۆز»کردنی خۆکشتن بەدیکرا. بەڵام نە تەواوی نارەزایەتی و کۆبوونەوەکان بەم ناوەڕۆکە بوو و نە دەتوانین لە پێشاندەرەکان(بێ لەبەر چاو گرتنی کاریگەری و ڕۆڵی سەرەکی هەر یەکەیان بە پێی بارووەدۆخی ئێستا) بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە بێئاگا بین. هۆکاری خۆکوژی/ژنکوژی شلێر کاریگەری زۆری لەسەر سەرهەڵدانی نارەزایەتیەکانی خەڵکی مەریوان بوو. چونکە هۆکارەکەی کەسێک بووە کە زۆر سەرچاوە باس لەوە دەکەن سەر بە دەسەڵاتە و لە پەراوێزێکی ئاسودەیی دەسەڵات بەهرەمەندە. هەروەها کۆماری ئیسلامی لە سالەکانی پێشوو وەک هۆکار و بڕیاردەری دیاردەی «پەروەردەکردنی لات» هەوڵی داوە  بۆ زیان گەیاندن بە خەڵک هەر لە خۆیان کەڵک

وەرگرێ و مەیدانی سیاسەتەکانی دژایەتی لەگەڵ خەڵک هەر لەو نێوەدا بۆ خۆی دەستەبەر بکات. (بێگومان بواری پەیوەستبوون بە سیاسەتی «پەروەردەکردنی لات» خۆی حکومەتییە، کاتێک ئاسۆ و دابین کردنی ژیان و داهاتوویەکی باش لە لاوان ئەستێندراوە، مافیای دەسەڵات و «پەروەردەی کەسی دواکەوتوو و لات» لەلایەن کەسە خانەنشینەکانی سپای پاسدارانەوە بەرەپێش دەچێت و لە کۆمەڵگاش دەستی باڵای دەبێت). خەڵکی شار کە ئەم ڕۆژانە بە توندی لە پێکهاتەی «لات پەروەری» وەکوو یەکێک لە یارمەتیدەرەکانی سەرکووتی دەسەڵات وەزاڵە هاتوون و دەزانن هێمنی کۆمەڵگا کەوتۆتە مەترسیەوە و بە کۆچی دوایی شلێر ئێتر کەس لە ماڵەکانی خۆشیدا پارێزراو نییە؛ بە یەکجاری دێنە سەرشەقام و پەنجەیان لەسەر ئەم دیاردە ترسناکە دادەنێن. ئەوە بابەتە گرنگەش لە دروشمەکانی خۆپیشاندەران بە ڕوونی دیار بوو «شەمشێر و فیشەک و خەنجەر لەو شارە بڕۆنە دەرێ».

مەریوان شارێکە کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، سیمای ویستخوازی شارستانی خۆی لە کۆچی مێژووی مەریوان تا خوێناویترین مانگی خەزەڵوەری ئێران، خۆپیشاندان بە کوشتنی کۆڵبەران، ژینگە و تەنانەت بێچووی سەگەکان نیشاندا، بە سێدارە و تانکەرەکانی مردن«نەخێر» دەڵێ، چالاکانی ڕۆشنبیری و ژینگەکەی دەدرەوشێنەوە؛ و لەپێوەندی لەگەڵ ژنانی چالاک و بوونی بەرچاویان لە گۆڕەپانەکان بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە ژنکوژی تا دەست بەسەرکردن لەئەنجامی ئەو نارەزایەتیە، پاشەکشەپێکردن بە بڕیاردەرانی فەرمان بەچاکە و گەڕانەوە لە خراپە(امر به معروف و نهی از منکر) کە بەرگەی پاسکیل سواری ژنانیان نەدەگرت، نارەزایەتی ژنان و پیاوان بە خولاندنەوەی تۆمەتباران بە جلی کوردی ژنان، پێکهێنانی لێژنە ناوخۆییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیەکان و ....خەباتی کردووە. هەربۆیە کۆماری ئیسلامی بەرگەی ئەو کۆمەڵگا مەدەنییە ناگرێ و بۆ لەناوبردنی لە هیچ هەوڵێک درێغی نەکردووە و ساڵانی ڕابردووشدا بە دارشتن و دانانی پلان هەوڵ دەدەن پێکهاتەی «پەروەردەکردنی شەرفرۆش» جێ بخەن وەک یەکێکیتر لە چەکەکانی سەرکوتکردنی سیستماتیک کە هێزێکی زۆریشی پێداوە.
بیرەوەری مێژوویی خەڵکی کوردستان پڕە لە ئەشکەنجە و ئازار و کەسانی جاش و خۆفرۆش وەکوو باسکێکی سەرکوتکردن، هەر وەها نابێ ئەو بابەتە گرینگە لەبیرکەین کە خەڵکی کوردستان وەکوو نەتەوەیەک لە ڕابردووەوە تا ئێستا لەژێر ستەمی دەسەڵاتی ناوەندی بوونە. ستەمێک کە حاشا لە شۆناسی ئەوان دەکا، دەستی بەسەر جوغرافیا، کۆمەڵگا و سامانەکانی داگرتووە و لەکۆتاییدا دەیهەوێ جەستە و گیانیشان داگیربکات و ئەوە بۆ کۆمەڵگایەک کە هێشتا پیاوسالاری تێیدا ڕۆڵ دەبینێت، ناپەسەندە. هەروەها کاتێک ئەویتر(دەسەڵات)، نەتەوەیەکی داگیرکردووە و حاشای لێدەکات، هەر کارێک بۆ ڕەدکردنەوەی ئەم دەست بەسەر داگرتنە، ئەگەری زۆرە لەلایەن خەڵکەوە بە «پیرۆز» بێتە هەژمار. لێرەدایە کە دەگەینە کەڵک وەرگرتن دەسەڵات لە پێکهاتەی پیاوسالاری و ڕەوتی سەرکوتی سیستماتیکی نەتەوەیەک. لایەنێکی دیکەی



کەڵکلی‌وەرگرتنی دەسەڵات دووبارە بەرهەمهێنانەوەی تۆخمەکانی «خاوەنداریەتی ژن»، «نامووس» و «آبرویە». ئەم دروشمەش بەتەواوەتی لە خۆپێشاندانەکان بەدی‌دەکرا«هێزی ئەمنی ئەم شارە، پشتیوانە لەم کارە».

سەرەڕای ڕەخنەگرتن لە هێندێک لە کاردانەوەکانی خۆکوژی/ژنکوژی شلێر ڕەسووڵی.بەڵام بەپێی ئەوەی لەسەرەوە باس کرا و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بزوتنەوە مەدەنیەکان لە ئێران و بەتایبەت کوردستان بەهۆی سەرکوتکردنی دەسەڵاتەوە ڕووبەڕووی چەندین سەختی و بەئاکام نەگەیشتن بوونەتەوە، زۆرێک باجی گیانیان بۆ ئەم بزوتنەوەیە داوە و کۆمەڵگای مەدەنی نەیتوانیوە ڕەوتی ویستخوازی خۆی بە بێ سەرکوتی سیستماتیک و بەشێوەی نۆرماڵ بپێوێ، بەتایبەت بزوتنەوە و جووڵانەوەکانی برابرخوازی ڕەگەزی/سێکسی، بوونی ئەو ڕەخنە جێگەی سەرسووڕمان نیە.
هەربۆیە نارەزایەتی خەڵکی مەریوان بە خۆکوژی/ژنکوژی شلێر ڕەسووڵی و ئەو بۆچوونە جۆراوجۆرانەی لە دەوری درووست بوون، لە چەن لایەنەوە زۆر گرینگن؛

- بەشێکی بەرچاو لە نارەزایەتی و کاردانەوەکان و بربڕەوی سەرەکی کۆمەڵگای مەدەنی مەریوان بە دروستی ریشەی ئەم ڕووداوەیان ناسیبوو و ئەمەش لە دروشم و گوتار و ڕاگەێندراوەکانی دواتریان بەڕوونی، بەدی دەکرا. «لە کوردستانەوە تا تاران، زوڵمکردن لە ژنان»، «شمشێر و فیشەک و خەنجەر، بڕۆنەدەر لە شار »، «پیاوسالاری و سەرمایەداری هۆکاری ئەم کارەساتەن»، «هێزی ئەمنی ئەم شارە، پشتیوانە لەم کارە ».
- ئەو ڕاگەێندراوانەی کە لەلایەن ژنانی مەریوان و سنە و هەروەها سەندیکای مامۆستایانی کوردستان- مەریوانەوە بڵاوکرانەوەم ئاماژەیەکی دروست بوون بەو پێکهاتە وێرانکەرانەی کە بوونەتە هۆی مردنی شلێرەکان («هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتیی کوشتنی شلێر، ئەو پێکهاتە سیاسی-

ئابوورییە وێرانکەرانەن کە نێرسەنتەری»پیاوسالاری»، لات و لۆمپێنپەروەری لە پێکهاتە ئۆرگانییەکانیەتی. ئەو پێکهاتانەی کە هەژاری و گەندەڵی و وێرانکاری بەرهەم و بەرهەم دەهێننەوە و سەرکوتکردن و پەراوێزخستن و بێ دەسەڵاتکردن و بێتواناکردنی ژنان لە میکانیزمە بنەڕەتییەکانییەتی بۆ پاراستنی نەزمی دەسەڵاتدار و نەزمێک کە لە بنەڕەتدا نادادپەروەرانە و بێئەخلاقیی و وێرانکەرە»)، نیشانیدا کە ئەم کۆمەڵگەیە نەک تەنیا هەوڵی مۆرکردنی پیاوسالاری لە کۆمەڵگاکەیدا نادات، بەڵکو خۆی کاری لەسەر دەکات، بە ڕەخنەی دروست کێشەکە دەستنیشان دەکات و ڕووبەڕووی دەبێتەوە. لەلایەکی دیکەوە زۆر باش دەزانێت کە دیاردەی «پەروەراندنی شەڕفروش» چەندە لە بواری جۆراوجۆرەوە زیان بە کۆمەڵگای مەریوان دەگەیەنێت.

- نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی مەریوان بەرامبەر بەو کارەساتە و خۆکوژی/کوشتنی شلێر، نیشاندەری کۆمەڵگایەکی مەدەنی دینامیکیەکە دەتوانێت ڕێورەسمی بەخاکسپاردن بکاتە ڕێپێوانێکی نارەزایەتی و بێگومان بەشێکی زۆری ئەم خەڵکە دەیانزانی کە شلێر قوربانییە. کەواتە، ئەوە لە مەیدان بوون و دووبارەکردنەوە و پراکتیزەکردنی خواستە کە گرنگە و دەتوانێت بەرهەمدار ببێت و دەستنیشانی زیان و پرسەکانی دەوروبەری بکات. هەروەک چۆن ڕەخنەی زۆر لە «شەهیدی داوێنپاکی» لەناو ئەو کەسانە سەری هەڵدا کە لەم خۆپێشاندانەدا بەشداربوون.

ناوەندی ژنانی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکووم کردنی توندوتیژیی پێکهاتەیی و سیستماتیکیی دژ بە ژنان لە کۆمەڵگادا، کردەوەی نارەزایەتی بەرامبەر بەم توندوتیژییە و ڕەخنەکان سەبارەت بە «پیرۆزکردن» و «قوربانیکردن»ی خۆکوژی بە گرنگ و هاوتەریبە لەگەڵ هەوڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نایەکسانی سێکسی/ڕەگەزی دەزانێت. ئەمە بەو مانایە نییە کە قەزاوەتی کردەوەی شلێر ڕەسووڵی دەکات، بەڵکوو وەک باس کرا، مەرگی شلێر بە کردەوەیەکی سەپێنراو و جۆرێک لە کوشتن دەزانێت. لە لایەکی دیکەوە بە لەبەرچاوگرتنی سەرکوتکردنی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان و داخوازییەکانی، و هەوڵدان بۆ جەوهەریکردنی پیاوسالاری و «ناموسپەرەستی» وەک ناسنامەی خەڵکی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ لە هەموو کاتێک زیاتر لە سیناریۆ دروستکردن و چەوساندنەوەی حکومەت ئاگادار بێ و نیشان بدەن کە نەتەنیا لەگەڵ گوتاری کۆماری ئیسلامی ناکەوێت، بەڵکوو خەبات دژی ئەم پێکهاتە توندوتیژ و نامرۆڤانەیە بە پرنسیپەکانی خۆی دەزانێت.

**ناوەندی ژنانی کوردستانی ئێران**
**٢٢ی خەرمانانی ١٤٠١**
**١٣ی ئەیلوولی ٢٠٢٢**




## چاپ و بڵاوبوونەوەی (فەرهەنگی ئینسایکلۆپێدیکی پازار) لە نووسینی سەحەر موعێزی

(فەرهەنگی ئینسایکلۆپێدیکی پازار) کە بریتییە لە ٩ بەرگ لە لایەن بەڕێز سەحەر موعێزی و ئەکادیمیای کوردی، لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر پاش سێزدە ساڵ گەڕان و کۆکردنەوە چاپکراو کەوتە بەردەستی خوێنەرانی کوردستان...

شایانی باسە خاتوو سەحەر موعێزی خەڵکی شاری سنەیە و یەکێک لە خانمە شاعیر و نووسەرە بەتواناکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە سێزدەساڵی ڕابردوودا بە هەوڵ و ماندوو بوون و بەربەستی زۆر لەسەر ڕێگاکەی توانی بە ئامادەکردن و نووسینی ئەو فەرهەنگە بێ وێنەیە بەچاپ بگەیەنێ و ئاکامی هەوڵ و ماندوو بوونی بە ئەنجام بگات

لەلایەن ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانەوە پیرۆزبایی بە خاتوو سەحەر موعێزی دەڵێین و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

## ناوەندی ژنانی کوردستانی ئێران؛ با تێکەڵ بە نارەزایەتی و مانگرتنی گشتی بین و کوشتنی ژینا ئەمینی مەحکووم بکەین

## ژنانی شۆڕشگێڕی کوردستان و ئێران لایەنە سیاسی و ناوەندەکانی کۆمەڵگای مەدەنی

ژینا ئەمینی ، کچێکی لاوی ٢٢ ساڵەی کورد بوو کە ٢٥ی خەرمانان، لەئەنجامی لێدان و ئەشکەنجەوە لەلایەن هێزی سەرکوتی گەشتی ئێرشادوە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تاران گیانی لە دەست دا.

کوشتنی بێشەرمانەی ژینا، بیروڕای گشتی و کەرامەتی کۆمەڵگای بەڕادەیەک بریندار کرد کە کاردانەوەی توند و ئیدانەی ئەو کوشتنە سەرەڕۆیانە بەدواوە بوو.

هەڵوێست گەلێک کە گۆڕینی ڕێورەسمی ناشتنی تەرمی ژینای بۆ خۆپێشاندانی نارەزایەتی گۆڕی. خۆپێشاندانێکی هەزاران نەفەری لە ژنان و پیاوانێک کە زۆر پێشکەوتووانە و داخوازانە ئیدانەکردنی ئەو کوشتنە حکوومەتیەی بەدواوەبوو.

هەزاران نەفەر لە خەڵکی کوردستان بۆ ئەستاندنی حەقی ژینا لەتەنیشت بنەماڵەکەی وەستان. بنەماڵەیەک کە هەر لەسەرەتاوە ڕێگریان لەوە کرد کە کۆماری ئیسلامی جنایەتەکەی بە بێدەنگی بشواتەوە و تەرمی ژیان بە شاراوە و بەدوور لە چاوی خەڵکێک کە "بوونیان" بەتوندی بریندار کراوە، بنێژێت.

خەڵکێک کە بەرپرسیارانە لەتەنیشت بنەماڵەی ژینا وەستان و بەدروستترین شێوە ماتەمینی ئەو بنەماڵەیان بە ماتەمین و خۆپێشاندان گشتی دژی جنایتکاران گۆڕی. خەڵکێک کە دەیانزانی لەگەڵ دەزگایەکی سەرکوتکەر بەرەوروون، بەڵام هەر وەک دەیانوت "تا دەسەڵات[سەرکوتکەر] هەبێ، بەرخۆدان هەیە". خۆپێشاندانێک کە هەرچەندە بریندار و دەستبەسەری لێکەوتەوە. بەڵام ژنان و پیاوانی بەهەڵوێست بە ئازایەتی و گوتارێکی بەرپرسیارانە سەلماندیان، کوشتنی حکوومەتی ژینای کوشتنی هەموومانە ئەگەر بێدەنگ بین.

ئێستا کاتی ئەوەیە لەلای ژینا، بنەماڵەی ژینا، خەڵکی ئازای سەقز و سنە و کەرامەتی برینداربووی هەموو ژنان و پیاوانی کوردستان و ئێران بین و لە نارەزایەتی بەرامبەر جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی، کوشتنە بەردەوامە حکوومەتیەکان و سەرکوتی سەرەڕۆیانەی ژنان، لە مانگرتنی گشتی ٢٨ی گەلاوێژ پشتیوانی بکەین.

ناوەندی ژنانی کوردستانی ئێران، وێڕای پاڵپشتی لە مانگرتنی گشتی و یەکگرتووانەی ناوەندی هاوکاری حیزبە کوردستانییەکان، لە هەموو ڕێکخراو و ناوەندەکانی ژنان، حیزبە سیاسیەکان، کۆمەڵگای مەدەنی و خەڵکی کوردستان و ئێران داواکارە بە دەنگ ئەو مانگرتنە گشتییەوە بێن و بە یەکگرتوویەکی بێ وێنە کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر سیاسەتە دژەژنەکان و سەرکوتکەرەکان بەرەو دواوە بەرن و تووشی شکست بکەن.

**ناوەندی ژنانی کوردستانی ئێران**
**٢٧ خەرمانانی ١٤٠١– ١٨سێپتامبری ٢٠٢٢**
**قزرت٨٠رت٨٠**



# گردبوونەوەی ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات و ڕێکخراوەکانی ژنانی باشوور بۆ مەحکوومکردنی قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی

دوێنێ، سێشەممە، ٢٩ی خەرمانان یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پارکی ڕێحان لە شاری کۆیە بە ئامادە بوونی ئەندامانی یەکیەتی ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنانی باشوور بە سەرپەرەستیی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاکسیۆنێکی ئیعترازییان بەڕێوەبرد.

مەبەست لەو گرد بوونەوەیە پشتیوانی لە مانگرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها نارەزایەتی دەربڕین بۆ کوشتنی نادادپەروەرانەی ژینا و پاڵپشتی لە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.






# بەڕێوە چوونی ئاکسیونێک لەلایەن چاکوانانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ٢٤ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی کۆمەڵێک لە چالاکوانانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بۆ مەحکوم کردنی کوشتنی بە ئانقەستی ژینا ئەمینی پاڵپشتی لە نارەزایەتیەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو.

ئاکسیۆنەکە لە چەند برگەو پەیامی چالاکوانی لەوانە ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروەها پەیامی ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان و خوێندکارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پشتیوانی لە ژینا و نارەزایەتیەکانی کوردستانی ئێرانی لە خۆ گرتبوو.

شایانی باسە ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ئەندامانی حیزب و چالاکوانان بە و دروشمانە پشتیوانی ونارەزاتەتی خۆیان دەردەبڕی.







**ژینا پێشەنگی ژینە**
**هەوێنی ڕاپەڕینە**


**ئازادی ، سەربەستی**
**ئیتر بەسە ژێر دەستی**

**ئازادی ، ئازادی**
**ئیتر بەسە بێدادی**




Women
Democratic Women Union Of Kurdistan
No: 58 Date: SEPTAMBER2022




هێزی ئەمنی ئەم شارە
پشتیوانە لەم کارە


ئێمە هەموو
"ژینا"ین
بەرامبەر کوشتنی حکوومەتی ژینا ئەمینی
بێ دەنگ نابین!



